**بابەت : جوگرافیای گواستنەوە و بازرگانی**

**ماموستای وانە : ئەڤین علـــــــــی رحمان**

## -  چەمك  و زاراوەی جوگرافیای گواستنەوە :

**جوگرافیا** : بریتی یە لە ((زانستێکە وەسفی دیاردە سروشتی و مرۆییەکان دەکات وە وەباس لە چۆنیەتی دابەش بوونی دیاردەکانی سەر ڕووی زەوی و دواتر هەڵدەستی بە شیکردنەوە و خستنەڕووی گرفت و چارەسەریەکانی هەر دیاردەیەك )). ((علم التباين المكان))

**گواستنەوە**: سوڕی تاکەکان یان ووزە و شتو مەك و خزمەتگوزاریە کەوا لەلایەنی کەسانی کۆمەڵایەتیەوە ئەنجام دەدرێت بۆگەیشتن بەئامانجە کۆمەڵایەتیەکان.

**گواستنەوە** بریتی یە لە جوڵە و گواستنەوەی تاك و شت و مەکەکان لەشوێنیك بۆ شوێنیکی تر بەبەرکارهێنانی هۆکاری تایبەت لەماوەیەکی دیاریکراو و بەکەمترین هەوڵ.

یاخود دەتوانین بڵێین بریتییە لە چالاکیەکی ئابوری پشت دەبەسەتێت بە بنەمای جوڵەی شت و مەك و مرۆڤەکان لەشوێنێك بۆ شوێنیکی تر ئەمەش بۆ بڕینی دووریەکی دیاریکراو لەماوەیەکی زەمەنیدا ، هەروەها پشت بەچەندین ڕەگەز دەبەستێت ئەوانیش ، هۆکارەکانی گواستنەوە جیاجیاکان وەکو جوڵەی ماسولکەکانی مرۆڤ و ئاژەڵی گواستنەوە و کەشتی و ئتۆمبێل و شەمەندەفەر و فرۆکە ، لەکاتێکدا ئەو هۆکارانە جیاوازیەکی گەورەیان هەبوو لەڕووی کێش و قەبارە و وتوانا و خێرایی ئەوا لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر سیستەمێکی تەواو پێك دێنن لەو ڕەگەزانەش ئێرتکازیە ( **Infrastrucure** ) بۆ طواستنەوە وەکو ڕێگا و پرد و تۆنێل و وێستگە و فرۆکەخانەکان

## -  چەمکی نوێی جوگرافیای گوستنەوە : Transportation Geography

لقێکە لەلقەکانی جوگرافیایی ئابوری گرنگی دەدات بە دراسەکردنی دابەش بوونی شوێنی بۆ تۆڕەکانی گواستنەوە  لەگەڵ تایبەتمەندی و شێوازەکانیان بەگشت جۆرە جیاوازەکانی ئاستی یەکەی شوێنی لە پەیکەری هەرێمی هەروەها پێکهاتەی جۆری لە جووڵەی کالآ و تاکەکان وسەرمایەککان و زانیاری و بیرۆکەکان. یاخود لقێکی جوگرافیای ئابوریە و گرنگی  دەدات بە وەسف کردن و ڕوون کردنەوە و دابەش

بوونی تۆڕەکانی گـواسـتـنەوە و ئەو دیاردانەی کاریگـەریان هەیە لەسـەر گـواسـتـنەوە و جووڵەی گـواسـتـنەوە بەگـشـت شـێـواز و تایبـەتمـەندیەکانیەوە .

- ✓ هەروەها Ullman پێناسـەی جوگرافیایی گـواسـتـنەوەی کردووە بەوەی کـەوا بریتیە لە جووڵە یا کارلێـکـدرنی نێوان هەرێمـەکان کـەوا بۆ سـێ فاکـتـەر دەگـەڕێتەوە ئەوانیش : تواناى جووڵە و دەرفـەتی جیگـرەوە و یەکـخسـتن .
- ✓ لێرەدا دەتوانی بەکورتی پێناسـەی جوگرافیایی گـواسـتـنەوەبکـەوین بەوا کـەوا : یەکـێکـە لقە نوێکانی جوگرافیای مرۆیی –ئابوری و گرنگـی دان بە دابەش بوونی شـوێنی تۆڕەکانی گـواسـتـنەوە جیاجیاکان و تایبـەتمـەندیەکانیان وشـی کـردنەوەی شـێوازەکانیان , سـیسـتـەمـی گـواسـتـنەوە جۆراو جۆرەکان و کاریگـەریە شـوێنیەکـانیان و شـێوازی جووڵەی جیاواز بۆ تاك و کـالا و زانیاری و داهێنانەکان و سـەرچاوەی سـەرمایەکان .

- **ئەو بوارانەی جوگرافیایی گـواسـتـنەوە گرنگـی پێدەدات ئەمانەن :**




**یەکـەم / تۆڕەکانی گـواسـتنـەوە transport network:** پێویسـتـە سـەرەتا جیاوازی نێوان هەردوو چەمکـی ڕێگا و تۆر بزانین ئەویش ئەوەیە ڕێگا بریتیە لە هێڵێك وەسـتاوە و ناجولێت .بەڵام تۆڕ بریتیە لە کۆمەڵێك ڕێگای ڕێکـخراو لەشـێوەی گرێ کـۆمـەڵیك گـواسـتـنەوە ڕێکیان دەخات .جـوگـرافیا هـەول دەدات لە ڕێکـخسـتـنی شـوێنی تۆڕەکانی گـواسـتـنەوە لە ناوچەیەکـی دیاریکراو بکـۆڵێتەوە لە ڕێگـەی زانینن

پێکهاتەی شوێنی نێوان گرێ و ڕێگاکە ئەوەی کەوا تۆڕ دروست دەکات وە دراسەی ڕیگاوبان و جوولەی نێوان دوو گرێ یاخود هەر گرێیەك وەزیفە و کاری و پلەی پەیوەندی بە تەواوی بەشەکانی تری تۆڕەکان .

**دووەم/ وەسیلەکانی گواستنەوە transportation:** ئەمەش تەواوی گواستنەوەی ووشکای و ئاوی و ئاسمامی دەگرێتەوە وە زانیاری و بیرۆکەکانیش .جوگرافیا دراسەی گواستنەوە لەهەرێمێکی دیاری کراو دەکات لەڕووی دامەزراندن و تایبەتمەندی و ڕکابرەیەتی و پلەی تێکەڵبوونیان لە نێوانیان .

**سێیەم / جوولەی گواستنەوە transportation movement:** ئەمەش جوولەی تاك و کاڵاو پارە و بیرۆکە و پەیوەندی و تەزوو دەگرێتەوە گرنگی دەدات بە دەرکەوتەکانی شوێنی بۆ جوولەکردن لەڕووی سەرچاوەو کۆتاییەکەی , وە کاریگەری ئەو جوولەیە بە بڕی تێچووی زاڵ بوو لەسەر دووری نێوان دوو خاڵ , وە فاکتەری دووری بە گرنگترین فاکتەری جوگرافیای کاریگەر دادەنریت لەسەر قەبارەی جوولە .چونکە قەبارەی جوولە کەم دەکات بە زیادبوونی فاکتەری دووری کەلە کۆتایدا دەبێتە هۆی زیادبوونی تێچووی بەرهەم , بۆیە لێرەدا پێویستە پشت بە پێوانەی بڕی ببەستین لەکاتی دراسەکردنی شیکردنەوەی شوێنی بۆ جوولەی گواستنەوە لەڕێگەی نموزجی ڕاکێشان.

**چوارەم/ تێچووی گواستنەوە transportation cost:**

پێویستە لەسەر تویژەر لێرەدا لە جوگرافیای گواستنەوە جیاوزای نێوان کرێی گواستنەوە و تێووی گواستنەوە بکات کەوا ئەوی دووەم کرێی گواستنەوەیە بە وەسیلەکان , وە دڵنیایی لەسەر کاڵاکان , زەرەری گواستنەوە و هەڵگرتن و بەتاڵکردن , کرێی کرێکار هەر ڕەگەزێك تایبەت بە گەیاندنی کاڵاکە .وەسیلەی گواستنەوە کاریگەر دەبێت بە کۆمەڵێك هۆکار ئەوانیش : وەسیلەی گواستنەوەی بەردەست , بڕی کاڵای گویزراوە , سروشتی کاڵای گوێزراوە , تۆپۆگرافیای ئەو ناوچەی پێدا دەڕوات , سنوری سیاسی .

## - مێژووی پێشکەوتنی گواستنەوە :

جوگرافیناسە کۆنەکان هەر لەسەردەمی ئیغریقیەکان و رۆمان و عەرەبە مۆسڵمانەکان و سینیەکان گرنگیان بە گواستنەوە داوە ئەویش بە دیاریکردنی ڕێگای ووشکایی و ئاوی و ئاڕاستەی جوڵە بەگوێرەی دیاردە فەلەکی و کەشناسی و زەویی . زانای فەرەنسی ( Mar Tomme ) کەوا جوگرافیاای گواستنەوە بە بەشێکی گرنگی جوگرافیایی ئابوری هەژمار دەکرێت , هەرچەند گرنگی دان بەم چالاکیە لەبازنەیەکی فراوانتر دانرا ئەویش جوگرافیای ئابوری و کۆمەلایەتی و لقەکانی

گواستنەوە و پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و دانیشتوان و شار ، ئەمە جگە لەوانەی پەیوەستن بە ئابوری گواستنەوە و پەرەپێدان .

بۆیەکەم جار گرنگی دان بە جوگرافیای گواستنەوە سەری هەڵدا وەکو بابەتێکی سەربەخۆ لە سەرەتای دەیەی پێنجەمی لە سەدەی بیستەهەم لەلایەن جوگرافیناسانی ئەمریکی و ئەوروپییەکان بە تێپەر بوونی ساڵان جیابوونەوەی بەشی جوگرافیا لە زانکۆ جیاجیاکاندا ئەم بوارە گرنگی پێدراو لەسەر ئاستی بەکالۆریۆس و ماجستیر و دکتۆراه پسپۆری تایەبتەی بۆ کرایەوە ، گرنگی دانی ئەوەروپەکان بەم بابەتە بەهۆی جەنگی جهانی دووەم بوو کەوا زەرەرێکی زۆری بە گواستنەوە گەیاندبوو ، بەڵام ئەمریکیەکان گرنگیان پێدا بەهۆی ئەوەی زەیەکانیان تواناى هەبوو و بڵاوبوونەوەی سەنتەری ئابوری و دانیشتوان و هەروەها درێژبوونەوەی تۆڕەکانی گواستنە و نیشنگەکانیش بوو ، لەگەل زیادبوونی تۆری هێڵی ئاسمانی لەساڵی 1944 یەکەم کتێب تایبەت بە جوگرافیای گواستنەوە دەرکرا بەلام کتێبي عەرەبی ساڵی 1947 بوو یەکەم کتێبیان تایبەت بەم بوارە دەرکرد .

بەم شێوەیە دەقی جوگرافیایی وەسفی بەردەوام بوو بۆ مفرەداتەکانی چالاکی گواستنەوە بە گشت جۆەرکانیەوە لەگەڵ گرنگی دان بە خشتە و نەخشەکان لەلایەن زۆرێك لە نوسرەکان ، تاوەکو ساڵی 1960 نوسەران بەدوای بەکارهێنانی تێزی زانستی بۆ پسپۆری تر وەکو بیرکاری و ئامار و فیزیا بوون ، لەگەڵ هاتني ساڵی 1970جوگرافیای گواستنەوە هەڵسان بە بەکارهێنان و پێشکەوتني ئەو تێزانە لەوانەش (یاتس ، هاکیت-جورلی ، تاف) لەساڵانی 1968 و1969و1973 لەدوای یەکدا ، وە تێزەکانیان پەویوەست بوو بە شیکردنەوەی تۆڕیەکان ، بەڵام لە سەددەس کۆتاییای قەرنەی بیستەهەم و هاتني سەدەی بیست ویەك بەکارهێنانی شێوازی بڕی و هەستکردن لە دوورەوە و و بەرنامەی نوێی وەکو سیستەمی زانیاری جوگرافی بەشێوەیەکی فروان بەکراهاتن و ئەمەش بە ئاماجی شیکردنەوەی تۆرەکانی گواستنەوە و چاودێری کردنی پێشکەوتني و داهاتووی و پەیوەندی شوێني سروشتی و ئابوری و کۆمەلایەتی ، وەبەشداری کردنی لە پەرەپیدانی هەرێمە جیاجیاکان و پەرەپێدانی بەردەوام.

دەتوانی لە خوارەوە قۆناغەکانی پێشکەوتني گواستنەوە کورت بەکەینەوە ئەوانیش :

## 1- قۆناغی یەکەمی پێشکەوتني گواستنەوە :

ئاشکرایە مرۆڤ هەرلەسەرتاوە پشتی بەتوانا ئەندامیەکانی خۆی بەستوە بۆ جوڵەو و گواستنەوەی کاری ڕۆژانەی خۆی ، دواتر وورده وورده پشتی بە ئاژەڵی بارهەڵگری وەکو ئەسپ و ووشتر و سەگ و مەڕوماڵات و ئاسك بەستوە بۆ جی بەجێ کردنی کارەکانی ، بەمشێویەیە بەردەوام بوو تاوەکو دۆزینەوەی

چەرخ و پێشکەوتني بەکارهێنانی لە عەرەبانەکاندا کە بەهۆی ئاژەڵەوە ڕادەکێشران ،ئەمەش بۆماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بوو .عێراقیەکانیش یەکێك بوون لەبەکاهێنەرە هەرەکۆنەکانی ئەم جۆرە گواستنەوانە.

هەروەها مرۆڤ ئاوی بەرکارهێنا بۆ گواستنەوە و گەیاندن هەروەها دۆزینەوەی بەکارهێنانی هێزی هەڵمی ئاو بەیەکێك لە پێشکەوتنە هەرە گەورەکانی مرۆڤ دادەترێت لە مێژوودا ، کەوا بۆ هێڵی ئاسنین(شەمەندەفەر) ئەم هێزەی بەکار دەهێنا وهەروەها بۆ باخیرە و بەلەمەکانیش ، وەك زانراوە هێزی هەڵم لەبنەڕەتدا بەهۆی سوتانی خەڵوزی بەردیني بۆ گەرم کردنی ئاوەکە بەرهەم دەهێنرا .

دواتر پێشکەوتنەکان بەردەوام بوو لە گواستنەوەی ووشکایی و ئاوی لەڕێگەی بزوێنەرەکان ئەویش بەسوتاندنی ناوەوە بەپشت بەستن بە نەوتی خاو وەکو ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەری دیزل و فڕۆکە و بەلەمی جیاجیا ، ئەمەش پێویستی بە پێشکەوتنێکی گەورە و خێرا هەبوو لە دروستکردنی تۆڕی جیاجیای ڕێگاو بان و هێڵی ئاسنین و شستەکان و فڕۆکەخانەکان ، مرۆڤ توانی داهێنانی گەورە بکات لەم بوارەوە بەدرێژای مێژوو تواناکانی خۆی بەگەرخست بۆ دروستکردنی تۆرەکان و پرد و تونێل و شوستە و وێستگەی ووزە و شوێني چاکردنەوە و پێشەسازیەکان بەشێوەیەکی ئەندازەیی ، ئەمانەش گشتیان بوونە کەرتێکی ئابوری باش بۆ نەتەوەکانی جیهان و پێشکەوتنیان .

## 2- گواستنەو و شارستانیەتی عەرەبە موسڵمانەکان:

دیاردە سروشتیەکانی ڕووی زەوی لەبەشی ناوەڕاست و باشوری عێراق ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە دروستکردنی شارستانیەتی عێراقی کۆن ، زەوی لافاوی و خاکی شێدار و بووني ئاو لەو شوێنانە وایکرد خەڵکەکە پەیوەست بن بەو بەشە و بەرو ڕووبارەکان هەنگاو بنێن و شوێني مانەوەیان دروست بکەن ، ڕووباری دیجلە و فورات بەهۆی زۆری خۆراك ی سەرەکی بۆ دانیشتوانی عێراق کەبە سامانی ماسی ناسراوە هەرەلەکۆنەوە خەڵك لێ کۆبۆتەوە و ژیانی تێدا کردووە ئەمە جگ لەوەی بووني مەرجی پەیوەندی نێوان ناوچە جیاجیاکان و بەستنەوەیان بەبەشە فراوانەکانی ڕێگا ئاسان و نویەکانەوە ، ئەم بەستنەوەیەش دەرخستوە کەوا زۆربەی شارە کۆنەکان نزیك لێواری ئەو دوو ڕووبارە دامەزراون و دروست کراون ، سروشتی ناوچەکە وایکردووە رشێگای نوێ بەبێ بووني هیچ تێچوویەکی زۆر لەو شوێنانە دروست بکرێن و چابکرێنەوە بەتایبەتی ڕێگا ووشکایەکان ، ئەمانەش بوزونە هۆی بوژانەوەی بازرگانی و پێشکەوتني لە عێراقی کۆن ، وە گواستنەوەی ئاوی لەنێوان ئەو دوو ڕووبارە بەهەڵگرتني بارە قورسەکان و بەکراهێنانی ئەو ڕێگایە بەدرێژای ساڵ گرنگی ڕۆژلەدوای ڕشۆژ زیادی کرد . ڕشووبری فورات بەهۆی درێژی ئاوەڕۆکەی و و بەستنەوەی خاکی میزۆپۆتامیا بە هەرێمەکانی دوربەرییەوە ، و درێژبوونەوەی

لەبەشی باکور و باکوری ڕۆژئاوای تاوەکو نزیك ناچە چیاییەکانی لوبنای لەوکاتەدا عێراقیەکان کەرستەی سەرەتایی وەکو ددار و بەرد و کانزیان دۆزیەوە لەو شوێنانەدا ، وە سوڕانەوەی ڕووبارکە لەبەشی ڕۆژئاوای وادەکات دووری زەوی لەنێوان ئاوەڕۆکە و دەریایی ناوەڕاست کەم بکاتەوە بۆیە درێژبوونەوەی بۆتە حەلقەیەکی گەیاندنی نویٚ بۆ چالاکی بازرگانی لە دەریایی ناوەڕستدا ، وەهەروەها ڕووباری دیجلەو فورات سوودی لێبینراوە بۆ کەشتیوانی بەرەو کەنداوی عەرەبی و گەیشتن بە کەنارەکانی باشوری کیشوەری ئاسیا .

عێراقیە کۆنەکان بەشداریان کردووە لە پێشکەوتني گواستنەوەی ووشکاییدا بە داهێناني چەرخەکان ن دانیشتوانی (ورکاء) چەرخیان بەکراهێناوە بۆ گواستنەوە لە سنوری (3500) ساڵ پێش زاینەوە ، کەلە کتێبە مێژوویەکاندا ئەمەیان دووپات کردۆتەوە .کۆنترین عەربانەش چوارچەرخی بووە ئەمەش کەوا لە سەرچاوە مسماری و نا مسماریەکان باس کراوە ، پاش ماوەیەکی کورت لەدەرکەوتني عەربانەی چوار چەرخی دا عەربانەی دوو چەرخە پەیدا بوو ، کەبۆ گواستنەوەی شت و مەك و خەڵکی و جەنگ بەکاردەهات کەوا پەیکەرێکی گەورە و فراوان و قورسی هەبوو و وە چەرخەکانی تایبەتمەندی باشیان هەبووە ، هەروەها عەربانەی ئاهەنگیەکان و پاشا کەبەناوبانگترینیان عەرەبانەی اشور بانیبال بووە ، کەوا ئەم عەربەنایە بشێوەیەکی تایبەت دروستکراوە .

عەرەبکان پاش هاتني ئیسلام کەشتیوان دەریاییان گرنگی پێدا و پێشمەوتني بەخۆیەوە بیني ، کەبۆ بڵاوکردنەوەی نامە ئیسلامیەکان بەکاریان دەهێنا کەلە قورئانی پیرۆزدا 28 جار لە سورەتە جیاجیاکاندا باس لە دەریا و گەردون دەکات و دەتوانرێت سودی لیٚ ببینرێت و بەکرابهێنریت لەو ئایەتانەش کەوا خوای سبحانە وتعالى دەفەرمووی ( ولە الجوار المنشأت في البحر کالاعلام)) سورە الرحمن .ایە 24. . (ربکم الذي یزجي لکم الفلك في البحر لتبتغوا من فضلە انە کان بکم رحیما )) سورە الاسراء .ایە 66.

هەروەها عەرەبەکان رۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە هونەری گەڕانی کەشتیوانی ، زانیایان هەبوو لەسەر چۆنیەتی بەرشێکدرنی بەلەمەکان کەوا لە گەردەلولك و با بەهێزەکان دەیانپاراستن وەهەروەها پێبیني کرردنی هاتني ئەو گەردەلولانەیان دەزانی (خەملێنراو) وە ئەو شوێنانەی بۆی دەدەچن لەکاتی دابەزاندینان بۆیان هەورەها دراسەی ئاڕاستەی با و چەندین نەخشەی کەشتیوانیان داناوە ، وە بەشداریان کردووە لە رشاستکردنەوەی درێژی دەریایی ناوەڕاست کەوا لە دراسە ئیغریقیەکان درێژی زیاتریان دانابوو بۆ ئەم دەریایە کەوا لە 4 فراسخ زیاتربووە ((یەك فرسخ یەکسانە بە 3میل یاخود 4.8کم )) .هەوەها عەرەبەکان چەندین دیاردەی دەریایی وەکو هەڵکشان و داکشان و با و تەوژمە دەریایەکان ...هتدباس کردووە ، وە رۆلیان هەبوو لە دۆزینەوەی ڕێگای دەریایی لەوانەش ڕیگای (رأس رجاء الصالح) ئەویش کەوا

گەرشیدە (احمد بن ماجد السعدی ) لە نیوەی دووەمی سەدەی پازدەهەمی میلادی پێدا کەشت کردووە کەوا کتێبی (الفوائد فی ڕێول علم البحر والقواعد) نوسیوە کەوا زۆربەی زانیاری تیۆری و زانسیتەکان لەم کتێبەدا باسکراوە ، وە بەرزترین چالاکی عەرەبی ئیسلام لە گواستنەوەی ووشکای و ئاوی ) لەنێوان ساڵانی( 900- 1399م) بوو .

## 3- گواستنە وە و شارستانیەتە کۆنەکان :

لەکەناری دەریایی ناوەڕاستدا فینیقیەکان پێشکەوتنێکی زۆریان بەخۆوە بینی کەوا لەم ڕێگەیەوە گەیشتن بە ڕۆژئاوای ئەفریقیا و دوورگەی بەریتانی و دەریایی سور لەڕێی کەنداوی عەقەبە وە گەیشتنە هیندستان ، بەڵام ێینیەکان هەڵسان بە دروستکردنی تۆرشی رشیگا کەوا درێژیەکەی گەیشتە (3200)کم بۆ بەستنەوەی بەشەکانی چەندین ئیمپراتۆریەت. ئەو تۆڕانەش لەسێ خاڵی سەرەکی پێکهاتبوو ئەوانیش (سانفۆ و نانىك و شینك تو ) بوو . وە ڕێکخستنی ڕێگاکان لە ێین بەجۆرێك بوو پێن جۆری سەرەکی ڕێگا بوو ئەوانیش بۆ ئاژەڵ و و ڕێگای چەرخی بچوك و و چەرخی گەورە و وە ڕێگای یەك ئاراستە و پیادە بوو ، وەڕێگای فراوانیان هەبوو گەوا بۆ سێ چەرخ لەتەنیشت یەکەوە دەبوو ، وە ڕێگای العنبر یەکێکە لەڕێگا کۆنەکان لە ئەوروپا کەلە ماوەی نێوان (1900-300 پیچش زاین ) بەکارهاتووە ، کەوا لەم ڕێگەیەوە لە کەناری باکوری ئوڕاسیا ەوە گەیشتن بۆ کەناری دەریایی ناوەڕاست ، هەروەها چەندین ڕیگای کۆنی لە یۆنان و میێر و هیندا هەبووە .

سەبارەت بە تۆری ڕێگاو بانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانەکان لەرووی درێژی و ڕێکخستنەوە گەیشتە 8500کم وە ژمارەیان گەیشتە زیاتر لە 370 ڕێگا ، کەوا بەشێوەیەکی وورد دابەش کرابوو ، وە ئاراستەکانیان ڕێك بوو لەنیوان شارەکاندا هیچ بەربەستێکی سروشتی یاخود کوڵکێکی تایبەت ڕێگر نەبوو لەبەردەمیان ، ئەو ڕێگایانەیان لەنیو ناوچەی پێچو پێچی توند و دۆڵ و ئاوەڕۆی رووبار دروست دەکرد ، ئەمەش پێویستی بە یەندین پرد بوو کەوا ژمارەیان گەیشتە 293 پرد ، وە سیستەمێکی وورد بۆ ناردنی نامە (البرید) دروست کرد بەدرێژای مەملەکەتە فراوانەکەیان بۆیە وێستگەیان دروست کرد کەوا دووری نیوان هەریەکەیان لە 05-6)میل زیاتر نەبوو کەوا هەریەکەیان 40 ئەسپسورای بەردەوامی لێبوو ، بەهۆی ئەو وێستگانەوە گەشت کردن بە دووری 100 میل زۆر ئاسان بوو ، ئەو ڕێگایەنەش بەسەر ڕێگای سەربازی و ناوەخۆیی و گوندەکان تێدەپەرین ، لەبەناوبانگترین ڕێگای ڕۆمانەکان بەناوی ( apia road بوو درێژترین ڕیگا بوو لەوکات وە بۆ مەبەستی سەربازی و بازرگانی بەکرا دەهات کەوا بەناوی 0شای ڕێگاکان ) دەناسارا کەوا ئیمپراتووریەتی کلودیوس ساڵی 312 پێش زاین دروستیان کرد.

## - پاڵنەرەکانی گواستنەوە :

پاڵنەری ڕاستەقینەی گواستنەوە بەگشت جۆرەکانیەوە جیاوازە ئەمیش خۆی لە گرنگی جیاوازادا خۆی دەبینێتەوە ئەویش لە چالاکی مرۆیی ئابوریە ، لەوکاتەی گواستنەوە تێدا بناغەی سەرەکیە فۆکەس دەخاتە سەر هەر چالاکیەکی ئابوری ئەویش دروستکردنی ارتکازی دەنوێنێت بۆ گشت چالاکیە مرۆییەکانی تر .

### 1- پاڵنەری ئابوری گواستنەوە :

چالاکی ئابوری بەرلە دەرکەوتني ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر پشتی دەبەست بە گواستنەوەی دەریایی جیاجیا وە هەروەها هۆکارەکانی گواستنەوەی ووشکای کۆن وەکو گالیسکە کەوا ئەو هۆکارانە ئاست و ئاڕاستەی بەرهەم هێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی دیاری دەکرد ، ئەمە وەك ئاشکرایە پێشکەوتني بەردەوامی تەکنەلۆژیای گواستنەوە ئەم ئاڕاستە و ئاستانەی دەردەخست ، بەشێوەیەك خزمەتگوزار ی گواستنەوە بەجۆرێك پێشکەوتني بەخۆیەوە بیني چیتر ڕێگەرکانی بەردەم دروستکردنی پیشەسازی لەیەك شوێني دیاریکراو نەما کەوا بۆ گواستنەوە و دەسەلات و ڕکابەریەتی لەکاتی پڕۆسەکانی گواستنەوە لەکات و شوێني دیاریکراودا و تێچوو نەرمی بەشێوەیەکی گشتی نەما ، بەجۆرێك بەستنەوەی پیشەسازی بە شیوێنێکی دیارریکراو بەگوێرەی هۆکاری نیشتەجێبوونی وە بەهۆکاری تێچووی گواستنەو ی کەرستەی خاو بۆ بەرهەم هێناني تێووی گواستنەوەی بەرهەمەکە بوو ، هەروەها پێشکەوتني خێرای وەسیلەکانی گواستنەوە بەرەو کارئاسانی پرۆسەکانی گواستنەو و نەرمی و گۆڕانی تێوو و گۆڕانی دەست بەسەر داگرتني کەرستەی خاو بۆ دروستکردنی پیشەسازی و شوێنەکەی ، لەمەش زیاتر پیشەسازیەکان بەجۆرێك بنیات دەنرێت بەدرێژی ئارشاستەی ڕێگاکانی گواسنەوە و هێڵی ئاسنین دەبن وەکو پیشەسازیەکانی پترۆکیمیایی و کەرستەی خۆراکی پیشەسازی وەکو پیشەسازی شەکر و بەفر ، پرۆسەکانی دروستکردن و بازارکردنی بەرهەمی پیشەسازی بەیەکێك لەکەرتەکني ئابوری بەرهەم هێنان هەژماردەکرێت کەوا بەبەدەوام پێویستی پرۆسەی گواستنەوە دەبێت ، سەبارەت بە بەرهەمی کشتوکاڵیش بەستنەوەی بە گواستنەوە بەستنەویەکی زیندووە جا چ گواستنەوەی کەرستەی چیمەنتۆ و سەرچاوەی ووزە ی بزویچنەرکەان و ئامێرە جیاجیاکان و گواستنەوەی کرێکارەکان بێت ، یاخود گواستنەوەی بەرهەمی رووەکی و ئاژەڵی بێت لەوانەی کەوا زوو تێك دەچن بۆیە پێویستە بەڕێگای خێرا و بەزووترین کات بگوازرێنەوە جا چ ڕێگای ووشکای یا دەریایی یاخود ئاسمانی بێت ، فراوانی ڕووبەری کشتوکاڵی و بەرهەم هێنانی و دوور ڕۆیشتن بۆ وەبەرهێنانی زەوی کەوا توانای کشتوکاڵی هەیە پەیوەستە بە گواستنەوە و پێشکەوتنەکانی گواستنەو ولەڕووی جۆر و برەوە.

## 2- پاڵنەری دانیشتوان :

پرۆسەکانی گواستنەوە بەدرێژای مێژوو جیاوازن و کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر جووڵەی دانیشتوان لەرووی کۆچ کردن و جێگربوونیان و هەڵسانیان بە دروستکردنی نیشنگەکانی لادێی و شارنشینی ، وە ئاستی ڕۆشنبیری و دابەش بوونی دانیشتوان گرنگیەکی زۆری هەیە لەسەریان ، وە گواستنەوەی ئاوی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دروستکردنی شارستانیە کۆنەکان وەکو شارستانی وادی رافجین و میێر و هیند وێین . گواستنەوە هۆکارێکی سەرەکی بوو لە کۆبوونەوە و بلاوبوونەوەی ڕۆشنبیری جیهانی دا.

چالاکی گواستنەوە شوێنەواری ڕوونی هەبوو نەك تەنها بەسەر دابەش بوونی دانیشتوان بەڵکو بەسەر درێژبوونەوە نشینگە و قەبارەیان و شێوازی بلاوبونەوەیان و چالاکیەکانیان لەو نشینگانەی پێی هەڵدەستن جا چ چالاکی ئابوری یاخود خزمەتگوزاری بێت وە ئەم نشینگانە چ لادێی یاخود شارنشینی بوون .. هەروەها وەسیلەی گواستنەوە لەکتی بوونی پەرستگا یاخود هێلی ئاسننین هۆکرایك بوون بۆ ڕاکێشانی دانیشتوان و دروستکردنی چەندی نشینگە لەم شوێنانەدا, لەوەش زیاتر تۆڕەکانی گواستنەوەی شارنشینی و هەرێمی لە کیشوەرە جیاجیاکاندا لایەنێکی سەرەکی بوون لەوکاتەدا بۆ فراوان بوونی نشینگە و درێژبوونەوەیان بەشێوەی شەریتی بەدرێژای ڕیگاکان وەبەشێوەیەکی خێرال کەوا لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان و گەشەیان دەڕۆیشت و پێش دەکەوت ، وە شوێنە چڕەکانی دانیشتوان بەتایبەتی پایتەختە بەناوبانگەکانی جیهان لەسەر هێلی درێژی ڕیگاکانی گواستنەوە دروست بوونە بەدرێژای مێژوو لەمانەش شاری بەغدا و دیمشق و سمرقند لە ناوەڕاستی ئاسیا .

## 3- پاڵنەری ئاسایش و سەربازی :

چالاکی گواستنەوە بەگشت جۆرەکانیەوە و لەکاتێك بوونی یەك جۆر یان زیاتر لە سنوری سیاییدا یان ولاتێکدا بەگشت جۆرەکانی هۆرکارەکانی گواستنەوە گرنگی گەورەی ئابوری و کۆمەلایەتی و لایەنی سەربازی و سیاسەتی دەولەتیم یاخود چەندین دەولەتی هاوسێی یەك هەیە .

گواستنەوە بە یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی دەولەت دادەنرێت لەرشووی ئابوری و کۆمەلایەتیەوە ئەو بنەمایانەش لەپشت گرنگی گەورەی سیستەمی گواستنەو و پێشکەوتني و دروستکردنی ڕێگای نوێ و نۆژەنکردنەوەیان بەپێی پێشکەوتني تەکنەلۆژیای سەردەمیانە بۆ دروستکردنی تۆرەکانی گواستنەوە و هۆکارەکانی ، ڕەنگدانەوەی چالاکی گواستنەوە بەگوێرەی تێگەیشتني و ڕاکێشانی دەولەت و بلاوبوونەوەی دەسەلاتدارانی بەسەر تەواوی زەویەکانیان و ئاسانکاری بۆ کاری سەربازی و ئاسایشی و هەروەها جێگربوونی سیادەی نیشتمانی ز بەرگریکردنییان لەرێگەی بەستنەوەیان بەتەواوی هەرێمانی

دەوڵەت ئەگەر هاتوو بەتەواوی بەیەکەوە پەیوەست و بەستراو بوو وەکو جەوڵەتی عێراق یاخود بەدرێژای دوورگەکان وەکو چەندین دوورەگە لە یابان . بەم شێوەیە بەستنەوە و پەیوەستی لە نێوان دانیشتوان و و گەورەی هێزی دەوڵەت زیاد دەکات و گەشت ڕێگرەکانی ئەم بەستنانە نامێن وەکو ڕووبەرە ئاوی و بیابان و چیاکان ئەمە لەلایەك . لەلایەکی تر تۆڕەکانی گواستنە و هۆکرای زیادبوونی وەبەرهێنانی ئابوری لە گۆڕەپانی چاکردن و پیشەسازی و گۆڕێن و کشتوکاڵ و ئاسانکردنی کاری بدەست کەوتنی خزمەتگوزاری بۆ گەشت دانیشتوانی ووڵاَن جا چ لایەنی رۆشنبیری یاخود تەندروستی لەگەشت ناوچە جیاجیاکانی دەوڵەت بێت . ئاشکرایە زیادبوونی تۆرەکانی گواستنەوە دەبێتە هۆی زیادبوونی دەسەلاَتی مەرکەزی لەسەر خاکی دەوڵەت یاخود هەرێمەکە بەتایبەتی ئەو دەوڵەتانەی خاوەن ڕەگەز و کۆمەڵەی ناهاەتان وەکو کەنەدا و هیندستان .

## - ڕەگەزەکانی گواستنەوە: transport items

**ڕەگەزەکانی گواستنەوە لە چوار ڕەگەز پێك دێن ئەوانیش :**

**1- ڕێگا** **2- یەکەی بارهەڵگرتن**

**2- هێزی پاڵنان** **4- کۆتای جووڵەی گواستنەوە**

### 1 : ڕێگا : دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی :

### یەکەم / ڕێگای سروشتی :

ئەم جۆرەش هەرزانترین جۆری ڕێگایە . چونکە بەهۆی هێزی سروشتی بەبێ هیچ وەبەرهێنانێك دروست بووە . وە پێویستی بە هیچ سەرمایەك نیە بۆ چاکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی . وە هەرسێ جۆری ئاسمانی و دەریایی و ڕووباری هەیە .

وە باشترین جۆریش لەم سێ جۆری ڕێگایە رشێگای ئاسمانی و دەریایی یە لەکاتی بەکارهێنانیان بۆ گواستنەوە بەبەراورد بە ڕێگای ڕووباری . ئەوەش بەهۆی ئاسانی پەڕینەوە تێیاندا بەبێ ئەوەی پێویستیان بەهیچ گۆڕانێك هەبێت . بەلاَم ڕێگای ڕووباری لەگەڵ ئەوەی ڕێگەیەکی سروشتیە . زۆرجار دەبینین پێویستی بە سەرمایەکی زۆر هەیە بۆ چاکردن و گۆڕینیان بەمەبەستی فراوان کردن و قوڵ کردنیان بەرەو ئاوەرۆکان یاخود لابردنی یاخود خۆلادان لە چەمانەوە زۆرەکان . وە هەروەها پێویستی بە هەڵکەندنی نۆکەندی جیاجیا دەبێت بۆ بەستنەوەی ڕێگای ڕووباری بە ڕێگایەکی تر ڕووباری . یاخود درێژکردنەوەی ئەو ڕێگا ئاویە بەشوێنەی کەوا پێویستە و هیچ ڕێگایەکی تری گواستنەوەی ئاوی لێ نیە . ئەمەش وا دەکات ئەو ڕێگا ئاویە چەندین ئاراستەی هەبێت .

ڕێگا سروشتیەکان لەگەڵ ئەوەی بەشێوەیەك بۆ بەکارهێنانیان ئازادان بەڵام ملکەچی دەسەڵاتی باردۆخی سروشتی دەبێتەوە .

ڕێگای ئاسمانی ,لەگەڵ ئەوەی ڕێگایەکی کراوە و ئازادە ,بەڵام ملکەچی گۆرشانکاریە ئاوهەوایەکان دەبێتەوە ، وە فڕۆکەوانی و فرینی سەلامەت پێویستی بە یارمەتی گرنگ هەیە کەوا لە وێستگەی کەشناسیە جیاجیاکاندا پێی بگات و بزانێت ,کەوا بەجۆرێك پێشبینی ئاوهەوای لەناکاوی پێ دەدات ، وا دەکات ئاڕاستەکەی بگۆڕێت لە بەرزو نزمی فڕینەکەیدا ، یاخود وای لێدەکات ڕووبەرووی مەترسی گەورە نەبێتەوە بەرەو ئاڕاستەیەیکی تری ئاسمانی بچێت ، چونکە سیستەمی پاڵەپەستۆی هەوایی گستی ئاڕاسنەی دیاری فڕۆکەوانی دیار دەکات ، وە فڕۆکە نوێیەکانی ئەم سەردەمە دەتوانن بەرەو بەرزیەکی زۆر بفرن و توانای خۆلادنیانی زۆریان هەیە لە خاڵە لاوەزاکانی کۆندا هەبوو نەیان دەتوانی بەسەریاندا زاڵ ببن .

وە ڕێگای دەریایی کراوە بەشێوەیەکی تر ڕووبەرووی باردوۆخی کەشناسی دەبێتەوە ئەویش پەیوەستە بەپلەی پێکداداان بەگوێرەی هێزی گەردەلول و باکان دەگۆڕێت ئەمەش وادەکات ئاڕاستەکەی بگۆڕێت ڕووبەرووی زەرەرو زیان نەبێتەوە ، کەشتیوانی باکور ڕووبەرووی مەترسی بەستەڵەك و بەفر دەبوونەوە بەڵام ئەو مەترسیانە کەم بوونەوە لەئەنجامی بەکارهێنانی ڕادار و ئامێری تر لەم شوێنانەدا.

وە ڕێگای ڕووباری لەگەڵ ئەوەی ڕێگایەکی باش و سەلیمە بەڵام دەورە دراوە بە بانکەکانی ڕووبارەکان و ڕووبەرووی مەترسی دەبێتەوە وەکو بوونی لافاوی بەرز وهەڵکشان وداکشان وەرزی ئاستی ئاوی ڕووبارەکان یاخودپێکدادانەکان لەئەنجامی لافوە لەناوبەرەکان دەیهێنێت پێویستی بە گۆڕینی ئاڕاستەیان دەبێت .

**دووەم /ڕێگای دەستکرد :**

ئەمەش هەموو ئەو جۆرە ڕێگایانە دەگرێتەوە کەوا مرۆڤ دروستیان دەکات لەسەر ڕووی زەوی جا چ ڕێگای ووشکای یا ئاسنی یاخود کەناڵ و پرد و تونێلیکان بوو ,وە گواستنەوەی تایبەت وەکو تۆڕەکانی تەوژمی کارەبا و کێبل و گەیاندنی وایەرەکان و بۆری ئاو و گاز ونەوتیەکان .

ئاشکرایە ئەم جۆرە ڕێگایانەش پێویستی بە وەبەرهێنانی زۆر و سەرمایەی زۆرە لەکاتی دروست کردنیان وە بەردوام پێویستیان بە چاکردنەوە و و نۆژەنکردنەوە و گۆڕان هەیە ، بەتایبەتی ئەو ڕێگایانەی پاڵەپەستۆی زۆری هات و چۆ و گواستنەوەیان لەسەرە بۆ مەبەستی بازرگانی جیهانی لەکاتی ئێستاماندا .

پێویستە ڕێگا کۆنەکانی وەکو ڕێگای ڕۆمانەکان و پاشا کۆنەکان لەبیر نەکرێن وە ڕێگا چیایە گشتیەکان کەوا ئاڕاستە و چەمانەوەیان بەناوی (مدقاتی ئاژەڵ) ناسرابوو کەوا ڕێگاکان بەبەردەوامی

ئەو ڕێگایەنەیان دەبڕی ، کەوا خاڵی بوو لەهەموو جۆرە ڕووەکێك و بەشێوەیەکی هێڵی درێژی بەردەوام بوو ، لەهەمان کاتیشدا ڕێگایەکی سەلیم بوو وە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵکانی لێ بوو .

لەناوچە چیایەکانی کەوا بەرەو مدقاتی ئاژەڵی چیایی دەڕۆیشتن لەگشت جۆرەکانی بزن و مامز لێ بوو وەچەندین مەمەڕانی لێبوو ئەو زنجیرە چیایانەیان دەبڕی ،ئەم مدقاتانە وایان کرد مرۆڤ بەرزونزمیەکانی ناوچە چیاکان بناسێت لەگاتی گەشتکردن پێیاندا . دواتر مرۆڤ لەڕێگای دەشتایەکان بەپێ و سواری گالیسکەی ئاژەڵی ڕێگایان دۆزیەوە و دوا بەدوای ئەمانەش ڕیچگای هێڵی ئاسنین و ووشکای نوێ دۆزرایەوە و گواستنەوە پێشکەوت و هونەر و داهێنانی نوێ دوزرایەوە لە نیوەی چارەگگی ئەم سەدەیە ، توانرا دووریەکان کورت بکرێنەوە لەڕێگەی بڕینی چیاکان و دروستکردنی تۆنیەلەکان هەروەها سەرهەڵدانی بزوینەری ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەری خێرا لەم سەردەمەدا .

هەروەها دەتوانین بڵێین ڕۆمانەکان یەکەم کەس بوونە لە دروست کردنی پردە درێژ و بەرزەکان لەناوچەی دۆڵە فراوان و و دۆڵی ڕووبارەکان و دەشتەکاندا مرۆڤ توانیویەتی ئەم پرد و تۆنیلانە دروست بکات .واتە ڕێگا دەست کرنەکان و ڕێگای ئاسنین و ووشکای بە ڕووبەروو بوونەوەی سروشت بە لێدانی حفر و تونێل و دروست کردنی پرد و ڕێکخستني لێژیەکان دروست دەکران ، هەروەها کەناڵی کەتیوانی وایکردووە مرۆڤ پابەند بێت بە بارودۆخی سروشتی و هەندێك ڕێرەوی کۆنی بەکارنەهێنراو و و ئاوەڕۆی ڕووباری بچوك وە هەندیك جار پێویست دەکات ئاوی ڕووبارەکان بەرز بکرێنەوە بەشێوەیەکی کاتی بۆ هێلیی بەرز بۆ تێپەڕبوونی کەشتیوانیەکان ،وەئەم ڕێگە دەستکردانەش هەرچەندە مرۆڤ دروستی کردووە بەڵام کەوتۆتە ژێر کاریگەری بارودۆخە سروشتیەکانی گۆی زەوی وەکو :

بومەلەرزەی زەوی و قلێشانی زەوی لەم سەدانەی دویادا لەناوچە دیارەکان ڕوودەدات ،کەوا دەبێتە هۆی زەرەرێکی گەورە بەسەر ڕێگای ووشکایی و هێلێ ئاسنيني وە گشت هۆکارەکانی گواستنەوەی تایبەتی تر لە وایەر و بۆڕیەکاندا ، لەوناوچانەش وەکو ناوچەی باسیفیکی و چیای ئەلب و ئەنادۆڵ و قوقاز و ئیران و هیمالایا و تبت لە ئەندەلوسیا .

وە لە باردۆخە ئاوهەوایەکانیش کەواڕێگاکانی گواستنەوە ڕووبەروویان دەبنەوە بەشێوەیەکی ڕوون و زۆر لە جیهاندا بریتین لە ناوچەکانی گەردەلولی بەفر کەلە بەشی باکوری ناوچەی بەستەڵەك و چیاکانی ناوەڕاست و گەردەلولە لیەکان لەهەندێك کاتدا لەناوچە ووشکەکان دروست دەبێت ،وە بارانی وەرزی لە ناچەی بەشی سەروەی گۆی زەوی ،ئەمانە گشتیان هۆکارن و کاریگەریان لەسەر گواستنەوە و

ڕشێگری دروست دەکەن لەم ناوچەانەی ڕوودەدەن . هەروەها لافاوەکانیش بەشێوەی لەناکاو دروست دەبن و وێرانکاری بەدوای خۆیاندا دەهێنن و پرد و هێلی ئاسن و ڕێگاکان تێك دەشکێنن و لەناویان دەبات .

## 2 : یەکەی بارهەڵگرتن:

پێشکەوتنی گواستنەوە تەنها لە هۆکار و ووزەی جوڵاو و خێرای نەوەستا بەڵکو لە بڕی شت و مەکی گوازرەوش پێشکەوت وەهەروەها جۆری و یەکەی بارهەڵگرتن و و پلەی گشتی و تایبەتی لە گواستنەوەی خودی شت و مەکەکان وەیەکەم یەکەی بارهەڵگرتن مرۆڤ بوە دواتر ئاژەڵ ئینجا ئتۆمبیل بەشێوازی جیاواز لەڕووی هێزەوە تاوەکو ئەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆمان .

### ا- مرۆڤ وەکو وەسیلەیەکی یەکەی بارهەڵگرتن :

مرۆڤ هەرلەسەرتاوە هەڵساوە بەکاری گواستنەوە و خۆی گوجادووە لەگەڵ گشت بارودۆخێکی سروشتی هەرلە ناوچە چیایە پێشاو پێچەکان و دارستانی هێلی یەکسانی چڕ و .......هتد کەوا بارەکانی لەسەر سەری خۆی یاخود پشتی هەڵدەگرت و یاخود رای دەکیچشان و کاری گواستنەوەی ئەنجام دەدا ، دواتر هەندێك داهێنانی سادەی کرد وەکو بەستنە و حەبل و پشتێن و دروستکردنی لەوحی دار کارتۆن بە گەلای بەهێزکەوا دەیبەست لەپشتی و شانی و شتە قورسەکانی پێ هەڵدەگرت و دەیگواستەوە کەوا تاوەکو ئەمڕش ئەمانە بەکاردەهێنرێن لە زۆر ناوچەی جیهانی پێشکەوتوودا وەکو لەشارەکان مرۆڤ جانتای پێست و تۆری لە قوماش دروستکراو بۆ گشت شت و مەکە جیاکان لە بازڕ بۆ ماڵەوە هەڵدەگرن ، وەلە ناوچە دواکەوتوو و هەژارەکانیش بارەکان هەڵدەگرن بە کرێیەکی دیاریکراو لە وێستگەکانی شەمەندەفەر و وەستانی ئۆتۆمبیل لە شوێنە گشتیەکان وە لە فرۆکە خانەکان هەندێکیان عارەبانەی بار هەڵگر بەکاردەهێنن بۆ هەڵگرتنی کەڵ و پەل و گواستنەوەیان .

مرۆڤ بۆ هەڵگرتنی شتەکان تایبەتمەندیەکی گرنگی هەیە ئەویش ئەوەیە توانای هەڵگرتنی هەیە لە شوێنە لێژەکان و هاتنە خوارەوە و چوونە سەرەوە وە بۆ نزمترین ئاستی شوێنەکان و توانای زۆری مرۆڤەکان بۆ ئەم مەبەسەتە . وە مرۆڤ لەگشت جۆرەکانی تری یەکەی هەڵگرتن نەرمی زۆری هەیە لە جووڵەی ئاسۆیی کەوا دەتوانێت لە کۆگاکان و باڵەخانەکان بەشێوەی ئاسۆی شت و مەك بگوازێتەوە کەوا بۆ ئاژەڵ و ئامێری نوێی گواستنەوە ئەستەمە ، وە دەتوانێت لە ناوچەی پێچی ڕك بۆ ناوچەی سادە و ڕاست هات و چۆ بکات وەلە ناوەڕاستی دار و درەخت و دەشت و لم گواستنەوە ئەنجام بدات .

## ب – ئاژەڵ وەکو یەکەی بارهەڵگرتن :

بەرلە هەزاران ساڵ مرۆڤ ئاژەڵی بەکارهێناوە وەکو یەکەیەکی بارهەڵگرتن . ئەو تایبەتمەندیەی لە ئاژەڵ دۆزیەوە و کاریگەریکی گەورەی هەبوو لەسەر گواستنەو و خێرایی وهەڵگرتنەوە . وە بیری ڕاکێشانی ئاژەڵ بۆ عەرەبانەکان بەکارهێنا وە و شت و مەکی خۆی و کاری ڕۆژانەی پێ ڕایی دەکرد .

وە ئاژەڵ وەکو مرۆڤ نەرمیەکی هەیە کەوا پێویستی بە ڕێگایەکی دیاری کراو نیە بۆ ڕۆیشتن ، وە دەتوانێت بەشێوەی ئاسۆیی بڕوات بەپێی ئەو بارودۆخەی دێتە بەردەمی . وەلە ناوچە بەستەڵەکەکان جگە لە سەگ و (الرنه) ناتوانێت بڕوات و بار هەڵبگرێت وە دەبێت بەکارهێنایان بۆ هەڵگرتني شت و مەك دیاریکراو بێت بەگوێرەی پێکهاتەی لەشیان و توانایان بێت ، وە لەنە ناوچە بیابانیەکان ووشتری عەرەبی زۆرترین بەکراهێنانی و توانای هەیە ، بەڵام لەناوچە بەردەڵانەکان زۆر بە ئەستەمی دەتوانێت بڕوات بەهۆی سەختی ناوچەکان وەکو چیایی تبستی و دۆڵی حجاز و دۆڵەکانی تر لە بیابانی گەورەدا ، وە ووشتری بەکتیری لە ناوچە بیابانە زۆر ساردەکان و بەردەڵانە سەختەکان لە ناوەڕاستی ئاسیا و دۆڵی ئیران و ئەفغانستان و منغۆلیا توانای خۆ گونجاندنێکی باشیان هەیە لەم ناوچانەدا وە توانای ڕاکێشانی گالیسکەیان هەیە بەڵام ئەمە کارێکی دەگمەن و شازە بەتایبەتی لە ناوچەی ئەفریقی عەربیە ووشکەکاندا

هەرچی ئاژەڵی ئەسپ و گوێ درێژ و هێستر ئەمانە ئاژەڵی تایبەت نین بەناوچەیەکی دیاریکراو بەڵام لە ناوچەی زۆر سارد یاخود گەرم ناگونجێن و ناتوانن بژین ، ئەم سێ جۆرە ئاژەڵە توانایەکی باشی هەب=ڵگرتن و ڕاکێشانیان هەیە لەناوچە سەخت و لێژەکاندا وە ئەسپ خێرایەکی بەرزی هەیە بۆ ڕۆیشتن .

ئاژەڵی چێل و گامێش وەکو بارهەڵگرێك بەکار دەهێنرێن بەڵام بۆ ڕاکێشان کەم بەکاردێن لە ناوچە مەداریە شێدارەکان و کشتوکاڵیەکان بەگشتی . وەلەبەشی باشوو ر و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئاژەڵی فیل بەکاردێنن بۆ هەڵگرتني کەسەکان و بۆ ڕاکێشانی شت و مەکە قورسەکان و درەختە بڕاوەکان بەکاردێنن وە فیلی ئەفریقیش بەڵام بەدەگمەن لە دارستانی کونغۆ بەکاردەهێنرێن .

توانای ئاژەڵ بۆ هەڵگرتني کەل و پەل زیاترە لە مرۆڤ بەهۆی ئەوەی لەسەر چوار پەل دەوەستێت کە بەهۆیەوە جێگرتر دەوەستێت لەسەر زەوی . لەهەمان کاتدا خێرایی ڕویشتني ئاژەڵ بەگوێرەی پێکهاتەی لەشیەتی وە هەڵگرتني بارەکە دیاری دەکات بەپێی سروشتی ئەو زەویەی لەسەری دەڕوات ئەمە جگە لەسەختی و لێژی و کاریگەری ئاوهەوا لەسەر یان هەیە . وە مرۆڤ توانای هەبوو داهێنان

بكات و بۆ توانایی هەڵگرتني بار لە ئاژەڵ و زیادکردنی بار لە پشتی ئاژەڵان بەشێوەیەکی جێگر بەگشت جۆرە جیاجیاکان .

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنە گەورەی لە گواستنەوە هەیە ، تەنها بەکارهێنانی ئاژەڵ تاوەکو ئێستا باوە و بەکاردێت لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا ، ئەمە جگە لەوەی زۆربەی ناوچە کشتوکاڵیەکان لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان ئاژەڵ بەکاردێنن ، وە بۆ سواریش بەکاردێن ، وە بۆ ڕاکێشانی گالیسکە و عارەبانە بۆ گواستنەوەی ماوە درێژە دیاریکراوەکان لەگشت جـــــــــــــــیهاندا .

## ج- گالیسکە وەکو یەکەی بارهەڵگرتن :

هەرلەگەڵ دۆزینەوەی مرۆڤ بۆ چەرخ شۆرشی ڕاستەقینە سەری هەڵدا لە جیهانی گواستنەوە و بازرگانی ، وە عارەبانەی داری بچوك بە چوار چەرخی بەکاریان دەهێنا دواتر بەرەبەرە ئەو عەربانە پێشکەوت و باری قورسیان پێ دەگوازتەوە و ئاژەڵی زیاتریان بۆ ڕاکێشان بەکاردەهێنا .

وە عەربانەی دار بە گشت جۆرەکانیەوە لە سەرتاوە تاوەکو گۆڕانی بۆ عەرەبانەی لیموزونی فاخر بۆ گواستنەوەی تاکەکان بەکراهاتووە ، وە عەرەبانەی پاشای زێڕی و وعەرەبانەی مانەوە کەوا ئەوروپیەکان دروستیان کرد بۆ گەڕان بە گشت ناوچەکانی جیهان کە زۆرترین وەسیلەی گواستنەوە بەکارهاتووە بەدرێژایی مێژوو ، جۆری ئەو گالیسکانە لە کۆندا بەووزەی ئاژەڵ دەجولان وە پێویستی بە ڕێگایەکی تایبەت نەبوو بۆ ئەوەی لەسەری بڕوات ، بەڵام بوونی ڕێگای باش وای دەکرد گالیسکەکان بەخێرایی بڕون بەبێ بوونی کێشە و گرفت بەجۆرێك خێرایەکەیان دەگەیشتە 15 تا 18 کم لە سەعاتێکدا, کاری گەیشتن و گەشت و پرۆسەی کۆچی تاك و کۆمەڵی ئاسان کرد ، وە هێڵی ڕێکخراو بۆ ئەم جۆرە گالیسکانە دروست کرا بەرلە داهێنانی وەسیلەی میکانیکی نوێ ، بوارێکی فراواونی بۆ ئەم گالیسکانە و مرۆڤڕەخسا بوو کەل و پەلیان لە شوێني بەرهەمهێنان بۆ باار یاخود بۆ شوێني هەناردەکردن دەبرد .

وەئەم جۆرە گالیسکانە یارمەتی دەر بوو بۆ پێشکەوتني چەندین جۆری هونەری پیشەی وەکو دارتاشی و ئاسنگەری و کەل و پەلی تر .بە کورتی دەتوانین بڵێن دروستکردنی گالیسکەی ئاژەڵی لە واقیعدا هۆکارێك بوو بۆ دروستکردنی ئۆتۆمبیل و شەمەندەفەر لەکاتی ئێستاماندا ، باشترین نمونەش **دترویت** گەورەترین پیشەسازی ئۆتۆمبیلی تێدایە لەکاتی ئیستادا کەوا لە پێشووتر گەورەترین ناوچەی دروست کردنی گالیسکەی ئەسپی ئمریکی بوو لە سەدەی پێشوودا . بۆیە دەبینین دروستکردنی پیشەسازی ئۆتۆمبیل کاریگەر بوو بەشێوەی دروستکردنی گالیسکەکان ، کەوا گالیسکەکان بە ووزەی نوێ کاریان دەکرد لە جیاتی ووزەی ئاژەڵی ، وە وێستگەیان دروستکرد بۆ گۆڕینی ئاژەڵ و حەوانەوەیان و چاکردنی

گالیسکەکان و چەرخەکن و گۆڕینی حدوەی ئەسپ ، بەم شێوەیە دواتر ئەو وێستگانە بۆ سەنتەری ئاوەدانی گۆڕان و گەشەیان کرد  بۆ شاری چالاك و ئابوری و بازرگانی و شوێنی جوگرافی گرنگ .

تاوەکو ئێستاش گالیسکە بە ناوچە لادێیەکان بەکاردێت ، وە هاتە ناو مۆزەخانەی شارستانی مرۆیی دوای داهێنانی ئۆتۆمبیل پاش ماوەیەکی کەم ، وە بیر و ڕای جیاواز هەیە لەبارەی داهێنانی ئۆتۆمبێل ،بەڵام لەسەر ئەوە کۆکن یەکەم سەرکەوتن لەسەر دەستی (جوتلیب دیملارەی )ئەڵمانی بوو لەساڵی 1887 بوو ،بەڵام بۆ یەکەم جار لەساڵی 1920 ئۆتۆمبیل هاتە گۆڕەپانی گواستنەوە لە ناوچەی دترویتی ئەمریکی بوو .

بەم شێوەیە ژمارەی ئۆتۆمبێل زیادی کردوو و کارلێکی لەگەڵ تۆڕەکانی ڕێگاوبان کرد ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە گەورەکردنی قەبارەی ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و شەحن لە پرۆسەکانی گواستنەوەی کەسەکان و شت و مەکەکان ، وە پێشکەوتنی نوێ بوە هۆی گەشە و زیادبوونی ژمارەی ئۆتۆمبیلی شەحن و گەورەبوونی قەبارەیان لە 3 تەن بۆ 70 تەنەوە ، و لەهەمان کاتدا وە هۆکاری خێرای ئۆتۆمبیل یەکێك بوو لە نوێکاریەکانی بزوێنەری ئەو ئۆتۆمبیلانە بەجۆرێك ناوەندی خێرایی ئەو شاحنانە گەیشتە 60 کم لەیەك کاتژمێردا . وە هەڵگرتنی نوێی و  ووزەی بزوێنەرەکان زیادی کرد چەندین پێوەر بە پێوەری و بەراورد بە گالیسکەی ئاژەڵەکان ، بوە یارمەتیدەرێك بۆ گۆڕینی قولای شێوازی و هاتنی بازرگانی نوێ .

**د- یەکەی بارهەڵگری نا زەمینی :**

ئەمەش  بارهەڵگری ئاوی (ڕووباری و دەریایی )لەکۆن و ئێستادا دەگرێتەوە کەوا بارێکی زۆریان لە مرۆڤ ە حیوان و شت و مەك هەڵدەگرت و دەگواستەوە کەوا بڕی 10 هەزار تەن و زیاتر وە هەندێك هەڵگری پترۆل دەگەیشتە 300 هەزار تەن ) . گواستنەوەی ئاوی جیایە لە گواستنەوەی وشکاییەکان ئەوەش بەهۆی ئەوەی هەردەم بەستراوەتەوە بە پانتایە ئاوییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ . مرۆڤیش هەندێك گۆڕانکاری لە پانتایی ئاوی کردووە بە هەڵکەلندنی نۆکەندی کەشتی کەوا بەرەوە ناو ناخی پانتاییە ئاویەکان چووە کەوا کەم کەناڵانەش گرنگی زۆریان هەبوو لە ئاڕاستەی بازرگانی و دەریای جیهانی وەکو نۆکەندی سویس و پەنەما و کیل .

وە گواستنەوەی ئاوبی لەکاتی ئێستاادا بەلەسەرخۆترین هۆکاری گواستنەوە دادەنرێت بەڵام لە ڕابردوو (کەشتی شراع ) خێراتربوو لە گالیسکەی ئاژەڵی .

دروست کردنی فڕۆکە دوای داهێنانی لەلایەن الاخوان رایت لەساڵی 1903 وەکو یەکەیەکی بارهەڵگری کەسەکان و شت و مەکەکان کەوا بە خێرایی و هۆکاری گواستنەوە لە جیهان دادەنرێت ، بەڵام تیچووی زۆرە و قەبارەی بچوکترە بەبەراورد بە شەمەندەفەر و کەشتی گەوەرەکان .

وە ئازادی لە کەشتی ئاسمانی بێ ئەوەی ڕێگری هەوایی هەبێت . بەڵام کاری گواستنەوەی کەم پێ دەکرێت چونکە ئاڕاستەی لەنێوان دوو خاڵی سەرەکی دەبێت لەنێوان هەلسان و دابەزینی دا ئەمەش خزمەت بەو نێوەندە ناکات کەوا پێیدا دەڕوات وەك ئەوەی کەشتی و شەمەندەفەرەکان لەسەر زەوی دەەیکەن .

بەڵام ئەو نوێکاریانەی لە قەبارەی فڕۆکە و خێرایی پێویستی جیهان بەو خێرایە لە گواستنەوە وایکردووە گرنگی فرۆکە زیاتر بووە بۆ گواستنەوەی تاکەکان .

**3: هێزی پاڵنان :** ئەمەش بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش دەبێت :

**ا– هێزی پاڵنانی بایەلۆجی زیندوو :**

**ب – هێزی پاڵنانی سروشتی**

**ج – هێزی پاڵنانی میکانیکی**

بەم شێوەیە هێزی پاڵنانی بایلۆجی بۆ دوو لق دابەش دەبێت ئەوانیش : هێزی ماسولکەی مرۆڤ و هێزی ماسولکەی ئاژەڵ . بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کەوا ئەم خێزانە سنوردارن بۆ ووزەی زیندوویان ناتوانرێت زیاتر بکرێت ، تەنها لە هەندێك کاتدا مرۆڤ توانیویەتی ئەم هێزە زیاد بکات و شتی قورس ڕابکێشت بەبەستنەوەی بە گوریسێك و ڕاکێشانی ئەم گوریسە لەلایەن کەسێکی زیاترەوە یاخود چەند ئاژەڵێکەوە ، وەلەکاتی گالیسکەی ئاژەڵی دەتوانرێت لە 12 ئاژەڵ بۆ ڕاکێشانی گالیسکە و بارەکە ڕابکێشن بۆ ئەوەی خێرای و توانای هەڵگرتني زیاتر بێت .

بەڵام هێزی پاڵنەری سروشتی واتە بەکارهێنانی پاڵنانی ئاو لە ڕووبارەکان بۆ ڕویشتني کەشتی و بەلەمەکان ، وەبەکارهێنانی با بۆ ڕۆیشتني دەریاوانی لە ڕووبار و دەریاکان ، ئەمانەش هەردووکیان ووزەکەانسان دیاری کراو نین وە دوورن لە دەسلاتی مرۆڤەکان بەسەریاندا لەڕووی ماوە و هێزەوە .وەئەم هێزە سورشتیانە لە گرنگترین بەکارهێنانەکانی ووزە بوونە بۆ کاری گواستنەوەی گەورە لەرووی قەبارەوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا .

وە کۆتا هێزی پاڵنەریش هێز ی میکانیکیە ئەوەیش دەستی پێکرد بە بەکارهێنانی هەڵمی ئاو وە بە ژووری سوتانی ناوەوە (ماتۆر) کۆتای هاتووە . وەئەمەش هێزێکی سنوراد نیە تەنها بە تایبەتمەندی ئالیەتی بەکراهێنانی ووزەی لەشی جولاو بۆ پاڵەپەستۆ و هاوسەنگی ، وە ئەمەش بووە گرنگترین هێزی پاڵنانی لە جیهانی گواستنەوەی نوێ لەجیهان لە شەمەندەفەر بۆ ئۆتۆمبێل بۆ کەشتی و فرۆکە ،جا چ بە سووتەمەنی دار یاخود خەڵوز یان پترڕڵ و جۆرە جیاوازەکانی یا کارەبا بێت ، وە تێچوونی ڕاستەقینە و و مەودای ئاسایش بۆ هەڵگرانی کەسەکان و شت و مەکەکان ناتوانرێت بزانرێت و دیاری بکرێت .

## 4 :كۆتایی جووڵەی گواستنەوە :

هەموو ڕێگایەكی ووشكایی و ئاوی و ئاسمانی سەرەتا و كۆتایی هەیە . بەڵام سەرەتا و كۆتایی بەگوێرەی هۆكارەكانی گواستنەوە بەجۆرێك وا راستترە ناوی بنێنن بە كۆتایی هێڵی كەشتیوانی یاخود هێڵی ئاسنین یا فڕۆكە . وە تەنها سەرتاكان دەستنیشان كراوان بۆ سەرنشینان و شت و مەكەكان .

وە كۆتایی ڕێگاكان لە كاتی ئێستادا بۆتە گرنگترین ڕەگەزی گواستنەوە چونكە لەوێدا گواستنەوەی شت و مەكەكان و سەرنشیان كۆتایی دێت . بۆنمونە بەندەری (میناء) دەریاكان بە هێڵی كۆتایی كەشتیوانی دادەنرێن وەلەهەمان كاتدا ئەو بەندەرە كۆتایی هێڵی ئاسنین یاخود هرێگای ووشكاییە ،ئەمەش وا دەكات كارەكە زۆر ئاڵۆز بێت وە بەندەری ئاسمانیی لە ناوچەیەكدا كۆتایی هێڵی كەشتیوانی ئاسمانیە . ئەمەش لەزۆربەی بەندەركان بەم شێوەیە وەكو : ئەسكندریە و بیروت و مرسیلیا و ئەستەنبۆڵ و ناهیك لەلەندن و نیورك و تۆكیو .....هتد

بۆیە كۆتایی ڕێگاكان بریتین لە سەرتای ڕێگاكان لە جۆرێكی تر وەبە پێچەوانەوەش راستە . وەئەو قەرەباڵغیەی شوێنیەی كۆتایی هێڵەكان یەكێكە لە تایبەتمەندیە پێویستیەكانی گواستنەوەی نوێ . ئەمەش كەمترە بەبەراورد لە ڕابردوو . وە ئەو مەترسایەنەی لە ئەنجامی ئەو قەرەباڵغیە ی كۆتایی ڕیگاكان لە هەندێك خاڵی دیاركراوە بە شێوەی ڕێژەیی لە شارەكانی جیهان. وە دابەش نەبوونی ئەو قەرەباڵغیانە بەسەر خاڵێك زیاتر . وا دەكات ببێتە هۆی خنكانی ئەو كۆتا ڕێگایانە لە جولّو ببێتە هۆی دروست بوونی كێشەكان و لەسەرەخۆ دابەش كردنی شت و مەكەك و سەرنشنیان و بە كاتێكی زۆر و درەنگ كەوتنیان و ە تێك چوونی هەندێك لە كەل و پەلەكان و یاخود بزربونیان . ئەمەش لەدەست دانی مادی و كەل و پەلەكانە و خراپ بوونی سمعەی ئەو كۆتا ڕێگایانەیە لە شوێنەكە .

بۆیە پلان دانانی گواستنەوە و گەیاندن كارێكی هەنوكەی و پێویستە بۆ دابەش بوونی كۆتایی ڕێگاكان بەشێویەك قەرەباڵغی و دروست بوونی كێشە و عجز ڕەچاو بكرێت و كەم بكرێتەوە لەرێگەی ئەو پلانانە بۆیە بۆ ڕێگای تر دەگوڕێت بەشێوەیەكی پلە پلە . وە داەش بوونی ڕێگاكان دابەش بوونێكی دادپەروەرانە بێت لە رووی چالاكی و هۆكرای گواستنە و بازرگانی و كرێكارەكان لە زۆربەی شارەكاندا . وا دەكات ئەو جیاوازیە زۆرەی ئابوریەیە هەیە كەم ببێتەوەلە نێوان یەك شاردا و لەگەڵ شارەكانی تردا لە یەك ناوچە یاخود لەنێو یەك دەوڵەتدا . وە هۆكاری كۆچیش كەم دەبێتوە لەسەر حسابی شارێكی تر وە هۆكاری دروست بوونی كێشەی تری كۆمەلایەتی و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری لە ئەنجامی تەوژمی كۆچ دروست دەبێت لەو شوێنەدا .

## - گرنگی گواستنەوە : The importance of transportation

ئاشکرایە گواستنەوە گرنگی زۆری هەیە لەژیانی هەرتاکێك و پێشکەوتني کۆمەڵگاکان ئەوەش بەهۆی بەستنەوەی پرۆسەی گواستنەوە بە هۆکارە جیاجیاکان چالاکی ئابوری و ئاوەدانی و کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانی لە ناوەوەی هەر نشینگەیەکی مرۆیی شارستانی و لادێی دا وە لەنێو هەرێم و دەوڵەتان و کیشورەکانی جیهانیشدا .

پرۆسەکانی گواستنەوە لە پشت دۆزینەوەی زۆرێك لە چالاکیەکانن وە یارمەتی دەرن لە فراوان بوون و پێشکەوتنەکان لەرووی بڕ و جۆرەوە . لەگەل پێشکەوتني ئابوری و شارستانی بۆ مرۆڤ گرنگی گواستنەوە رۆژ لە دوای رۆژ زیادی کردووە کەوا لەگەڵ ژمارەی دانیشتوان و فرواوان بوونی چالاکیەکان بەشێوەیەکی نا چاوەڕوان کراو دەروات بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ لە جیهاندا .وەگرنگی گواستنەوەی جولەی مرۆڤ و ژیانی ئابوری و کۆمەلایەتی لەم دوو خالەی خوراەوە دەردەکەوێت :

1- گواستنەوە جوڵەی تاك و شت ومەکەکان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر دەبات ، وەلە مێژوودا دەوڵەتانی ئابوری دەوڵەمەند و هێزی سەربازی نەتەوەکان بەستراوەتەوە بەشێوەیەکی گەورە بە ئاسانی گواستنەوەی شتومەکەکان وەك کەرستە سروشتیە جیاجیاکان و دواتر ئەنجامدانی چالاکی بازرگانی جۆراو جۆر و وکشتوکاڵ کردن و پیشەسازی کردن ئەمانەش بەستراونەتەوە بە کەرستە سروشتیەکانی وەکو دار و سەرچاوەی ووزە و خوێی خۆراك ......هتد .

2- گواستنەوە پەیوەندیەکی شوێني پێشگەوتووی بەگشت ژیانی دانشتوانەوە هەیە لەڕووی ئابوری و کۆمەلایەتی و شوێني نیشتەجێ بوون و گوازرەوەکانیان ، وە هۆکارە بۆ زیادبوونی پێشکەوتني ئابوری و کۆمەلایەتی و شارستانی لەنێو نەتەوە جیاجیاکاندا . بەجۆرێك چالاکی گواستنەوە دەبەسترێتەوە بە ژمارەیەکی گەورە لە دانیشتوتن لە گشت جیهاندا وە کەرتی ئابوری ژیانی گرنگی دروست کردووە ، بەشێوەیەك بە رێژەی کرێکاران لە کرێکارانی گشتی لە هەندێك دەوڵەتی ئەوروپی و ئەمریکی (1-11%) دروست کردووە . بەم شێوەیە گواستنەوە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فروان بوونی نشینگەکانی لادێی و شارستانی کەوای کرددوە شوێنیا درێژبیێتوە بە درێژایی ئاڕاستەی گواستنەوە ی ووشکایی و رووباری و دەریایی یەکان.

## - شێوازەکانی گواستنەوە و تایبەتمەندیەکانیان:Transport patterns

لەمەوەپێش باسمان کر مەبەست لە گواستنەوە کەوا جوگرافیای گواستنەوە بەدوای دەگەڕێت و بریتی یە لە (چالاکیەکی گواستنەوەی دەرەکی لەنێو شارەکان و دەرەوەی شارەکان لەڕێگەی تۆرە جیاجیاکانی گواستنەوە ) .وەمەبەست لە سیستەمی گواستنەوە بریتیە لە (گشت شێوازەکان یاخود جۆرەکانی گواستنەوە جیاجیاکان ,وەکو سیستەمی گواستنەوەی سەرنشینان یاخود سیستەمی گواستنەوەی شتومەکەکان و کەتێیدا تۆری گواستنەوەی هێڵی ئاسنین و هێلی ئاوی و ئاسمانی و تۆری گواستنەوە دەگرێتەوە .

گواستنەوە بەوە دەناسریت کەوا لەسەر بنەمانی (هۆکارەکانی گواستنەوەی بەکارهاتوو )ە لەوانەش هۆکارە جێگرەکان وەکو (هێلی ئاسنین و ڕێگابان و فرۆکەخانەکان و بەندەرەکان) وە هۆکارە جوڵاوەکان وەکو ( هۆکاری گواستنەوەی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و فرۆکە وکەشتی).

### هێڵکاری شێوازەکان (جۆرەکانی )گواستنەوە



لەخوارەوە باس لە شێوازەکانی گواستنەوە دەکەین کەوا ئەوانیش بریتین لە :

1- گواستنەوەی ووشکایی

2- گواستنەوەی ئاویی

3- گواستنەوەی ئاسمانی

## 1- گواستنەوەی ووشکایی Ground Transportation

گواستنەوەی ووشکای بریتیە لەو جۆرەی مرۆڤ پشتی پێ بەستووە هەرلە سەرتای بوونی لەسەر زەوی بە بەکارهێنانی توانای ماسولکەکان بۆ گواستنەوەی خودی خۆیان و گواستنەوەی شتومەکەکان لەگشت جۆرە ژینگە جیاجیاکاندا, دواتر وەك باسمان کرد ئاژەڵی بەکارهێنا بۆ گواستنەوەی شتەکان بەگوێرەی سروشتی ژینگەکان جاج بیابانە گەرمەکان یاخود ساردەکان یا دەشت و دوڵ و چیاکان بێت ، ئەمەش دوای ئەوەی گالیسکە و عارەبانەی دروست کرد ئەمەش بوە هۆی ئەوەی ڕێگاکان دروست بکرێن کەوا بە (مدقاتی ئاژەڵ ) دەناسرا ,ئەم ڕێگایانەش درێژەبوونەوە لە لەنێو کیشوەرەکاندا وەکو ڕێگای حەریر لەنێوان ێین لە ڕۆژهەلات و ئەوروپا لە ڕۆژئاوا ، دواتر پشتیان بەست بە شەمەندەفەر و ئۆتۆمبیلەکان وایکرد کیشوەرکانی جیهان چەندین تۆری ئاڵۆزی لە ڕێگای ووشکایی جیاجیا بەشگت جۆەرکانی لەخۆ بگرێت و بەیەکتری ببەستێتەوە ئەوانیش :

### 1 – ڕێگای قیرتاوەکان :

ئەو پێشکەوتنەی ڕوویدا لە بەکارهێنانی چەرخ و گالیسکە پێویستی بە پرۆسەی خۆئامادەکردنی گۆڕینی ئاراستە جیاجیاکان بوو ,لەگەڵ پێشکەوتني میکانکی پیشەسازی چەرخ و گالیسەکەکان پێویستی بۆ دروستکردنی ڕێگای خۆڵی و بەردی بوو دواتر ڕێگای قیرتاو و کۆنکرێت بەم شێوەیە بەردەوام بوو ئەندازەی ڕێگابان و هونەری دروستکردنیان بەگوێرەی پێوانەی قەبارەی هاتو چوی ڕاستەقینەی و داهاتوو ، ئەمەش تاوەکو هاتني سەدەی بیستەم بەردەوام بوو تاوەکو هاتني پیشەسازی ئۆتۆمبێل ئەمە وایکرد جۆری ڕێگاکان دیاریکراو بێت لەگەڵ نیشانەکان و ئاسانکاریەکانی ,وە زیادبوونی چواڕیان و پرد و تۆنێل و خاڵی بەتاڵکردن و بەستنەوەیان بەیەکتری .

ڕێگا قیرتاوەکان بەگوێرەی چەندین پێوەری جیاواز پۆلین کراون لەنێوان دەوڵەتەکاندا ,هەرچەندە پۆلینی سەرەکی بەگوێرەی بنەمای مۆرفۆلۆجی دەبێت کەوا باوترینینانە لەجیهاندا ,ئەمەش پشت بە پێوەری خێرای دیزاین کردنی ڕێگا و ژمارەی ئاراستە و ڕارەوەکان وەهەروەها میکانیزمی دروستکردنی و قیرتاوکردنی وتەواو بوونی و ڕادەی نەزاهەی ڕێگاکە کەبە ژینگەی سروشتیەکە تێدەپەڕێت ئەمە جگە

لەئاسانكاریەكانی خزمەتگوزاری ڕێگاكان لەوانەش بەنزینخانەكان و شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەكان و دار و درەختەكان وەهەروەها  توانای ڕێگاكە و شێوازی ڕەسیف و نیشانەكانی هات و چۆ . وە ڕێگای قیرتاو بەم شێوەی خوارەوە پۆلین دەكرێت :

## 1- ڕێگای خێرا: high ways

ئەم ڕێگایانە ڕاستەخۆ لەسالآنی سیەكانی سەدەی بیستەهەم دروستكران لەلایەن هەریەك لەووڵاتانی ئەڵمانیا و ئیتالیاو  usa ، دواتر دەوڵەتانی تر هەڵسان بەدروست كردنیان وەكو ووڵاتی فەرەنسا لەگەڵ هاتنی سالآنی شەستەكان 1960 وە كەنەدا وبەریتانیا ویابان و ڕوسیا و ئوسترالیا ، تایبەتمەندیەكانی ئەم ڕێگایانە بەوە دەناسرێن لە ووزەی دیزاین كردن و كاركردنی زۆر بەرزە وە پردە هەڵواسراوەكان و ڕیگا لاوەكیەكان هێلی ئاسنین و تۆنێل وپەڕینەوەی ئاو لەگەڵ ئاراستەی ئەم ڕێگایەنەدا جیا نابێتەوە و واتە گشت ئەمانە لە ڕێگا خێراكان بەرچاو دەكەوێت ، هەروەها بە پەرژین و سیستەمی تایبەت ئامادەكرون كەوا نابنە ڕێگر لەبەردەم جووڵەی گوستنەوەی خێرای ئۆتۆمبێلەكان ، وەبەدوو ئاراتەی هاتوو و ڕۆیشتو لەیەكتر جیادەكرێنەوە وە بە پەرژینی كۆنكرێتی بەبەرزی یەك مەتر لەیەكتر جیادەكرێنەوە .هەر ئاڕاستەیەك (4-6) ڕارەوی پلە پلەی خێرایی هەیە لەگەڵ ڕارەوێكی خزمەتگوزاری بۆ فریاكەوتن ، كەوا توانای وەرگرتنی لەنیوان (3000-6000) ئۆتۆمبێل لە یەك كاتژمێردا هەیە ، بەخێرای زیاتر لە (140كم/كاتژمێر)  بۆ ماوە درێژەكان كەوا دەبێتە هۆی ئابوری لەماوەی گەشتكردنەكە و  هەروەها داهاتی سووتەمەنی بەكاربردووش .

یەكێك لە تایبەتمەندیەكانی ڕێگای خێرا وا دەكات دەوڵەتە ئابوری بەهێزەكان و سەرمایەدارەكان زیاتر هەڵسن بە دروستكردنی و درێژكردنی ئەم ڕێگایانە ، وە هەوڵی جیهانی هەیە بۆ بەستنەوەی كیشوەرەكان بەیەكتر لەڕێگەی ئەم تۆرانەوە بەتایبەتی لەنیوان ئاسیا و ئەوروپا ,وەلەنیوان ئەمریكای باكور و ناوەڕاست و باشور ,وە ئەم ڕێگایانە بەناوی جیاجیا ناو دەبرێن بۆنموونە لە ئەڵمانیا بە ( Autoban)  لە فەرەنسا (Autorot) و لە ئیتاڵیا (Autostrade) و بریتانیا (Autorway) وە بە ڕێگەی نێودەوڵەتی   دەناسرێت (Expres Ways) ,وە لە UKبە ( High Ways) دەناسرێن.

زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بەتایبەتی دەوڵەتە پێشكەوتووەكان هەڵساون بە دروست كردنی ئەم ڕێگایانە ,لەساڵی 2021 درێژترین ڕێگای خێرا كەوتۆتە پێنج لە ووڵاتانی جیهان ئەوانیش :

1- وویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا كەوا شارەكانی كەناری ڕۆژهەلآت بۆ شارەكانی كەناری ڕۆژئاوا دەگات)

2- ئوستراليا درێژترین ڕێگای خێرا بەپلەی دووەم دێت  زۆربەی وولاتانی کیشوەرکە بەیەکتر دەبەستێتەوە کەوا زۆربەی پایتەختی ویلاتەکانە .

3- وولاّتی رووسیا بە پلەی سێیەم دێت لەم جۆرە ڕێگایە بە سیبیریا تێدەپەرێت بەزۆربەی بەشکانی وولاّتەکە درێژبۆتەوە لە شاری سان بیتیر سیورغ بۆ شاری فلادیفوستوك درێژ دەبێتەوە

4- کەنەدا لە پلەی چوارەمدایە لە ڕێگای خێرا کەوا بە هەر 10 بەشەکانی ئەو وولّلاّتە دەروات و درێژ بۆتەوە بۆ کەناری ڕۆژهەلاّتی لە زەرای ئەتلّەسی .

5- کۆتا وولاّت لە ڕێگای خێرا وولاّتی یینە لە توݘیان درێژبۆتەوە لە سانیا کۆتایی دێت .

سەبارەت بە وولاّتی عێراق  نمونەی ڕێگای خێرای هەیە ئەویش لەنێوان سنوری (سوریا/ئوردن -عێراق ) هەیە لە ڕۆژئاوا وە سنوری عێراقی -کوێتی لەباشوور بە درێژی 1200کم کەوا لەسالاّنی هەشتاکانی سەدەی بیستەم دروستکراوە .

## 2- ڕێگای سەرەکی: main ways

ئەو ڕێگایەش شارە سەرەکی و پایتەخت و هەرێمەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە ، کەڕێگای تیشتمانی یە لەناو یەك دەولّەتدا ، چەندین تایبەتمەندی ئەندازیاری هەیە لەوانەش  شەقامی دوو ئاڕاستە بەبوونی ناوەندێك و هەر ئاڕستەیەکیش (سایەد) ڕێرەو لەخۆ دەگرێت ،وە خێرایی دیزاینکردنی و کارکردنی بۆ ئۆتۆمبێل دەگاتە (120کم/کاتژمێر) وە گشت جۆرەکانی بارهەلّگر و ئۆتۆمبیلی پێدا هات و چۆ دەکات

## 3- ڕێگای لاوەکی: sub ways

ئەم ڕێگایەش  شار و لادێکان بەیەکتر دەبەستێتەوە لەلایەك وەلەلایەکگی تر ڕێگا سەرەکیەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە ، وەبە وە جیادەکرێتەوە یەك ئاڕاستەیە(سایەد) بۆ ڕۆیشتن و هاتن زۆرەبەی ئەم ڕێگایانە بە خێرایی کەمتر لە (100کم/کاتژمێر) ە.

4- **ڕێگای لادێی و ناوەخۆیی :** ئەم ڕێگایانە  دابەش کراون بۆ ڕێگای سەرەکی و لاوەکی وەبە شوێنی بەرهەمی کشتوکالّی و پیشەسازی و سەنتەری خزمەتگوزاریە جیاجیاکان و گشت تۆڕەکانی گواستنەوە بەستراون ، وە بەکاردێت بۆ گواستنەوەی ناوەخۆی بۆ چالاکیە ئابوری و کۆمەلاّیەتیە جیاجیاکان .

## 5- ڕێگە بەستراوەکان :

ئەم ڕێگایانەیە کەوا ڕێگای سەرەکیەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە لەلایەك وەلەلایەکی تر سەنتەری دانیشتوان و ئابوریەکان بەیەکتر دەبەستێتەوە .

## 2- هێلی ئاسنین : noun track

ڕۆمانەکان بەیەکەم کەس دادەنرێت لەبەکارهێنانی دووهیلی (شریت)هاوتەریب بۆ ڕاکێشانی گالیسکەکان ، وە هێزی ڕاکێشانەکەیان پشتی دەبەست بە توانا و کاری ماسولکەی مرۆڤەکە دواتر ئاژەڵەکانی گواستنەوە ، کەوا شریتی ڕاکیشانەکان لە بەرد پێك هاتبوو بەدوو ئاراستەی یەکسان (هاوتەریب) وبەهەمان دووری (درێژی وپانی )لەنێوان چەرخەکانادا بەڵام لەسەدەی پازدەهەم (1400-1499) زاینی ئەو بەردانە گۆڕان بۆ لەوحی داری کەوا یارمەتی یەك ئەسپی دەدا بە ڕاکێشانی زیاتر لە 40 گالیسکە ، دوای ئەوە شریتە داریەکان بە مادەی کانزایی داپۆشران . ولەساڵی 1820ز ئەو شریتانە بە شریتی ئاسني پۆڵا گۆڕا کەوا دواتر بە هێڵی ئاسنین ناوبرا ( Rail Ways ) بەم شێوەیە پێشکەوتن بەردەوام بوو لە چاکردن و باشکردنی پرۆسەی گواستنەوە ئەمەش بە گۆڕیني ئاژەڵەکان بە ئامێری نوێیی ڕاکێشان و هەڵگرتن کەوا بە ووزی هەڵمی کاری دەکر ئەویش بە گەرم کردنی ئاو لەرێگەی سووتانی خەڵوزی بەردی ،یەکەم ئامێریش ( ئامێری هەڵمی ) ساڵی 1769 دروستکرا و بەکارهات لە ناوچەی وێلز/بەریتانیا بە خێرایی 5کم/کاتژمێر بوو .

بەکارهێنانی هێزی هەڵمی یارمەتی دا بۆ زیادکردنی قەبارە و کێشی شت ومەکە گوازراوەکان و دووری شوێنەکان و وەبە خێرایەکی زیاتر ، وە بەکارهێنانی هێلیی ئاسنین بۆ گواستنەوەی سەرنشینان ساڵی 1825 لە ناوچەی نیوکاسل /بریتانیا بەدرێژی 15 کم بوو کەوا یەکەم هێلی ئاسنینە لەجیهان . وە هێلی جیهانی تریش دروستکرا لەهەریەك لە وڵاتانی فەرەنسا 1832 و بەلجیکا 1839 و ئەڵمانیا 1840 و ڕووسیا 1851 ، وەلەساڵی 1869 هێلی ئاسنین لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دروستکرا ، وەلە ووڵاتی مێر ساڵی 1852 بۆیەکەم جار هێڵی ئاسني دروستکرا وەیەکەم ووڵاتی عەرەبی بوو لە بەرکارهێنانی شەمەندەفەر ، وەلەساڵی 1870 لە یبابان بۆ یەکەم جار هێڵی ئاسني دروستکرا

لەگەڵ هاتني سەدەی بیستەم کەرستەی خاوی نەوت دەرکەوت و ووردە ووردە بەکارهێنانی ئامێری هەڵمی گۆڕا بۆ بەکارهێنانی ئامێری دیزل ، کەوا ئەو پێشکەوتنەش ساڵی 1903 ڕوویدا لەگەڵ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبای .بەڵام هەندێك لەووڵاتان وەکو یابان ئەمە پێچەوانە بوو هێلی ئاسني زیاتر

بەكارهێنا و تێكڕای خێرای دەگەیشتە 185 كم/كاتژمێر لە شاری تۆكیۆ و ئوزاكا .وە لەگەڵ هاتنی ساڵی 2010 ێینیەكان هێڵێی ئاسنینیان بۆ شەمەندەفەری كارەبایی دروست كر كەوا بەجۆرێك تێكڕایی خێرایەكەی دەگەیشتە 300كم/كاتژمێر ، ئەم شەمەندەفەرانەش ناوەخۆیی یاخود نیشتمانی یاخود هەرێمی بێت ، وە (جۆری شەمەندەفەر و پێشكەوتنی تەكنەلۆژیایی پیشەسازی تێكلەڵ بوونی ئاڕاستەی هێلی ئاسنین و ئاڕاستەی هاتن وچوون )پێشكەوتوو .جا چ بۆ گواستنەوەی شت و مەك یاخود بۆ گواستنەوەی سەرنشینان بێت ، وە شەمەندەفەری دەوروبەر و مۆتێل و مترۆ لەناو شارەكان پێشكەوت .

بەگوێرەی دروست كردن و پێشكەوتنەكان چەندین فاكتەر هەیە كەوای كرد جیاوازی لە درێژی و پێوانەی هێڵی ئاسنی وەرنگدانەوەی لەسەر چڕی و بلاوبوونەوە وە هەروەها جیاوازی لە توانای كراكردن و كاریگەری لەسەر ئابوری دانیشتوان و چالاكیەكانیان هەبێت ، بەگشت دەتوانین تێبینی پۆلینە سەرەكیەكانی هێلی ئاسنین لەجیهان بەم شێوەی خوارەوە بكەین :

## 1- هێڵی ئاسنینی تێپەریوو بەنێو كیشوەرەكان :

هێڵی ئەم پۆلینە درێژ جەبێتەوە لەنێوان یەك كیشور یاخود دوو كیشوەردا وە دەوڵەتە ڕووبەر فراوانەكان لەخۆ دەگرێت ، وەگرنگی زۆری هەیە بۆ گواستنەوەی شتومەك و سەرنشیان بۆ دووری زیاتر لە هەزار كیلومەتر .وە كات و توانا و تێووی شەحنی شتومەك دەگەڕێنێتەوە لەنیو كیشوەرەكان ، لەنمونەی ئەم جۆرەش :

ا- هێڵی ئاسنین كەنەدی لەنێوان مینای فانكوفر لەسەر زەریایی هێمن و شاری مونتریال لە ڕۆژهەڵات .

ب- هێڵی نێوان مینای سیاتیل لەسەر زەریایی هیمن لەڕۆژئاوا و مینایی نیورك لەسەر زەریایی ئەتڵەسی لە ڕۆژهەلات ، كە لە كاتی ئێستادا هەزاران لە حاویەی شتومەك لەنێوان ئەوروپا وئاسیا و ئەمرێكا دەگوازێتەوە .

ج- هێڵی ئاسنی (یورو ستار) لە ئەوروپا بە پاریس دواتر لەندەن دەڕوات بە تۆنێلی دەریایی مانش تێدەپەڕێت كەوا دوورگەی بەریتانیا و ئەورپا لەیەكتر جیا دەكاتەوە

د- پرۆژەی هێلی تێپەریوو بە كیشوەرەكان لە جێبەجێ كردن دایە لەنێوان باشوری ڕۆژهەلاتی كیشوەری ئاسیا بەرەو ئەورپا كەوا لە سەنغافورە /كەمبۆدیا/ڤێتنام / تایلند/ ێین -هند دەست پێ دەكات و بە ئیران ودواتر بە توركیا تێ پەڕدەبێت ئینجا بەرەو دەوڵەناتی ناوەڕاست و ڕۆژئاوای ئەوروپا .

## 2- هێڵی ئاسنینی چڕ (جاڵجاڵۆکەیی ):

ئەمەش هێڵە ئاسنیە چڕیە بەرزەکان لەخۆ دەگرێت وەبە هێڵی ئاسنیني جاڵجاڵۆکەیە دەناسرێت چونکە لقی زۆرە و بەرەو سەنتەرەکانی دانیشتوان وئابوری دەچێت . وە بەشێوەی ئاسۆی و ستونی یەکتر دەبڕن . وەلە دەوڵەتانی باکوری هند و فرنسا و لجیکا و بەرزایل هەیە واتە لەو دەوڵەتانی چڕی دانیشتوان و چالاکی ئابوریان زۆرە .

## 3- بۆریەکانی گواستنەوە : Transport pipes

بۆریەکانی گواستنەوە بە یەکێك لە گەورەترین پێشکەوتن لەبورای گواستنەوەی کەرستە شلی و گازیەکان هەژمار دەکرێت لەواتیش ئاوی ئاوێری و خواردنەوە و سەرچاوەی ووزە وەکو نەوتی خاو و گیراوەکانی و گازی سروشتی . وە گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی بەبۆریەکان بەمانەی خوراەوە جیا دەکرێتەوە :

أ- کەمی تێچووی دروستکردن و پێوانەیی بە بڕینی ڕیگای قیرتاو و هێلی ئاسنین .

ب- زۆری تێچووی چاکردنەوە .

ج- کەمی تێچووی گواستنەوەی کەرستەکان بەبەراورد کردن بە گواستنەوە بەهۆکارەکانی تر .

د- توانای زیادکرنی پاڵەپەستۆی ووزەکان تا بەرزترین.

هـ - توانای گواستنەوەی بڕێگی زۆری لە شلی و گازی هەیە .

و- قەرەبووکردنەوەی ئەو دەوڵەتانەی هیچ کەنارێکی ئاوی وبەندەرێکیان نیە یاخود گوجاو نین بۆ گواستنەوەی ئەو کەرستانە بەرێگەی کەشتیوانی وەکو عێراق .

پرۆسە ی گواستنەوەی بۆری بە پیشەسازی نەوت و گازی سروشتی بەستراوەتەوە لە ساڵی 1865 لەوکاتەی یەکەم هێلی بۆرشی بۆ گواستنەوەی نەوتی خاو لە ویلایەتی بنسلڤانیا لە USA ، وەلە ساڵی 1900 درێی ئەو هێڵە گەیشتە 30 هەزار کیلومەتر ، دوارت لەزۆربەی کیشوەرکان بەکارهێنانی بڵاوبوەوە کەوا درێژی ئەو هێڵانە دەگەیشتە هەزران کیلۆمەتر لەوانەش گواستنەوەی نەوتی خاو لەنیوان عێراق و بەندەری هەناردەکردنی کەنارەکانی کەنداوی عەرەبی و دەریایی ناوەراست . وە بۆری گواستنەوەی گازی سروشتی ڕووسی بۆ زۆربەی ووڵاتانی ئەوروپای ناوەڕاست و ڕۆژئاوا وە هێلی گواستنەوەی نەوت و گاز لەنێوان ئیران و تورکیا ، تورکیا و ئازربینجان وەلەنێوان ئیران وپاکستان وە ڕووسیا و ێین لە بواری جێ بەجێ کردن دایە .

### 4- وایەرەکانی گواستنەوەی ووزە Transport wires:

گواستنەوەی ووزەی کارەبای لە وێستگەی بەرهەمهێنانی گەرمی یاخود گازی یا ئاوی یا ناوکی دەگرێتەوە بۆ سەنتەری بەکاربردنیان بۆ ماوەیەکی درێژ کەوا دەوڵەتان وکیشوەرکان دەبڕێت ، گرنگیەکی زۆری هەیە ئەم جۆرەی گواستنەوانە ئەویش تیووی کەمە کەوا گواستنەوەی سەرچاوە پێویستیەکان بۆ ئەنجامدانی گشت چالاکیە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان ئەنجام دەدات جا چ بۆ بەرهەم هێنان یان بەکاربردن بێت ، جگە لە زیاتر بەهێزکردنی پەیوەندی و یارمەتی دانی ئابوری و سیاسی لەنێوان دەوڵەتانی نزیك و دوور .

ئەنجامی بڵاو بوونەوەی تۆڕەکانی ووزەی کارەبای (خاوەن ڤۆڵتیە بەرزەکان) پرۆسەی هەناردەکردنی ووزەی کارەبای دەستی پێ کرد ئەو دەوڵەتانەی ئەم ووزەیان زیاتر بوو لە پێداویستیەکانی خۆیان ، ئەمەش لەرێگەی تەککنەلۆژیایی بەستنەوە لە سنوری نێوان تۆڕەکانی هەردوو دەوڵەتی نزیك لەیەکتر واتە هاوسێ وە پەرینەوەی بۆدەوڵەتەکەی تر بەم تەکنەلۆژیاوە وەکو حاڵەتی بەستنەوەی کارەبا لەنێوان کەندا و ئەمریکای باکور وەلەنێوان تورکیا و عیراق و ئیران و سوریا .

## دووەم : گواستنەوەی ئاوی Water Transportation:

### 1-گواستنەوەی ڕووباری River Transport

بەهۆی ئەوەی مرۆڤ هەر لەکۆنەوە شوێني نیشتەجێبوونیان لە نزیك لێواری ڕووبارەکان و پانتایە ئاویەکان دروستکردووە ئەمەش بەمەبەستی دابین کردنی ئاوی خواردنەوەی ڕۆژانەی خۆی لە ڕووبار و لقەکانی . ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کۆنترین شارستانیەتی مرۆیی لەنزیك ڕووباری نیل و ودیجلە و فورات و سەند و هند و دۆڵی زەرد لەیین . وە مرۆڤ لەو شوێنانە بەردوام ژیاوە و هەوڵی پێشکەوتني و هۆکرای گواستنەوە لە ڕووبارەکان بەپشت بەستن بەدەستەکانی ، دواتر با وەکو هێزێکی پاڵنان لەوباری جووڵە ئینجا گەیشتن بە ووزەی هەڵمی و دواتریش ووزەی نەوت ،.ئەمانە گشتیان بوە هۆکاری زیادبوونی بارەکان و دروستکردنی هۆکاری گواستنەوەی ئاوی وەکو بەلەم و کەشتی گەورە و پەرینەوە بۆ شوێني دوورتر بەردەوام بوو .

کەشتیوانی ڕووباری سەرکەوتوو پشت دەبەستێت بەچەندین هۆکار ئەوانیش :

**ا – هۆکاری سروشتی:**

لەوانەش سروشتی پێکهاتەی جیولوجی زەوی ئەو ناوچەیەی ڕووبارەکای پێدا تێپەر دەبێت وە خێرای لەبەر ڕۆیشتنی ئاوەڕۆکان ، وە پلەی لێژی و قەبارەی داهاتی ئاو کەلە ئەنجامی بڕی داباریین لە مەجرای رشووبارە و جۆگەلەکانی دەبارێت .

**ب- هۆکاری مرۆیی :**

ئەمەش گشت دەستێوەردانەکانی مرۆڤ لە جۆگەکانی ڕووبار دەگرێتەوە لەوانەش : دروستکردنی بەست بۆ دابەش کردنی ئاوی ڕووبارەکان بۆ لقەکانی تر . کەوا ئاستی و قوڵی بۆ کەشتیوانی لاواز دەکات ، دانانی ڕێرەو و پەرینەوەی تایبەت (هویس) بۆ گواستنەوەی پارچەی کەشتیەکان لە ئاستی ئاو بۆ ئاستی ئاوێکی تر وەکو هویس لەسەر ڕووباری نیل وە لەسەر ڕووباری دیلجە لەسەر بەستی کوت . وە پەیوەندی نێوان ئەو دەوڵەتانەی بەم ڕووبارە دەڕوات کاریگەری باش و خراپی لەسەر چالاکی کەشتیوانیەکان دەبێت ، وە کەنارەکانی ڕووبار ڕۆڵی هەیە لە چالاکیەکان وەکو دابین کردنی ڕووبەر بۆ هەڵگرتن و بەتاڵ کردنی شت و مەکەن .

گواستنەوەی ڕووباری سوودی زۆرە لەوانەش : کەمی تێچوون لەکاتی دروستکردنی بەندەرەکانی گواستنەوە بەراورد بە گواستنەوەی ووشکایی وەکو هێڵی ئاسنین و ڕێگای قیرتاوکراو ، وەکەمی تێوونی بەکارهێنانی سەرچاوەی ووزە ، وە کەمی تێچووی گواستنەوەی شت و مەکەکان کەوا گواستنەوەی یەك تەن لە گواستنەوەی ووشکایی بەئۆتۆمبێل یەکسانە بە یچووی دە ئەوەندەی گواستنەوە ئاویەکان. بۆیە گواستنەوەی ڕووباری گونجاوە بۆ گواستنەوەی ئەو کەرستە و شت و مەکانەی تێك ناچن وە بۆماوەیەکی درێژتر وەکو ئاسن و بەردو دار .

بەڵام خراپیەکانی گواستنەوە بە ڕووبارەکان ئەوەیە کەوا خێراییان کەمترە بەراورد بە هۆکارەکانی گواستنەوەی تر ، وە ڕووبەری ڕێگرە سروشتیەکان دەبێتەوە وەکو تاڤگەکان و دروستکراوە مرۆییەکان وەکو بەست و بەنداوەکانی گواستنەوە . ئەمانە وادەکەن گواستنەوەی ڕووباری سنوردار بێت و گشت دەوڵەتێك نەتوانی ڕووبارەکان بۆ گواستنەوە بەکار بهێنێت . هەریەك لە ڕووبارەکانی دانوب لە ئەوروپا و نیل لە ئەفریقا و ڕووباری زەرد لە ئاسیا لە دیارترین ئەو ڕووبارانەن کەوا بەکاردێت بۆ گواستنەوەی شتومەکان وە لە عێراقیش پشت بە ڕووباری دجلە دەبەسترێت لەنێوان بەغدا و بەسرە .

## ب-گواستنەوەی دەریایی :

گواستنەوەی دەریایی گرنگیەکی زۆری هەبووە لە کۆن و لەکاتی ئێستاشدا ، وە گواستنەوەی جیهانی لەخۆ دەگرێت بە دەریا و زەراکان تێدەپەڕێت وە گواستنەوەی تاك و سەرنشین و گەشتیار و کرێکار و سەرباز و گواستنەوەی شتومەکی ڕەق و شل و گازی وە بەبڕێکی ئێجگار زۆر ، جا چ ئەم شتانە کەرستەی سروشتی وەکو نەوتی خاو گازی سروشتی ، یاخود دروستکراو بێت وەکو ئامێر و مەکینە و کەرستنەی دروستکردنی خانو و باڵەخانەکان وەکو چیمەنتۆ یاخود کشتوکاڵی وەکو میوە و دانەوێلە ، وە کەشتیەکان زیاتر لە شێ بەشی بازرگانی جیهانی لە دەریا و زەریاکان دەگوازێتەوە بەهۆی گەورەی قەبارە و شێواز کێشان .

جۆرە سەرەکیەکانی کەشتی ئەمانەن :

1- کەشتی گواستنەوەی بچوك و گەورە لەوانیش کەشتی گەشتوگوزار کەوا لە 15 چین پێك دێت وە 8 هەزار سەرنشین هەڵدەگرێت وکێشی نزیکەی 225 هەزر تەنە بۆماوەی 6مانگ لە دەریا و کەنارەکانی جیهانی دەمێنێتەوە .

2- کەشتی گواستنەوەی تایبەت وەکو کەشتی حاویات و ئۆتۆمبێل و ساردکەرەوەکان .

3- گەشتی گواستنەوەی جۆراو جۆری ئەرکەکان وەك کەشتی کەشناسی و و هەڵگری فڕۆکەان و کەشتیە جەنگیەکان .

4- کەشتی گواستنەوەی شلەمەنیەکان وەکو نەوتی خاو

5- کەشتی گواستنەوەی گازی سروشتی

6- گەشتی گواستنەوەی شت ومەکی گشتی ،ووشك و گەشتی ڕەق .

ئەو ڕەگەزانەی کەوا کۆنترۆڵی پرۆسەکانی گواستنەوەی دەریایی دەکات وە کاریگەری هەیە لەسەر چڕی هێڵەکانی کەشتیوانی و جووڵەی بەندەرەکان ئەمانەی خوارەوەن :

### 1-کۆمەڵەی فاکتەرە سروشتیەکان :

ا- ڕەگەزەکانی ئاوهەوا کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر دەریا و زەریاکان ،بەتایبەتی نزم بوونەوەی پلەی گەرمی بۆ ئاستی بەستن لە پانتایەکانی ئاوی کەوا کاریگەریەکی زۆری هەیە لەدیاریکردنی هێلەکانی کەشتیوانی بۆ گواستنەوە ، هەندێك دەریا و زەریا هەیە بەدرێژای ساڵ گونجاون بۆ کەشتیوانی بەلاَم هەندێکیان بۆ ماوەیەکی کەم ،بەهۆی بەستني سەر ڕووی ئاوەکە وەکو زەریایی بەستوی باکوور .

ب- جووڵەی با ،جووڵەی شەپۆڵەکانی بەرز وە گەردەلوولە بەهێزەکان بەتایبەتی لەناوچە خولگەیەکان ،کەوا ئەمانەش کاریگەریان لەسەر چووڵەی گواستنەوەی دەریایی دەبێت لەکاتێك جووڵەی با زیاتر بێت لە (150کم/کاتژمێر) لە هەندێك مانگەکانی ساڵدا ئەمەش وادەکات جووڵەی گواستنەوە ڕابگرێت وەکو لە ناوچەکانی بەشی ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیا و ئەمریکای باکور و ئەفریقیا بەتایبەتی لە ناوچە کەناریەکان وە کەنارەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا .

ج- بەرزونزمی دەریاکان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر گواستنەوەی دەریایی بەهۆی بوونی وا دەکات ئاڕاستەی هێلی دەریایی سنوردا بکات ، وەکو کەنارەکانی کەنداوی عەرەبی .

د- تەوژمەکانی دەریا ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە جووڵەی کەشتی (الشراعیە) بەتایبەتی لەکاتێك ئاڕاستەی ڕویشتني کەشتیەکە لەگەڵ ئاڕاستەی جووڵەی تەوژمەکە دەبێت ،

## 2- کومەڵەی فاکتەری مرۆیی و ئابوری :

چالاکی ئابوری دەوڵەتان هاوسنوور لەگەڵ کەناری دەریا و زەریاکان یان ئەو دەوڵەتانەی لەڕێگەی دەرچەیەك دەگەن بەو کەنارانە بە فاکتەری پێشکەوتني جووڵەی کەشتیوانی دەریایی دادەنرێن .وەکو هێلی دەریایی لەنێوان دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و باکوری ڕۆژهەڵاتی بەریتانیا و کەنەدا کەوا بەچڕترین هێلی کەشتوانی دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهاندا.

زیادکردنی جووڵەی گواستنەوە بەدەوڵەتانی ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەبەسترێتەوە بە جووڵەی گواستنەوەی هاتوو و ڕویشتوی بەهۆی زۆری ژمارەی دانیشتوان و گەشەی ئابوری خێرا بەتایبەتی لەم پەنجا ساڵەی کۆتاییدا ، بەڵام پانتایی ئاوی دەوڵەتە عەرەبیەکان چڕی گواستنەوەی دەرییای تێیاندا بەستراوەتەوە بە گواستنەوەی سەرچاوەکانی ووزە وەکو نەوت و گازی سروشتی و بەرهەماکني تەوت و کیمیایە جۆراو جۆرەکان .

### ج-گواستنەوەی کەناری دەریاکان

**1- بەندەرەکان** Harbor: کلیلی پرۆسەی گواستنەوەی دەریایی بریتی یە لە وێستگەی کۆتایی ،کە ئەویش سەنتەری شحن و بەتاڵکردنو ڕویشتن و گەیشتني شتومەك و تاکەکانە ،ئەوەانەش پشت دەبەستن بە دبین کردنی ئەو بەندەرانە کە ڕێڕەوەکانە کەشتیەکانیان لێوە دەردەچێت بۆ ناو دەریا و زەریاکان وە لەرشێگەیوە دێنە ناو میناکان ، بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر بەندەرمان هەیە ئەوانیش :

**ا – بەندەری سروشتی** : لەوناوچانە بەربڵاوە کەوا ڕووبەڕووی کاریگەری جیمۆرفۆلوجی بونەتەوە لەسەر هێڵی کەنارەکان ، بەپاراستنێکی سروشتی دەناسرێت وەکو ئەوەی ئاوێك لەناووەی ووشکایی بێت ،

بەندەری کەناری نقوم بووەکو بەندەری لەندەن و, وە بەندەری مەرجانیە وەکو بەندەری پۆرسودان ,وەبەندەری فیورداتی قولْ وەکو بەندەری نەرویج .

**ب – بەندەری ناسروشتی :** ئەم جۆرەش مرۆڤ ڕێکخستووە بەگوێرەی پێویستی خۆی بەتایبەتی لەو ناوچە کەناریانەی هەژارن بە دیاردە سروشتیەکان کە یارمەتی دروستکردنی بەندەر دەدەن ، هەڵدەستن بەدانی ڕێگر کە توانای کەمکردنەوەی هێزی شەپۆڵەکان و پاڵنان و بەرگریگردنی کەشتی هەبێت لە جووڵەی باو گەردەلولەکان . دانانی ئەم ڕێگرانەش پشت دەبەستێت بە تواناکانی دەوڵەت لەڕووی ئابوری یاخود تەکنەلۆژیاوە . نمونەش وەکو مینای اسکندریە لە میڕ.

**2- میناکان seaport :** مینا بەشێکە لەبەندەرەکان وە دەکەوێتە سەر ووشکانیەکان . لە منشائاتی شەحن و بەتاڵکردن و کۆگا پێك دێت ، وە هەندێکیان سایلۆکانیشی هەیە ، وە کارگەی دووبارە کردنەوەی گاز و پاڵویانی نەوتی خاو ، و ناوچەی بازرگانی ئازای لێیە . لەگەڵ بوونی ئامێری بەرزکردنەوە و گواستنەوە ، و هێلی گواستنەوەی ووشکایی و ڕێگاوبانی قیرتاوکراو و هێڵی ئاسنین هەیە ، وە شۆستەی میناکان ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر هێڵی ئاویە قووڵەکان توانای نقومبوونی کەشتی هەیە بەگشت بارەکانیەوە ، هەرچەند ژمارەی شوستەکان زیاتر بێت بەکارهێنانی ئامێری نوێ زیاتر دەبێت و جووڵەی بازرگانی و گواستنەوەی لە میناکان زیاتر دەبێت ، هەندێك مینای گەورە و بەناوبانگ هەیە لەجیهان وەکو مینای سیاتل و هامبۆرگ و شنغهای لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەڵمانیا و ێین .کەوا ئەم مینایانە کەشتی حاویاتی گەروە وەردەگرن کەوا بارهەڵگرتنیان دەگاتە زیاتر لە 5 هەزار حاویە .

**دە جۆر مینا هەیە بەگوێرەی چین و ئەرکەکانی هەر جۆریك کاری ئابوری و سەربازی دیاریکراو ئەنجام دەدات ئەوانیش بریتین لە :**

ا– مینای حاویەکان ئەمەش نو]نوێترین جۆری گواستنەوەی دەریاکانە بە تایبەتی لەم سەدەی کۆتاییدا کەوا زۆربەی بازرگانیە نێودەوڵەتیەکان پشت بەم گواستنەوە دەبەستن .

ب – مینای حەوزە ووشکەکان بۆ پیشەسازی و چاکردنەوەی کەشتیەکان .

ج – مینای جەنگەکان.

د – مینای هەناردەکردن و بەتاڵکردنی نەوتی خاو و گازی سروشتی .

هـ – مینای وەرگرتن و خەزن کردن و دووبارە هەناردەکردنەوەی شتوومەکەکان .

و– مینای پەڕینەوە .

ز – مینای ئازاد وەك بەشێك لە مینا گەورەکان بۆ بازرگانی ئازاد .

ی – مینای ڕاوکردنی ماسی .

**ئەو هۆكارە جوگرافیانەی دەبنە هۆی سەركەوتن و سەرنەكەوتني میناكان لە كیشوەرەكاندا ئەمانەن :**

1 – شوێني (موقع) میناكە بەگوێرەی هێڵی بازرگانی دەریایی جیهانی كەوتنە سەر دەریا كراوەكان .

2 – ڕەگەزەكانی ئاو هەوا وەك بەستني دەریاكان .

3 – قەباری بازرگانی تێپەڕ بوو بەو مینایانە .

4 – پێشكەوتنی تەكنەلۆژیا وەكو توانستی سوڕانەوەی حاویەكان بەشێوەی ئەلكترۆنی .

5 –بەستنەوەی میناكان بە سیستەمەكانی گواستنەوەی تر وەكو ڕێگاكانی قیرتاو و هێڵی ئاسنین

## 3 – كەناڵ و ڕێڕەوەكانی دەریایی نێودەوڵەتی :

### یەكەم / گەرووەكان : Strait

گەروو یان تەنگەبەری ئاوی بریتیە لەو ڕێڕەوە دەریاییەی كە دوو ڕووبەری ئاوی بەیەك دەگەیەنێت و لەگەڵ جیاكردنەوەی دوو ڕووبەری وشكانی یان زیاتر لەیەكتری .

پانی هەندێك لەگەروەكان زۆرجار كەمترە لە كیلۆمەترێك وەكو گەروەكانی بسفۆر و دەردنیل لە ولاتی توركیا,بەڵام هەندێك جار ئەم پانتەییە فراوان دەبێت دەگاتە زیاتر لە (32كم) وەكو گەرووی دۆڤەر لە نێوان بریتانیا و فەرەنسا, یاخود گەرووی بیرینگ لە نێوان روسیا و ولایاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا.

**نموونەی گەروەكان :**

**1-گەرووی بۆسفۆر /** ئەم گەرووە كەوتۆتە ولاتی توركیا كە دەكەوێتە نێوان دەریای رەش و دەریای مەرمەرە كە سنوری جیاكەرەوەیە لە نێوان بەشی خۆرئاوایی كیشوەری ئاسیاو بەشی باشوری خۆرهەلاتی كیشوەری ئەوروپا ,درێژیەكەی (30)كم پانی (50 بۆ3000) هەزار مەترە . تەنها لەساڵی 2016 نزیكەی (84000) كەشت بارهەڵگر پێیایدا

**2-گەرووی هورمز** :یەكێكە لە گرنگترین گەروەكانی جیهان لە ڕووی جوگرافیەوە دەكەوێتە بەشی باشوری خۆرئاوای كیشوەری ئاسیا , لە ڕووی ئابوریەوە 40% ی نەوتی گوازراوە بە كەشتیەكان بەم گەروە تێدەپەرێت , هەروەها لە ڕووی سیاسیەوە لە ئێستادا گرنگیكی زۆری هەیە چونكە ململانی نێوان وولاتی ئێران لە گەڵ ئەمریكا لە سەر كۆنترۆڵكردنی ئەم ڕێڕەوە بەردەوامە

**گرینگی ئابوری و سیاسی و ستراتیجی گەروی هورمز :**

1. یەکێکە لەگرنگترین گەرووەکان لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. کەنداوی فارس بەدەریای عەرەب وزەریای هیندی دەبەستێتەوە .
2. پانی ئەو گەرووە (50) کیلۆمەترە.قوڵیەکەی تەنها (60) مەترە
3. 40% نەوتی جیهان بەو تەنگەیدا تێپەر دەبێت. ڕۆژانە (20-30) کەشتی نەوتی پەیایدا تیپەر دەبێت .واتا یەکسانە بە نزیکەی (18) ملیۆن بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا.
4. تاکە ڕێرەوی دەریایی عێراق وقەتەر و بحرین وکوێتە .
5. 88% لەنەوتی عەرەبستانی سعودی و زیاتر لە 90% نەوتی عێراق بەو تەنگەیدا تیپەر دەبێت.

**3-گەروی باب المندلب**:ئەم گەرووە لە ڕووی جوگرافیەوە دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا , دەریای سور و زەریای هیندی بە یەکەوە دەبەستێتەوە .

**گرینگی ئابوری و سیاسی و ستراتیجی گەروی باب المندب:**

1) لەڕووی گرینگی پێگەی جوگرافیەوە ئەم گەرووە کەوتۆتە نێوان دەریای ناواڕاست و دەریاي سور لە بەشی باکوری و زەریاي هیندی لە بەشی باشوری.
2) لەساڵی 2016 نزیکەی 14.6% کەشتیە بارهەڵگرەکاني جیهان بەم گەرووە تێپەڕیون هەروەها نزیکەی 12% بازرگاني نەوتی جیهاني کە لەڕێگەی کەشتیەکانەوە کراوە لەم ڕێرەوە ئاوییە ئەنجام دراوە لە هەمان ساڵدا.
3) لە ڕووی ستراتیجیەوە گرنگییەکی زۆری هەیە ئەمەش دەرکەوت لەکاتی جەنگی نێوان(عەرەب–ئیسرائیل)کاتێك وڵاتی (یەمەن) هەستا بە داخستني ئەم گەروە بەڕووی کەشتیە ئیسرائیلیەکان.

## دووەم : کەناڵەکان :Chanal

**کەناڵ** : بریتیە لە ڕێرەوی ئاوی سروشتی ا دەستکرد بۆ گواستنەوەی ئاوی بەکاردێت وە زۆرجار یارمەتی ئاودێری کردن دەدات وەك بەشێکی دەستکری ڕووبارەکان دادنرێت وە کاری ئەندازیاری دەگرێتەوە کەوا کۆمەڵێك کاری بەست و هویسە .وەکو کەناڵی پەنەما لە نێوان زەریایی هادی لە ڕۆژئاوا و زەریایی ئەتڵەس لە ڕۆژهەلات هەروەها کەناڵی سوێس لە نێوان دەریایی سوور و دەریایی ناوەڕاست .هویسەی اسنا لە ڕووباری نیل .

## سێیەم/ گواستنەوەی ئاسمانی : Air Transportation

### - پێشکەوتني گواستنەوەی ئاسماني :

لە سەدەی بیستەهەم گواستنەوەی ئاسمانی سەری هەڵدا وە ئەم جۆرە لەکۆتای ئەم پەنجا ساڵەی کۆتاییدا پێشکەوتني گەوەری بەخۆیەوە بینوە ، کەوا ئەمیش لە ڕووی جۆری فڕۆکەکانە وە هێڵەکان (وەهمی ) بۆ فڕیني فڕۆکەکان دوور لە کاریگەریەکانی ڕووی ی زەوی و بەرزونزمی و ڕووبەر فروانەکانی ئاوی . وە دروستکردنی فڕۆکەخانەکان لە شوێني دووری نیشتەجێبوون و لەسەر ڕووبەرێکی فراوان وە بوونی یاخود دابین کردنی شوێني ئیسراحەتکردنی مرۆڤ لەکاتی هات وچۆکردن و خێراکردنی کارەکانی ، ئەم هۆکارەی گواستنەوەیە (ئاسمانی ) بۆتە هۆکارێکی گرنگ بۆ هەڵسانەوەی ئابوری و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی بۆ جووڵەی شارەزایان و پسپۆران و ئەو کرێکارانەی دوورن لە نیشتمانی خۆیان ، بۆنمونە کرێکارانی دەرهێنانی نەوت لە دەریاکان . وە هەروەها ئاسانکردنی حووڵەی سەربازی لەکاتی جەنگەکان ، وە ئاسان کردنی جووڵەی گەشت و گوزار و خۆشی و ڕۆشنبیری و زانستی و ئابوری و کۆمەڵایەتی ، گشت گواستنەوەکانی ئاسمانی نێودەوڵەتی بەستراوەتەوە بەو کۆمەڵێك یاسایی نێو دەوڵەتی و نیشتمانی کەوا خزمەتی پرۆسەی گواستنەوەی ئاسمانی دەکات لە جووڵە و ئاسایش و کارکردنی .

### - فڕۆکەکان:Pilot

یەکەم فرۆکە بۆ مەبەستی گواستنەوە لە ئەڵمانیا ساڵی 1919 بەکارهات ، وە پێش ئەویش هەوڵی فڕین درابوو لەلایەن عەربەکان بەناوی عەباسی کوری فرناس لە وولاتی ئەندەلوس ساڵی 880 زاینی ، وەیەکەم باڵۆن ساڵی 1782 لەفەرەنسا هەڵدرا . وە هەڵگرتني یەك فرۆکە لە سەدەی بیست ویەکەم گەیشتە زیاتر لە 750 هەڵگر و وە برێکی تەواوی لە سووتەمەنی هەڵگرت بوو ئەمە جگە لەکێشی و شتومەکانی فرۆکەکە ، بێگومان کرێی گواستنەوەی بە فرۆکە زیاد دەبێت بە زیادبوونی کێش و قەبارەی گوازراوەکان ، بەڵام تێچووی پرۆسەی گواستنەوەی ئاسمانی زۆریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی نرخی سووتەمەنی و تێچووی دروستکردنی فرۆکەکان .

### - فڕۆکەخانەکان: Airport

ئەمەش شوێني هەڵسان و دابەزيني فرۆکەگکان دەگرێتەوە ، وە ڕێرەوەکانی فرۆکەی تایبەت بە هەڵسان و دابەزین و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانی فرۆکە وو چاکردنەوەیان و شوێني تێکردنی سووتەمەنیان دەگرێتەوە.

قرۆكەخانەكان چەندين پۆليني هەيە لەوانيش گەورە و بچووك وە فرۆكەی هەڵگرتني شت و مەك يان گواستنەوەی سەرنشينان وە فرۆكەخانەی سەربازی و فرۆكەخانەی كار وە هەندێك فرۆكەخانەی تايبەت بە دەوڵەت هەيە وەكو فرۆكەخانەی مویل وبەيرە وە قرۆكەخانەی جيهانی وەكو فرۆكەخانەی كيمشق لەسوريا و هيسرۆ لەلەندەن.

فاكتەرە جوگرافيەكان كۆنترۆڵی هەڵبژاردنی شوێني (موقع) فرۆكەخانەكان دەكات لەڕووی گونجاوی و باشی شوێنەكە بۆ پێشكەوتني گواستنەوەی ئاسمانی كەوا ئەمانيش برييتن لە :

1 – شێوەی ڕووی زەوی گوونجاو بۆ جوڵەی هەڵسان و دابەزيني فرۆكەكان بەتايبەتی زەوی تەخت باشترين جۆرە وە لەداهاتوو توانای فراوان بوون و دروستكردنی دامەزراوەی فرۆكەخانەی تری دەبێت .

2 – دووركەوتنەوە لە ناوچەی دارستان و ناوچە ڕووداوە خراپەكانی سروشتی وەكو ناوچەس چياكان .

3 – گونجاو پێكهاتەی جيلۆجی بۆ دروست كردنی ڕێڕەوكان و دامەزراوەی فرۆكەخانەكە .

4 – ڕەچاوكردنی ئاڕاستەی باگان و ئاستی پيسوونی هەوايی .

5 – دووركەوتەنوە لە ناوچەی نيشتەجێبونی دانيشتوان و باڵەخانە بەرزەكان ،پێويستە 10-30كم لە سەنتەری شارەكان دووربێت .

6 – مەودای دابين كردنی وەسيلەكانی گواستنەوەی ووشكای (ڕێگای قيرتاو وهێڵی ئاسنين ) هاتوو و ڕۆيشتوو بۆ فرۆكەخانەكان .

## -گرنگترين ئەو فاكتەرە جوگرافيانەی كاردەكەنە سەر گواستنەوە:

فاكتەرە جوگرافيەكان جۆراو جۆرن لەڕووی كاريگەريان لەسەر گواستنەوە و كارلێك كردنييان لەنێوانيادا بۆ دياری كردنی هۆكارەكانی (وەسيلەكان) ی گواستنەوە و تايبەتمەنديەكانيان و دياريكردنی ئاڕاستەی تۆڕەكانيان و بەرجەستەكردنی سروشت و تايبەتمەنديەكانيان ، هەروەها دەتوانين فاكتەرە جوگرافيە كاريگەرەكيان سەر گواستـــــــــــــنەوە بۆ دوو كۆمەڵەی سەرەكی دابەش بكەيـــــــــــــــن ئەوانيش :

### يەكەم : فاكتەرە سروشتيەكان

### دووەم : فاكتەرە مرۆييەكان

## هێڵكاری فاكتەرە جوگرافیە كاریگەریەكانی سەر گواستنەوە




## یەكەم : هۆكارە سروشتیەكان

ئەمەش هەریەك لە مانەی خوارەوە دەگرێتەوە :

### 1- شوێنی جوگرافی: Geographical Location

ئەمەش بە گرنگترین ڕەگەزی ژینگەی سروشتی كاریگەر دادەنرێت لەڕووی شێوە و تایبەتمەندی و تواناكانی لەهەر هەرێمێكدا ، نەك تەنها شوێنی دەوڵەتان بەڵكو شوێنی ناوچە شارستانی و ئاوەكاریەكان و گەرەك و نیشتەجێبوون و سەنتەری خزمەتگوزاریە جیاجیاكان و شوێنە بازرگانی و پیشەسازی و كشتوكاڵی ئەمانە گشتیان ڕەگەزی گرنگن لە ژیانی مرۆڤدا ، وەبەهەمان شێوە گرنگی هەیە شوێنی ناوچەكانی بەرهەمهێنان بەگوێرەی پێكهاتە سەرەكیەكانی و سەرچاوەی كەرستە خاوەكان و بازاڕكردنیان لەڕووی دووری ونزیكیەوە ، هەروەها بەگوێرەی ڕێگاكان و وەسیلەكانی گواستنەوە ئەوانەی توانای بردن و وەرگرتنی بەرهەمەكانیان هەیە لە ناوچەكانی بەرهەمهێنان بۆ ناوچەكانی بازرگانی و ساغ كردنەوەیان لەبازارەكان .

پێشتر باسمان كرد ژینگەی سروشتی بەشدارە لە دابەش بوونی دەرامەتە سروشتیەكان لەهەر هەرێمێكدا . شوێنی جوگرافی تواناكانی بەستنەوەیان بەگشت هەرێمەكان دیاری دەكات وە توانای بەكاربردینانی ئەو دەرامەتانەش دیاری دەكات . هەندێك هەرێم هەیە بەوە جیا دەكرێتەوە دەرامەتەكانیان

شـوێنێـکـی جـوگـرافی باشـیان هـەیـە وە هـەروەهـا دابـینـکـردنی ڕێگـاوبان و ەسـیـلـەکـانی گـواسـتـنـەوەیان باشـە کـەدەتوانرێت بـەکـاربهـێـنـرێت بـە تێچـوویـەکـی کـەم ، بـەپێچـەوانـەی هـەندێك هـەرێمـی تـر بـەکـاربردنی مـواردەکـانیان زەحـمـەتـە بـەهـۆی خـراپی شـوێنـی جـوگـرافیان ئـەمـەش وا دەکـات ببـێتـە هـۆی بـەرزبـوونـەوەی تێووی گـواسـتـنـەوە ە کـەلـە ئـەنجـامـدا دەبـە هـۆکـارێك بـۆ بـەرزبـوونـەوەی تێچـوونی بـەرهـەمـەکـان و کـەم بـوونـەوەی قـازانجـیان لـەکـۆتـایـیـدا و بـەرزبـوونـەوەی نـرخـی شـتـومـەکـەان لـەلایـەکـی تـر ئـەمـەش وادەکـات توانای ڕکـابـەریان بـۆ شـتـومـەکـەکـان کـەم بـێتـەوە لـەو هـەرێمـەی تێدا هـەمـان شـتـومـەکـی هـەیـە بـەلاَم شـوێنێـکـی جـوگـرافی باشـی هـەیـە و بـەئـاسـانی دەگـوازرێنـەوە تێـیـدا .

بوونی شـوێنـی جـوگـرافی باشـی لـەهـەر دەولـەتێك هـۆکـارە بـۆ بـەئـاسـانی گـەیشـتن بـە جـیهـانی دەرەوە جـا چ هـەرێم ویان وولاَتان یاخـود کـیشـوەرکـان بێت بـە وەسـیلـە جـیاوازەکـانی گـواسـتـنـەوە ، کـەوا دواتر بـەشـدار دەبێت لـە پێشـکـەوتـنی شـارسـتـانی و ئـابـوری وولاَتـەکـە ، نمـونـەش لـەوانـە وولاَتـانی کـیشـوەرەکـانی ئـەوروپا و ئـەمـریکـایی باکـور و ئـاسـیایـە ، کـەوا ئـەمـانیش یان دەولـەتی دوورگـەیین وەکـو بـەریتـانیا و یابان یا دەولـەتـانێکـن کـەوتـوونـەتـە سـەر دەریاکـا و زەریاکـان وەکـو وویلایـەتـە یـەکـگـرتـوەکـانی ئـەمـریکـا و کـەنـدا و فـەرەنـسـا و ئـیتـالیا و هـۆلـەنـدا ، ئـەمـە وایکـردووە بـەئـاسـانی بگـەن بـە جـیهـانی دەروەو و بـەئـاسـانی پـەیوەنـدی بکـەن وو بـۆتـە هـۆی فـراوانـبوونی بازنـەی چالاکـیـە کـانی بازرگـانی کـەوا ڕەنگـدانـەوەیان هـەبووە لـەسـەر بارودۆخـی ئـابـوری و دانـیشـتـوان و شـارسـتـانیـەت بـەشـێوەیـەکـی گـشـتـی ، بـەپێچـەوانـەی ئـەو دەولـەتـانـەی ۆشـەگـیرن یاخـود نیمـچـە گـۆشـەگـیرن یا کـەوتـوونـەتـە سـەر ددەریا بـەسـتـووەکـان یا دەریا داخـراوەکـان ئـەمـە وادەکـات گـەیشـتـن و پـەیوەنـدیکـردنـیان بـە جـیهـانی دەرەوە زەحـمـەت بێت و کـاریگـەری هـەبێت لـەسـەر ئـابـوری و شـارسـتـانیـەت و پێشـکـەوتـنیان نمـونـەش زۆربـەی دەولـەتـانی جـیهـانی سـێیـەم لـە هـەریـەك لـە کـیشـوەرکـانی ئـەمـریکـایی لاتـیـنی و ئـەفـریقـا و ئـاسـیا .

## 2- پێکـهـاتـەی جیـۆلـۆجـی :Geological Structure

### کـاریگـەری پێکـهـاتـەی جـیـۆلـۆجـی لـەسـەر گـواسـتـنـەوە لـەخـوارەوە ڕوون دەکـەیـنـەوە :

1-پێکـهـاتـەی جـیـۆلـۆجـی هـەر ناوچـەیـەك تواناکـانی درێژی هێلـەکـانی ئـاسـنین دیاری دەکـات کـەوا پێویسـتـی بـە ڕوویـەکـی ڕەق و تۆکـمـە و بـەهـێز هـەیـە بـۆ ئـەوەی شـەمـەنـدەفـەرەکـان بـتـوانـین زۆرتـرین ماوە ببڕن و بـەنـێو کـیشـوەرەکـان دا بـڕۆن و زۆرتـرین بار هـەلـبگـرن . واتـە سـەخـتـی بـەردەکـان توانای پێوانـەی فـراوانی هێلـەکـە دیاری دەکـات وەکـو لـە باشـوری ڕۆژهـەلاَت و ڕۆژئـاوای هـیـنـدسـتـان بـەهـۆی لاوازی پێکـهـاتـەی جـیـۆلـۆجـیـەکـەی تـۆڕەکـانی هێلـی ئـاسـنین لـەوێدا بـەرتـەسـکـن وەبـەهـەمـان شـێوە لـە سـوودان و باشـوری ڕۆژئـاوازی ئـوسـتـرالیا .

2- سەختی ناوچەکان بۆ دروستکردنی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنین تێچووویان زۆرە بەڵام پێویستیان بە چاکردنەوە زۆر کەمە یاخود هەر نیە وەك لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یابان و سعودیە ، پێچەوانەی ئەو ناوچانەی ێکهاتەکانیان لاواز و لمین یاخود نیشتەنین هەرچەندە دروستکردنی ڕێگاوبان تێدا ئاسانە بەڵام بەردەوام پێویستی بە چاکردنەوە هەیە وەك لە بیابانەکان .

3-دروستکردنی ڕێگاوبانەکان جیاوازن بەگوێری جۆری بەردەکان (ئاگرینی ڕەق و لمی و قوڕی) ، وە جۆری بەکارهاتنی کەرستەی پێویست بۆ ڕێگاکان جیاواز دەبن وەکو بەکارهێنانی بەردی بازلت لە دروستکردنی شۆستەی ڕێگاکانی هەندێك ناوچەی بەدری ئاگرینی .

4-هەروەها پێکهاتەی جیۆلۆجی کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر گواستنەوەی ڕووباری لەڕووی بوونی تاڤگە و پێچاو پێچی ڕووبارەکان و خەندەقەکان ئەم دیاردانەش لە بنەڕتدا هۆکاری دروستبوونیان بۆ پێکهاتە جیۆلۆجیەکان دەگەڕێتەوە وا دەکات کەشتیوانی لەنێو ئەو ڕووبارنە گرنگی خۆی لەدەست بدات , وەبەوە دەناسرێت خراپترین جۆری گواستنەوەی ڕووباری لەسەر ووشکانیەکانە .

## 3- شێوەکانی ڕووی زەوی :

بەهەمان شێوە دیاردەکانی سەر زەوی وەکو ( زنجیرە چیاکان و دۆڵ و دەشت و ڕووبار و پشتێنەی زۆلکاوەکان) دەگرێتەوە ئەمانەش کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر جۆر و شێوازی گواستنەوەکان لەگشت کیشوەرکانی جیهاندا بەشێوەیەك لایەنی باش و خراپی دەبێت ئەم شێوانەی سەر ڕووی زەوی لەخوارەوە باسیان دەکەین :

1 - زنجیرە چیا بەرزەکان بەشێوەیەکی گشتی دەبنە ڕێگر یاخود نەبوونی تۆڕەکانی ڕێگا وبان لەهەندێك هەرێمدا لەئەنجامی سەختی زەویەکە و زۆری لێژیەکەی و قورسی پەیوەندی کردن بەهەرێمەکانی دەوروپشتی ، وە دەبێتە هۆی بەرزبوونی تێچووی دروستکردنی ڕێگاکان بەهۆی نەبوونی ڕێکی ڕووی زەویەکە وە پێویست دەکات ڕێرە و تونێلی تایبەت دروست بکەن لەهەندێك کاتدا وەکو ناوچەی بەرزایەکانی ئەلب لەباشوری ئەوروپا بۆبەستنەوەی بەشی باشوری بەبەشەکانی ناوەراستی وەکو :

-ڕێرەوی سمرنج لەنەمسا درێژی 23میل وبەرزی 3232 پێیە و تونێلێکی تێدایە بشاوری بە باکوری نەمسا دەبستێتەوە .

-ڕێرەوی برینیر لە ئیتاڵیا درێژی 23میل و بەرزی 4497 پێیە ئیتالیا و نەمسا بەیەکتر دەبەستێتەوە.

-ڕێرەوی سان جوسار لە سویسرا درێژی 19 و بەرزی 6916 پێیە ئیتالیا .

-ڕێرەوی سەمبلۆن لە ئیتاڵیا درێژی 29 و بەرزی 6590 پێیە ئیتالیا و سویسرا بەیەکتر دەبەستێتەوە.

2 – ناوچە دەشتیەکان ئەمە پێچەوانەی ناوچە چیاکانە چونکە بارودۆخەکەی لەبارە وەبەرهێنانی دەرامەتە سروشتیەکان کەوا دەبنە هۆی دروستبوونی چالاکی ئابوری ، هەروەهاکۆبوونەوەی دانیشتوان بەرێژەیەکی زۆر بەمەش دروستکردنی ڕێگاوباناکەان تێدا ئاسانترە و گونجاوترە وە تێچووی کەمترە بۆیە دەبینین چڕی تۆڕەکانی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنین لەم ناوچانە زۆرە وەکو دەشتی ڕۆژهەلاّت و ناوەڕاست و ڕۆژئاوازی ئەمریکای باکور و دەشتی کەناراوی ئەمریکای لاتینی و ئوسترالیا دەشتی هیندو ێین .

3 – ڕێرەوەکانی رووبار جیاوازن لە تایبەتمەندیەکانیان بەگویرەی شێوەی ڕووی زەوی هەرێمەکە ، هەندێك ڕووبار هەیە بەزەوی دەشتە تەختەکان تێدەپەڕێت بۆیە ئاوەڕۆیان فراوانە وە لێژیان کەمە وە ڕێگرە سوشتیەکانی کەمە یاخود نیەتی بەتایبەتی تاڤگە کان وا دەکات گونجاو بێت بۆ کەشتیوانی بەمەش چالاکیە ئابوریەکان لەم ناوچەیە دەبوژێتەوە وەکو ڕووبرای میسیسپی لە USA و ڕووباری راین و فوجا و دانوب لە ئەوروپا ڕووباری سیحون و جیحون و یانجستی لە ئاسیا .

4 – رووبارەکانی نێو چیاکان پێچەوانەی ڕووبارە نێو دەشتیەکانن , چونکە ناوچەیەکی سەختی پێچو پێچ دەبڕن بەمەش ئاوەڕۆکانیان تەسك دەبێت و لێژیان زۆرە و چەندین ڕێگری سروشتیان دێتە بەردەم ئاورکان وەکو تاڤگەکان ، نمونەش بۆ ئەمە ڕووباری کلۆرادو لە ئەمریکای باکور و ڕووباری ئەندیزز لە ئەمریکای لاتینی و ڕووباری ئەسکەندەناڤیا لە بکوری ئەورپا , زۆربەی ئەم ئاوەڕوی ڕوباریانەش هیچ نرخ و بەهایەکی ئابوریان نیە چونکە بۆ کەشتیوانی ناشێن .

## 4- ئاوهەوا :Climate

**1 – پلەی گەرمی:** یەکێکە لە ڕەگەزە گرنگەکانی کاریگەر لەسەر گواستنەوە ، زۆرجار نزمبوونەوەی پلەی گەرمی لماوەی مانگەکانی زستاندا دەبێتە هۆی ڕێگرێك لەبەردەم گواستنەوە و وە زۆرترین بڕی تێچوو ی گواستنەوە وەکو ڕووبارەکانی ئەمریکای باکور لەزستاناندا دەبەستن بۆماوەی 4 مانگ ئەمەش وادەکات گواستنەوەی کەرستەی ئاسن بوەستێت لەم ماوەیەدا ، بۆیە دەبێت بە شەمەندەفەر کەرستەکان بگوازنەوە بەمەش خەرجیی گواستنەوە بە هێڵی ئاسنی بەرز دەبێتەوە کەوا لەئەنجامدا نرخی بەرهەم و نرخی کەرستەکە لەکۆتاییدا بەرز دەبێتەوە.

**2 – دابارین** : لەکاتی دروستکردنی ڕێگا ڤیرتاوەکان پێویستە دابارین بەهەند وەربگیرێت و ڕێرەو و زێرابای تایبەت دروست بکرێت لەگەڵ دروستکردنی پردەکان بۆئەو ناوچانەی دابارینیان زۆرە تاوەکو هیچ کارەستاێك ڕوونەدات لەکاتی داباریندا ، دبارینی زۆر دەبێتە هۆی زۆربوون و کۆبوونەوەی خۆڵو لیتە لە ڕێگاکان و نەمانی هاتوچو و وەستانی .لەنموونەی ئەم جۆرە ڕێگایانەش لادێکانی میێر .

**3 – تەم و مژ:** دەبتە هۆی کەم بینین بەشێوەیەکی ڕوون ئەمەش مەترسی لەسەر گشت جۆرەکانی گواستنەوەی ئاسمانی و دەریایی و شکای بەتایبەتی ڕێگای خیرا دروست دەکات

**4 – پاڵەپەستۆی هەوا:** ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر گواستنەوە بە فڕۆکەکات ، لەئەنجامی جیاوازی لە پشتێنەکانی پاڵەپەستۆی هەوا مەترسی لەسەر گەشتی ئاسمانی دروست دەکات ،بۆیە زۆربەی فڕۆکەکان نەخشەی دەوریان پێیە کەوا پشتێنەکانی هەوا دیاری دەکات لەوناوچانەی ئەم دیاردەیەیان تێدا زۆر ڕوودەدات وەکو ناوچەی کاریبی .

**5- با :** لە سەدەکانی ڕابردوودا با بەیەکەم ڕەگەزی کاریگەر لەسەر گواستنەوەی ئاوی دادەنرا بەشێوەیەکی تایبەت ، چونکە ئاڕاستەکانی کەشتیی دەریاوانی دەست نیشان دەرکرد باشترین نمونەش بای وەزری لەنیوەی ساڵدا لەوەرزی هاوین و زستاناندا بە ڕێکخستني جووڵەی کەشتی دەریاوانی ڕۆڵیکی گەورەی هەبوو لە هەرێمەکانی باشوری کیشورەی ئاسیا و ڕۆژهەلاتی کیشوەری ئەفریقا کەوا گەریلە عەرەبەکان ماویەکی زۆرە پێیان زانیوە . لەو گەریلانەش احمد بن ماج لە باشوری ئەفریقا بۆ هیند کەشتی کرد ساڵی 1497 ، هەروەها کریستۆڤر کولمبس لە ئیسپانیا بەرەو ڕۆژئاوا ڕۆیشت بۆ تێپەڕبوون بە زەریایی ئەتەڵەسی دواتر بەرەو باشوری ڕۆژئاواز کەشتی کرد تاوەکو گەیشتە دوورگەی کناریا و گەیشت بەهەردوو ئەمریکا لەساڵی 1492

با کان لەسەر ووشکانیەکان بەهەمان شێوە کاریگەریان زۆرە لەئەنجامی توندی باکان گەردەلوولی لی دروست دەبێت کە دەبیتە هۆی ڕاگرتنی جووڵەی گواستنەوە جا چ ڕێگای قیرتاوکراو یاخود هێڵی ئاسنین بێت بەهۆی کۆبونەوەی بەشێکی زۆر لە لم و خۆڵ لەسەر یەکتر .

## - دووەم فاکتەرە مرۆییەکان :

ئەمەش هەریەك لە مانەی خوارەوە دەگریتەوە :

### 1دابەشبوونی دانیشتوان Population distribution :

پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لە نێوان قەبارەی دانیشتوان و چالاکی ئابوری ، ئەوناوچانەی چڕی دانیشتوانی زۆرە هەردەم چالاکیە ئابوریەکانی تێدا زۆرە پشت دەبەستێت بە پلەی یەکەم بە دابین کردنی هۆکاری گواستنەو و چالاکی جووڵی تری بازرگانی ،پێژەوانەکەش ڕاستە لەو ناوچانەی چڕی دانیشتوانیان کەمە ، بۆیە دەبینین پەیوەندیەکی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان چڕی دانیشتوان و چڕی تۆڕەکانی گواستنەوە .

کیشوەری ئاسیا بەشێوەیەکی گەورە لەڕووی تۆڕەکانی ڕێگاوبان چڕ وپڕە بەتایبەتی لە یابان و نیمچە دوورگەی کۆریا و پشتێنەکانی ڕۆژهەلاتی سین و تایوان و بەنگلادش و حەوزی ڕووباری جانج لە هیند و

سریلانکا وە ئەم کیشوەرە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی تیدا دەژی ، بەلام هەریمەکانی باکوری بیابانی بەستو و ناوەراستی چیا بەرزەکانی باشوری رۆژئاوای بیابانی گەرم و باشوری دارستانی چر , کەوا تیایاندا تۆرەکانی گواستنەوە زۆرکەمە و لەهەندیك شوین بوونیان هەر نیە بەهۆی کەمی قەبارەی دانیشتوان و کەمی چریان .

## 2- چالاکی ئابوری Economic activity:

چالاکی ئابوری و گواستنەوە پەیوەندیەکی قول و راستەوانەیان لەگەل یەکدا هەیە زۆربەی جار چالاکی ئابوری کاریگەری لەسەر گواستنەوە هەیە بەمانایەکی تر دریژبوونەوەی تۆرەکانی گواستنەوە و ئاراستەکانیان وەلامدانەوەیە بۆ پیویستی بەستنەوەی لەنیوان ناوچەی بەرهەم هینانی ئابوری لەگەل یەکتریدا لەلایەك , وە بەستنەوەی بە بازارەکان جا چ ناوەخۆی یاخود دەرەکی بن لەلایەکی تر .

هەندیك جار پیویستە دریژکردنەوەی ریگاوبانەکان بۆ چالاکی ئابوری نمونەش لەسەر ئەمە پیویستی دامەزراندنی تۆری ریگاوبان بە توانستیکی بەرز لەماوەی قۆناغەکانی یەکەی پرۆسەی نۆژەنکردنەوە لەناوچەی دووبارە چاکردنەوەی کشتوکالیەکان , ئەمەش واتای دریژکردنەوەی ریگاکان بەرلە پرۆسەی بەرهەمهینان کە بەکاردیت بۆ گەیاندی گشت پیداویستیەکانی پرۆسەی چاککردنەوە و چاندن لە ئادات و ئامیری جیاجیادا گەیاندیان بۆ کۆمەلگەی کشتوکالیە نویکان , لەگەل پیداویستی خزمەتی زەوی و کشتوکالی بەتایبەتی دەستی کار چونکە زۆربەی جار چاکسازی کردنی ناوچە کشتوکالیەکان یا بیابانن وەکو لە میسر و سعودیە و مکسیك و کازخستان و ئۆزبکستان و چین و پشتینەی ترکستانی چینی ,یا زۆربەی ناوچەکانزەنگاوەکان وەکو میسر و رووبرای تیبر لە ئیتالیا و زۆنگی بریبت لە پۆلەندا ئەم پشتینانەش دانیشتوانی لی نیە ریگاکان تەنها بۆ چاکردنی کشتوکال و گەیاندنی کریکاران و ئادات و ئامیرەکانە .

بەهەمان شیوە ئەم حالەتە دووبارە دەبیتەوە لە پشتینەکانی بەرهەمهینانی پترول بەتایبەتی لە جیهانی عەرەبی بەرهەم هینان بە ئامادەکردنی هیلی بۆری دەست پی نەکراوە بۆ گواستنەوەی پترول لەوناوچانەش راس تنورە و راس خافجی لە سعودیە و احمدی و عبدالله لە کویت و فاو لە عیراق وو فەحل لە عومان و زهرانی و ترابلس لە لبنان و بانیاس لە سوریا و سویس لە میسر و ررس لاتوف لە لیبیا و ارزو و وهران لە جزائیر

بەشیوەیەکی گشتی وەسیلە و تیچووی گواستنەوە لە فاکتەرە سەرەکیەکانە کە کاریگەری هەیە لە بەکاربردنی دەرامەتی کانزایی ,وە چەندیەتی کەرستەکە دیاری دەکات بۆ بەکاربردن لەلایەنی ئابوری .

وەك تێبینی دەکرێت هەرێمە کازانکان فۆکەس دەخەنە سەر ئەو پشتێنانەی جیا دەکرێتەوە بە ئاسانی کردنی پەیوەندیان بەگشت بازازڕەکانی ناوەخۆیی و جیهانی لەڕێگەی گواستنەوە جیاجیاکاندا.

## 3- پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا :Advance Technology

هۆکاری مرۆیی گرنگە ناتوانرێت گرنگی پێنەدرێت لەڕووی کاریگەریەوە لەبواری گواستنەوە , مرۆڤ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایی بەدەستهێناوە و سەرکەوتوو بووە لە چەندین دیاردەی قورس لە ژینگە سروشتیەکان بەجۆرێك بەرزاییەکان و دیارەدەکانی تری سەر زەوی چیتر نابنە ڕێگر لەبەردەم فراوان کردنی تۆڕەکانی گواستنەوە و چاکردنی تایبەتمەندیەکانیان و بەرزکردنەوەی ئاستەکانیان , ئەگەر تونێل و ڕێڕەوەکان دروستکران وەك لەچیایی ئەلب لە باشوری ئەوروپا وە تونێلی موفات لە چایی ڕۆکی لە ویلایەتی کلورادۆ کە 6.2میل بەرزە ساڵی 1928 دروستکراوە وە تونێلی کامۆن لەژێر لرووی دەریا دروست کراوە لەنێوان هەردوو دوورگەی هۆنشۆ و کیوشۆ لەیابان درێژ 11.6 میلە .

ئەمە جگە لەمانەش هەندێك تونێل هەیە خەرەند و کەند و دۆڵە گەورەکانی بڕیوە و کاری ئەندازیاری گەورەی تێدا ئەنجام دراوە وەکو کوبری گەورە هەردوو ناوچەی ئاسیا و ئەوروپا بەیەکتر دەبەستێتەوە ڕێگایەکی خێرایە و توانستی بەرزە و ڕەگەزی ئەمانی هەیە بۆ بەکارهێنەرانی و توانای هەیە لەداهاتوو فراوان بکرێت و هێڵی ئاسنینی تێدا دروست بکرێت .

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بۆ مرۆڤەکان بووە سەرکەوتنی جۆراو جۆر لەبورای گواستنەوەی ئاسمانی بۆنموونە بەرزکردنەوەی ئاستی ئامێرەکانی فرۆکەخانەکان ئەمەش پرۆسەی هەلبەزین و دابەزینی فرۆکەکانی ئاسانتر کرد, لەگەڵ زاڵبوون بەسەر هەندێك لە دیارەدە سروشتیەکان وەکو دۆڵەکان کە دەبێتە هۆی کەم بینین و وەستانی هونەری لەناکو لە هەندێك ئامێری فرۆکەکان ڕوودەدات لەڕێگەی پرۆسەی دابەزینی لەناکاویان کەوا ئەمە چارەسەر کراوە بەیارمەتی ئامێرەکانی تایبەت چ لەناو فڕۆکەکان یاخود لە ڕێوەوی دابەزینیان بێت ,

وە مرۆڤ توانی داهێنانی نوێ بکات لە گواستنەوەی دەریایی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە وەکو هەڵبژاردنی باشترین شوێنی بەندەری دەریای وە دابین کردنی ئامێرە ئۆماتیکیەکان کەوا خزمەت بەبواری کەشتیوانی دەریایی دەگەینێچت و خزمەت بە شۆستەکان بەتایبەتی ئەوەی تایبەتە بە هەڵگرتن و بەتاڵکردنی کەشتیەکان . لەگەڵ پێشکەوتنێکی باش ی ئەندازیاری لەڕووی دروستکردنی کەشتیە گەورەکان بەگشت جۆرەکانیانەوە لەگەڵ حاویات و گواستنەوەکانی پترۆلیشدا . جگە لە بڕینی دەریاکان بە دروستکردنی کەناڵ و نۆکەندەکان کەوا هێلی دەریاوانی لەجیهان کورت کردۆتەوە و لەڕووی

مواێفاتەوە باشتر بووە و توانستیان بەرزبۆتەوە  بەجۆرێك كەشتیە گەورەكان دەتوانن پترۆڵ لەرێگەیانەوە بگوازنەو بەشێوەیكی پارێزراو .

## 4-سنووری سیاسی: Political boundaries

سنوری سیاسی كاریگەری  ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی  هەیە لەبواری گواستنەوە, وەك دەبینین هەندێك ڕێگاوبان لەسەر سنورەكان كۆتاییان دێت واتە ناپەڕێتەوە بۆ سنوری دەوڵەتی هاوسێ ئەمەش یا بەهۆكاری نەتەوەیی یاخود ڕۆڵی داگیركاران كەبەهۆی ستراتیژیەوە دایان ناوە جابەهۆكاری دەست بەسەر داگرتني دەرامەتی سروشتی ئەو ناوچەیە یاخود هەرهۆكارێكی تر بێت ، بەڵام لەهەندێك دەوڵەتانی وەك ئەمریكای باكور و ئەوروپا هێڵی ئاسنینیان دروست كردووە بەدرێژایی چەندین دەوڵەت تیج دەپەڕێت و اتە كێشەی نەتەوەی ئاسني و ڕەگەز پەرستیان وەلا ناوە و جوولەی هات و چۆ لەنێوانیان ئاسی و بەردەوامە .

ئەمەی سەرەوە باسمان كاریگەریە ڕاستەوخۆكان بوو سەبارەت بە كاریگەریە ناڕاستەوخۆكانی سنوری سیاسی لەبواری گواستنەوە بریتی یە لە بوونی هەندێك دەوڵەتی داخراو یا نیمچە داخراو وا دەكات هانا بۆ بەندەرەكانی هاوسێی ببات كەلێی نزیكە بەمەبەستی سوود وەرگرتن لەو بەندەرانە بۆ بازرگانی كردن ، وەكە بەندەری تریست لە ئیتاڵی بەگوێرەی هەریەك لە نەمساو یەكێتی یۆگوسلافیایی كۆن ، وە بەندەری مرسیلیا وست لە فەڕەنسا بەگوێرەی سویسرا ، بەندەری بیرا و مابوتۆ لە مۆزمبیق بەگوێرەی لزمبابوی ، بەندەری بەیروت بەگوێرەی عێراق و ئوردەن ، بەندەری عەقبەی ئوردنی بەگوێرەی عیراق .

## 5- گۆڕانی باردۆخی سیاسی :

ئەم فاكتەرەش كاریگەری گەورەی هەیە لەسەر گواستنە و بازرگانی بەجۆرێك گۆرانی بارودۆخی سیاسی دەبێتە گۆڕان لە شێواز و محوەری بازرگانی نێو دەوڵەتی كەوا ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئاڕاستەكانی هێڵی دەریایی و قەبارەی جووڵە لەسەریان بەشێوەیەكی تایبەت .

بۆنموونە گۆڕانی باردۆخی سیاسی دەوڵەتی  یەمەنی باشور و ئەسیوبیا و كوبا , وایكردووە بیروڕای سۆسیایزم لە سیاسەتیان لەخۆ بگرێت لەماوەی ساڵانی شەست و حەفتا و هەشتاكان لەسەدەی ڕابردوو ، وایكرد قەبارەی بازرگانی دەرەكی لەگەڵ دەوڵەتە شیوعیەكان زیاد بێت بەشێوەیەكی تێبيني كراو ، وە چڕی هێڵی گواستنەوە  نێوانیان زیاتر بوو بەمەش چڕی جووڵە زیاتر بوو , لەكاتێكدا  هێڵی گواستنەوەی بازرگانی و قەبارەی جووڵەی گواستنەوە  بچووك بووەوە واتە زیادبوو لە هەریەك  لەنێوان كوبا و USA لە پێش و دوای ساڵی 1959 دا كە شۆڕشی سۆسیالزمی كوبی  شكا .

## - كێشەكانی گواستنەوە: Transportation Problems




### 1- درەنگ گەیشتن :

ژمارەی ئۆتۆمێلەكان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە و جوولەی هات وچۆش بەهەمان شێوە زۆربووە ، لە بەرامەردا شەقامەكان توانای وەرگرتنی و جوولەی هات و چۆی بەهەمان ڕ نیە . ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی دەرئەنجامێكی خراپ لە ئاسانی گەیشتنی تاكەكان بۆ شوێنی مەبەست لە گشت بەشاكانی شاردا یاخود بۆ سەنتەر جیاجیاكان . ئەمەش لەكاتێك قەرەباڵغی دروست دەبێت بەهۆی زۆری ژمارەی ئۆتۆمبێلەكان وخنكانی هات و چۆ ڕوودەدات و ئینجا دەبێتە هۆكارێك بۆ پیس بوونی ژینگە و زیاتر بەكرابردنی ووزە .

### 2- قەرەباڵغی و خنكانی هات و چۆ :

گەشتی دانیشتوان بۆ كاركردن و بازاركردن و خوشی ماوەیەكی كاتیە دیاریكراوە لەرۆژەكانی هەفتە , ئەمەش دەبێتە هۆی جوڵەی هات و چۆی چڕ لە ناوەندەكانی گواستنەوە وەك بەكارهێنانی ژمارەیەكی زۆری ئۆتۆمبێل لەشارەكان ئەمەش وادەكات ازدحامێكی زۆری لە هاتوچۆ كردن دروست بێت كەوا ناو دەبرێت بە ( كاتی لوتكە ) (أوقات الذروة) ( rush hours ) . ئاشكرایە گواستنەوە فراوانیەكی زۆری بەخۆیەوە بینوە لە ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەرەكان دوای ساڵانی 1950 ی سەدەی ڕابردوو ، وەب

گواستنەوەی بە کۆمەڵ بەهۆکارە جیاجیاکانی وەکو پاس و شەمەندەفەری خێرا و مترۆ لە پایتەختەکان زۆر زیادی کردووە وەك لە لەندەن و مۆسکۆ و قاهیرە و بەغدا و ریاز .

وە زۆربوونی خاوەندارێتی ئۆتۆمبێلی تایبەت لەلایەن دانیشتوانەوە زۆر زیادی کردووە بەمەش کێشەکانی هات وچۆ زیاد بووە ، وایکردووە گواستنەوە ڕوبەرێکی فراوانتر بەکاربهێنتێت لەسەر حسابی بەکارهێنانی زەویەکانی تر بەتایبەتی زەویە کشتوکاڵیەکانی دەوروبەری شارەکان ، نموونەش بۆئەمە شاری مەدینە لەووڵاتی سعودیە ڕووبەری بەکارهێنانی زەوی بەمەبەستی تۆڕەکانی ڕێگاوبان و وەستانی ئۆتۆمبێلەکان لە( 28% لە کۆی گشتی شارەکان وە شاری مەکە لە 31% )ە وەلە ئەمریکا لە (40% ) لەڕووبەری شارەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکارهاتووە , وە لەدەوڵەتە دواکەوتووەکان لە (20 بۆ15 %) .دروست بوونی ازدحامی و خنکانی هات و چۆ دەگەڕێتەوە بۆ خراپی پلانی شارەکان و نەبوونی گواستنەوەی گشتی و تایبەت , وادەکات شوێران و سەرنشینان هەست بە بێزاری و ماندوو بوون بکەن , وە بڕی تێچوونی ووزە و زۆری کات و توانا زیاتر دەکات , لەکۆتایشدا زۆر جار دەبنە هۆی ڕووداوەکانی هات و چۆ و زەرەری گیانی و مادیی لێدەکەوێتەوە ئەمە جگە لەوەی لە شوێنی ڕووداوەکە ازدحام و ڕێگرتن ڕوودەدات .

### 3 – پیس بوونی ژینگە :Eenvironmental Pollutin

گواستنەوەی نوێ بەدو ئاڕاستەی سەرەکی وەێف دەکرێت کەوا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی پیس بوونی ژینگە ( Environmental pollution ) لە جیهاندا :

- ✓ ئاڕاستەی یەکەم بریتیە لە بەکاربردنی ناوەندەکانی گواستنەوە جیاجیاکان ئەوانەی کە ووزە دروست دەکەن لە ئەنجانی سوتانی گیراوەکانی نەوت .
- ✓ ئاڕاستەی دووەم : بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوەی سەرچاوەکانی ووزە بەتایبەتی (نەوت و گیراوەکانی ) لەڕێگەی ناوەندەکانی گواستنەوە کە دەبێتە هۆی دزەکردنی نەوت .

گواستنەوە لە ڕێگەی جووڵە وەسیلەکانی گواستنەوە بەتایبەتی ئۆتۆمبێل هۆکارە بۆ پیس بوونی شارەکان لە جۆری ( پیس بوونی هەوا و ژاوەژاو و ) هەروەها خراپ بوونی خۆراکەکان کە لە خوارەوە باسیان دەکەین :

1 – دوکەڵی دەرچوو لە بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکان لەکاتی بەکراهێنانایان دەبتە هۆی ڕوودانی نەبوونی هاوسەنگی لە پێکهاتەکانی گازی لە بەرگە هەوای نزیك زەوی ، ئەمەش دەبتە گۆڕانی ڕێژەی پێکهاتەکانی گازی و زیادبوونی ڕێژەی گازی ( $CO_2$ و شێی ڕێژەی ) لە ئەنجامدا تەم و دوکەڵ دروست دەبێت و پێکهاتەی ڕێای و نایترۆجین و دووەم ئۆکسیدی کبریت ..هتد لەهەوا زۆر دەبێت و کاریگەری

لەسەر پێست و جیهازی هەناسەدانی مرۆڤ و مێشك و چاو دەبێت ب تایبەتی لە منداڵان و بەتەمەنەکان .

2 – دەبتە هۆی بەرزبوونی پلەی گەرمی شارەکان ئەم بەرزی پلەی گەرمیەش کارلێك دەکات لەگەڵ پێکهاتە زیان بەخشەکانی هەوا و تیشکی ڕۆژ کە مەترسی لەسەر تەندروستی گشتی مرۆڤ زیاد دەکات . ڕێژەی پیس بوونی هەوا بەهۆی سوتانی سووتەمەنی ئۆتۆمبێل لە شارە گەورەکان نزیکەی لە (35%) ە , هەر ئۆتۆمبێلێکی جووڵاو لەیەك ڕۆژدا بەکۆی ( 3.2) کگم لە گازی $Co_2$ وە 200 تا 400 گرام لە گازەکانی تر دەردەکات .

3 – جیاوازی ئاستی پیس بوون لەڕووی کات و شوێنەوە لەیەك شاردا بەدی دەکرێت , ئاستی پیس بوون لە سەنتەری شارەکان و ڕێگا سەرەکیەکان و چواڕیانەکان بەگوێرەی چڕی جووڵەی هات و چۆ لەهەندێك کاتدا ولەیەك ڕۆژ و هەفتەدا زیاترە ئەمیش لەکاتی بەیانیان کاتی کارکردن و دەوامەکان ولەکاتی هاتنەوە (نیوەڕۆیان )

4- ژاوەژاو جۆرێکی تری پیس بوونە لەئەنجامی جووڵەی هات و چۆ لەناو شارەکان بەتایبەتی جووڵەی ئۆتۆمبێل ژاوەژاو بە ڕێژەی (80دیسبڵ) دروست دەکات , ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ( WHO ) دووپات دەکاتەوە کەوا نابێت بەرزی دەنگەکان لە ڕادەی دیاری کراو زیاتر بێت ئەویش تێکڕای (60دیسبڵ ) لو شوێني کار وە (40دیسبل ) لە شوێني نیشتەجێبوون , چونکە دەبتە هۆکارێك بۆ لاوازی بیستن و پاڵەپەستۆ و کەمی چالاکی و کارکردن لەلایەن تاکەکانەوە .

## 4 – بەکاربردنی ووزە :Energy Consumption

ساڵی 1967 جوگرافی ناس ( Jackson ) باسی لەوە کرد کەوا جۆرە جیاوازەکانی ئۆتۆمبێل بە جۆرێك دروست کراون تاوەکو بۆماوەیەکی زۆر بمێننەوە بەهۆی بوونی سوودە جۆراو جۆرەکانیان بۆ مرۆڤەکان , وە قەبارەی هات و چۆ بە تێ پەڕبوونی کات زیاد دەبێت , وەك ئەوەی ئێستا دەبینین ووتەکانی جاکسۆن ڕاست دەرچوون و ڕوییاندا لە دەیەی دووەمی سەدەی 21 , وە ماوەی شەست ساڵە ڕکابەرایەتی لە USA لەنێوان ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر دەستی پێ کردووە وە لەگەڵیدا نیمچە شۆڕشێکی زاڵ لە دروست کردنی تۆڕەکانی ڕێگاوبان لە نێوان شارەکان دەستی پێ کردووە . ئەمەش دەبەتە پێویستیەك بۆ بەرکاربردنی زیاتر لە ووزە جا چ بۆ پرۆسەکانی جووڵەی ئۆتۆمبێل یاخود بۆ دروست کردنیان بێت , وە لەگەڵێشدا پێویستی دروست کردنی ئاسنگاری گواستنەوە وەکو پرد و تۆنێل و بەندەر و فڕۆکەخانەکان و کۆگاکان و شوێني وەستانی ئۆتۆمبێل زیاد بوو.

ڕێژەی بەرکابردنی ووزە بەستراوەتەوە بە زیاجبوونی ژمارەی وەسیلەکانی گواستنەوە لەسەر ڕێگاوبان و شەقامەکان , بۆنموونە ژمارەی ئۆتۆمبێل لە شاری بەغدا بە ڕێژەی (113%) زیادی کرد لەماوەی نێوان 2002-2007 , وە قەبارەی چڕی هات و چۆ لەسەر شەقامە سەرەکیەکان بۆ هەمان ساڵ بە ڕێژەی (121%) زیادی کرد .

وە دراسە و توێینەوە جیهانیەکان ئەوەیان ڕوون کردوەە کەوا ساڵی 2009 نزیکەی لە (20%) لە گیراوەکانی نەوتی خاو لەجیهان بەکارهاتووە لەڕێگەی جووڵەی ئتۆمبێلەکان وە وەسیلەکانی تری گواستنەوە وەکو فڕۆکە و شەمەندەفەر بە نزیکەی لە (10%) بەکاریان هێناوە , اوتە لە (30%) کەرستەی نەوتی خاو بۆ جووڵەی هاتو چۆ بەکار دێت و دەبێتە هۆی پیس بوونی هەوای شارەکان لە گشت جیهاندا و زیادبوونی کونی ئۆزۆن کەوا بە گەرمبوونی گوی زەوی (الاحتباس الحراري ) ناسراوە لەئەنجامی دەرچوونی گازی ( $CO_2$) و گازەکانی تر لە ئەنجامی سووتانی نەوت و خەڵو ز و گازی سروشتی , بە شێوەیەك ساڵی 2020 ڕێژەی گازە دەرچووەکان گەیشتە (40 و 24 و 17 و 19 % ) لەهەریەك لە ولاچتانی یین و هیند و ویلایەتە یەککرتووەکان و ووڵاتانی تری جیهان یەك لەدوای یەك .

## 5 – دزەکردنی نەوت : Oil leak

گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەکان بۆ بازاڕەکانی بەکاربردن لەجیهاندا لەڕێگەی کەشتیە گەورەکانی تایبەت بە گواستنەوەی نەوت ( Tankers ) ئەمەش زۆرجا دەبێتە هۆی دەزەکردنی بڕێکی زۆری نەوت بۆ دەریاکان و ئاوی دەریا و زەریاکان پیس دەکات و وە دەبتە مایەی لەناوبردنی ڕوەك و زیندەوەرە دەریایاکان , بۆ لابردنی ئەم نەوتە ( Oil spill cleanup ) پێویستی بە سەرمایەکی زۆر و توانایەکی زۆر هەیە .

پیس بوونی دەریاکان بە پاشەڕۆی نەوتی خاو لەکاتی پرۆسەی شەحن کردنی نەوت و بەتاڵ کردنیان بۆ گەیشتنی سەنتەری بەکاربردنەکان ڕوودەدات لە کەنار دەریاکان , وەلەکاتی پاکردنەوەی ئەو وەسیلانەی نەوتەکە دەگوازنەوە و فڕێدانی پیسەکان وەکو زەیت و پاشماوەکان بۆ ناو دەریاکان . بۆیە ئەندازیاار و ئابورناسەکان هەوڵ دەدەن بە دەسەلاتداران و بەرپرسانی گرنگی پێدەر بە ژینگەی ئاوی و هەوای کاریە ووزەی جێگرەوە بەکەن لە جیاتی بەکرابردنی نەوتی خاو وەکو ووزەی کارەبا و هایدرۆجین و گازی سروشتی , زۆرلە دەوڵەتانی وەکو یەکێتی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتوەکان و یین خەریکن بەکارهێنانی نەوت کەم دەکەنەوە .

## 6- ڕووداوەکانی هاتو چۆ و سەلامەتی ڕێگاکان :Accidents

گەشەی ئاوەکاری و ئابوری هەرشەمەکی بە درێژایی (ئاڕاستەی ڕێگاوبانەکانی ناو شارن ) وە بەدرێژایی ئاڕاستەی ڕێگا هەرێمیەکانن ) ئەمەش یەکێك لەو هۆکارەانەی دەبێتە مایەی سەرپێچکردنیکی گەوەر لەو ئارشاستان لەلایەك و بلاوبوونەوەی کۆمەڵگەی نیشتەجێبووەکان و دامەزراوە ئابوریەکان وەکو پیشەسازی و کشتوکاڵ و بازرگانی و گەشت و گوزاری ڕێکخراو و ڕێك نەخراو لەلایەکی تر کە دەبێتە نزم بوونەوەی ئاستی سەلامەتی ڕێگاکان لەبەر ئەم خاڵانەی خوارەوە :

1 – هەژاری پرۆسەکانی پلان دانانی هەرێمی و شارنشینی وە دووپات کردنەوەی دابین کردنی ڕووبەری پێویست بۆ وەرگرتنی گەشەی دانیشتوان و ئاوەکاری و ئابوری .

2 – لاوازی گواستنەوە لە تۆڕەی شەقامەکان و لاوازی توانستی ئاڕاستە بەستراوەکانی نێوان پێکهاتە و هێڵی تۆرە ناوەخۆیەکان ولاوەکیەکی و سەرەکیەکان , ئەمەش وایکردووە فۆکەس بخرێتە سەر چالاکیە جۆراو جۆرەکانی بە ئراشستەی ئەم ڕیایانە وەك لە د ەوڵەتە دواکەوتووەکان دەبنین پێشکەوتوو نیە .

3 – زۆربەی دیزاینە سەرەکیەکان و نوێکردنەوەیان وە پلانە هەرێمیەکان بەرەو ئاڕاستەی شەقام و ڕێگا سەرەکی و هێڵی ئاسنینن لە جێگرکردنی بەرکارهێنانی زەویە نوێکاناد , ئەمەش هۆکارە بۆ لاوازی توێژینەوە جوگرافی و ئەندازیاری و ئابوریەکان کە پێویستە ئەنجام بدرێت بەبەستی پلانی دابەشکردنی نمونەی بەکراهێنانەکانی زەوی , ئەمانەش گشتیان لە کۆتاییدا دەبتە مایەی لاوازی ڕیگاکان.

**نمونەی گەورەترین ڕووداوەکانی هاتو چۆ لەجیهان ئەمانەن :**

أ– بەرکەوتنی کەشتیەکان بە چیا بەستەڵەکەکان و نقوم بوونی سەرنشینان وەکو ڕووداوی کەشتی بەریتانی /ئیرلەندی (تایتانیك ) لە نزیك کەناری ڕۆژهەلاتی ئەمریکا پێش سەد ساڵ , وە ڕووداوی کەشتی لە دەریایی یێن و دەریایی ناوەڕاست وەکو ڕووداوی کەشتی ئەندەلوسی ساڵی 2013

ب – بەرکەوتنی شەمەندەفەرەکان یا دەرچوونی شەمەندەفەرەکان لە هێلەکان وەکو ڕووداوی شەمەندەفەری باوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا بوە هۆی مردنی زیاتر لە سەد کەس , وە شەمەندەفەری ڕۆژهەلاتی کەنەدا بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانی نەوت بۆ هۆی کوشتنی 80 کەس لە ساڵی 2013.

ج – کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکان بەهۆکاری چەندین فاکتەر وەکو ڕووداوی فرۆکەی ڕووسی ساڵی 2009 .

## - گواستنەوە و پەرەپێدانی بەردەوام :

**لە خوراەوە پێناسەی لە هەرەیك لە پەرپێدان و پەرپێدانی بەردەوام دەكەین :**

**پەرەپێدان** بریتیە لەباشتركردن و پێشكەوتنی شێوازەكانی ژیانی ئابوری و گوزەران , كۆمەڵایەتی ,تەندروستی , ژینگەیی ,بەمەبەستی گەیشتن بە پێداویستیەكانی مرۆڤ بەشێوازێكی جۆری باش و لەگەڵ باشتركردنیان وبەرزكردنەوەیان .

**پەرەپێدانی بەردەوام** واتە بەرێوەبردن و بەكارهێنانی دیاركراوی سامانەكان بێ بەفیرۆدانی یاخود لەناوبردنی لە وەبەرهێنانی دەرامەتە سروشتیە سەرەكیەكان وەكو خاك و ئاو , لەگەڵ چاكردنەوەی بەردەوام و دووبارە رێكخستنەوەی پرۆسەی وەبەرهێنان و بەكارهێنانی ئەو دەرامەتانە پەیوەست بەپەرپێدانی مرۆیی بەشێوازە جیۆراوجۆرەكانی جا چ گوزەران یا تەندروستی ,فێركردن ,خۆشگوزەرانی یا رۆشنبیری ,ئەمانەش گشتیان بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانی مرۆڤ و دڵنیا كردنەوەیان لەكاتی ئێستا و داهاتوودا لەێگەی تۆری دامەزراوە بەرپرسیارەكان بەگوێرەی جۆراوجۆری توانستی ئابوری و تەكنەلۆژیای نوێی پەسندكراو.

چالاكی گواستنەوە دەبەسترێتەوە بە كەرتە فراوانەكانی تەواوی ژیانی دانیشتوان لە جیهاندا, ئاراستەكانی پلان دانەران و ئابوری ناسان و ئەندازیاران بەرەو پێشكەوتنی خزمەتگوزاری و ئاسانكاریەكانی گواستنەوە دەچێت جا چ لە تۆرەكانی گواستنەوە جیاجیاكان یاخود لە وەسیلەكانی گواستنەوە یاخود هەردووكیان .

گواستنەوە سەرەنجی نێودەوڵەتی بۆ میللەت و حكومەت راكێشاوە بەهۆی پێویستی نەك بۆ ئاستی ئابوری شوێنی وەكو پیشەسازی و كشتوكاڵ و خزمەتگوزاریەكان , بەڵكو بەهۆی پەیوەستی بە بابەتی ووزە وەكو نەوتی خاو و گازی سروشتی ئەویش كە بە دوو ئاراستەیە ئاراستەی ئابوری و خزمەتگوزاری تر , كاتێك بەرهەم هێنان و بازاركردن و هەناردەكردنی نەوتی خاو و پاڵیوراوی نەوت و دووبارە هەناردەكردنی و دابەش بوونی بەرهەمەكان بەستراوەتەوە بە پرۆسەكانی گواستنەوە (بۆریەكان وكەشتیەكان , بارهەڵگرەكان و تانكەكان ) لەم كاتەش جووڵەی گشت وەسیلەكانی گواستنەوەی ئێستا لەجیهاندا پشت دەبەستێت بەم بەرهەمانە

گواستنەوە بەستراوەتەوە بە پێشكەوتنی پیشەسازی وبناغەی دروست كردنی بەندەرەكان و فرۆكەخانەكان و پرد و تۆرەكانی گواستنەوە . هەروەها پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای ئۆتۆمبیل و كەشتی و فرۆكە وشەمەندەفەرەكان , وە بەستراوەتەوە بە ئابوری زۆربەی دەوڵەتانی جیهان , بەمەش ئاراستەیەكی نوێی جیهانی دەدۆزینەوە بۆ خێراكردن لە پلاندانانی گواستنەوە بۆ چارەسەركردنی

کێشەکانی دەوڵەتە دواکەتووەکان وە پێشکەوتنی و زیادکردنی خێرای وەسیلەکانی گواستنەوە لەرێگەی دروست کردنی پرۆژەکانی گواستنەوەی جۆراو جۆرەکان .

## گواستنەوە و پەرەپێدانی ئابوری :

گواستنەوە گرنگیەکی گەورەی هەیە لە پرۆسەی ئابوری بەشێوەیەك کۆنترۆڵی تێچووی زۆری گواستنەوەلە پرۆسەکانی دروستکردنی پرۆژە ئابوریەکان لە زنجیرە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و بازارکردن بەبەردەوامی , وە رەگەزی تێچووی سەرەکی بریتیە لە ( شێوازی گواستنەوە وجۆری رێگا و ماوەی دووری براو ) , هەرچەند خێرایی وەسیلەکانی گواستنەوە زیاد بکات دەبتە هۆی کەمکردنەوەی کاتی گەشتەکە جا چ بۆ گواستنەوەی سەرنشین یاخود کالاکان بێت , ئەمەش بەرەو کورتکردنەوەی کات دەبات وە زیادکردنی بەرهەمەکان کەوا لە کۆتایدا دەبتە باشترکردنی ئابوری شوێنی .

دامەزراندن و پێشکەوتنی پرۆژەکانی گواستنەوە لەهەر هەرێمێکدا پێویستە پێش پرۆسەکانی پەرەپێدان بکەوێتەوە چونکە گواستنەوە هاندەریەتی وە پەرەپێدانیش هاندەرێکە بۆ پرۆژەکانی گواستنەوە , بۆیە گشت پرۆژەکانی گواستنەوە و پەرپێدان پەیوەندیەکی شوێنی دوولایەنەیان هیەە هەرەیەکەیان کار لەوی تر دەکات , بۆیە سیستەمی گواستنەوەی نوێ لە هەر هەرێمێك بە کلیلی پەرپێدانی ئابوری ئێستاو داهاتوو دادەنرێت , چونکە ئەو سیستەمە رۆڵی هەیە لە جووڵەی دینامیکی بۆ پەرپێدانی ئابوری داهاتوو جا چ لە کەرتی کشتوکاڵی یا پیشەسازی بێت .

چەندین شێوازی پەرپێدان هە کەوا ئەندازیاران و ئابوری ناسان و جوگرافی ناسان و پلان دانەران باسیان کردووە وەکو : جەمسەرکانی گەشە و تەوەرەکانی گەشە و خاڵەکانی گەشە و سەنتەرکانی گەشە , تیۆری تەوەرەکانی گەشە لە هەموویان بەناوبانگترە ئەو تەورانە مێژووی سەنتەرکانی نشینگە مرۆیە کۆنەکان دەنوێنێت کە کەوتونەتە سەر یا درێژایی رووبار یاخود بە درێژای و کۆتاکانی وێستگەکانی رێگاوبانەکان ئەمەش بە بەرپرسیارەتی بنەمای ئابوری بۆ پێشکەوتنی ئەو سەنتەرانە دادەنرێت .

ئەو تیۆرە جەخت لەسەر پێشکەوتنی ئابوری سەنتەری نشینگەکان دەکاتەوە وە فۆکەس دەخاتە سەر ئەو شوێنە بەرەو پێشکەوتنی سەنتەرەکانی نشینگە و وفۆکەس دەخاتە سەر دانیشتوان و ئاوەکاری و فراوان کردنی ئەو پرۆژە ئابوریە جۆراوجۆرانەی وەکو کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی و گەشت و گوزاری , وە پیشکەوتنی کۆمەڵایەتی بە درێژای ئەو تەوەانە ,ئەمەش دەبێتە سەرنج راکیچشانێك بۆ چالاکی ئابوری .

## – گواستنەوە و پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی :

چالاكی دانیشتوان و ئابوریە جۆراوجۆرەكان دەبنە مایەیە ڕاكێشانی بەرەو ئاڕاستەكانی گواستنەوەی هەرێمی ئەمەش تێبینی دەركرێت بە بلاوبوونەوەی نشینگە مرۆیەكان بەشێوازی شریتی یا هێڵی لەگەڵ درێژبوونەوەی ئاڕاستەی ڕێگا قیرتاوكراوەكان و هێڵەكانی ئاسنی لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهاندا .

بەستنەوەی گواستنەوە بە پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی لەوە سەرچاوە دەگرێت كەبە جووڵەی گواستنەوە بە ئاوێنەی جووڵەی شوێنی دانیشتوان دادەنرێت لە هەرهەرێمێكدا ، وە هیچ پەرپێدانێكی كەدۆمەڵایەتی سەرناكەوێت بەبێ بوونی سیستەمی گواستنەوەی نوێ و گونجاو بەتوانستێكی بەرز بۆ ئاسانكردنی پرۆسەكانی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕكردنی ڕۆشنبری گشتی وەكو كتێب و گوفار و بلاوكراوەكانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەكان بەو خێرای گەیشتنیان بۆ دانیشتوان لەهەرشوێنێك بن .

پێشكەوتني ڕۆشنبیری كۆمەڵگاكان جەخت لە پێویستی بۆ خوشگوزەرانی دەكاتەوە كەوا چەندین شێوە لەخۆ دەگرێت وەكو گەشت وگوزاری خۆشی و هاوینە و گەشتەكانی كۆتای هەفتە و سەردانی كردنەكانی خێزان ,ئەمانە گشتیان پاڵەنرێك بۆ جووڵەی چالاكی گشتی دانیشتوان وە دەبتە جێ بەجێ كردنی كارەكان بە توانستێكی باش لەڕووی برِی و جۆری لەبوارە جیاجیاكان ، وەكو سەردانی كردنی شوێنە ئاینیەكان وەكو موسڵمانەكان كە بەمەبەستی حەج و عورە كردن سەردانی شوێني پیرۆزی مەكە و مەدینە دەكەن لەگشت شوێنەكانی جیهاندا .

لەخوارەوە باس لە دەركەوتە بنەڕەتیەكانی پەرەپێدانی كۆمەڵایەتی شوێني دەكەین كە پەیوەندی بە ئاسانكردنی گواستنەوە هەیە :

1 – پێشكەوتني كۆمەڵگاكان دیاری دەكرێت بە پلە و ئاستی پێشكەوتني كەرتەكانی گواستنەوە و مەودای چالاكی بوونیان وبەشداری كردنییان لە جێبەجێ كردنی چالاكی و كارە كۆمەلأیەتیەكان و وپەرەپێدانی كۆمەلایەتی و پێشكەوتني خزمەتگوزاری پێشكەش كراو بۆ گشت كۆمەڵگا لەڕووی برِی و جۆی یەوە لەخۆ دەگرێت , ئەو چالاكیانە دابەش دەكرین بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانی نشینگەی شارستانی یا لادێیەكان وە بەگوێرەی پێویستی دانیشتوان بۆ ئەم پێداویستیانە .

2 – ئاسانی گەیشتن بۆ سەنتەرکان لەو چالاكیانەی پەیوەستن بە كات و توانا و تێچووی كەم بۆ گەیشتن بە شوێنیە جیاجیاكانی كۆمەڵایەتی ,ئەمەش لە سیستەمی گواستنەوە بەشێوەیكی باشتر دەبێت چەمد توانست و ئاستی تەكنیكی بەرزتر بێت

3 – سیستەمی نوێی گواستنەوە و پێشکەوتوو ڕێگە دەدات بەبەردەوامی توانایەکی بەرز لە لێکخشانی کۆمەڵایەتی و کەمکرنەوەی گوشەگیری ئەمەش هەڵی کارلیك کردنی شارستانی زیاد دەکات وە بازنەی خزمەتگوزاری کۆمەلآیەتی فراوان دەکات وەکو خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی و خزمەتگوزاری پێشکەشکردنی بە کۆمەڵ و هۆلەکان و خزمەتگوزاری بازرگانی بۆ کۆمەڵگەی بازار و چێشتخانەکان وە جگە لە خزمەت گوزاری کەسی .

4 – خزمەتگوزاری فێرکردن و تەندروستی بە یەکێك لە پیشە گرنگەکانی پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە گشت جیاندا ئەمەش بەهۆی بەستنەوەی بە کاتی ئێستای دانیشتوان و داهاوویان لەگشت بوارەکانی ئابوری و مرۆیی , ئەم خزمەتگوزاریانە پێویستی گرنگ دادەنرێت وە بەستراوەتەوە بەزیادبوونی دانیشتوان و زیادبوونی پێداویستیەکگانی ژیان , بۆیە کۆڵەگەی سەرەکی پەرپێدانی بەردەوامە بۆ کۆمەڵگاکان وەکو فێرکردن بەکشت ئاستەکان و پێشکەوتني گشت بوارکانی تر ٬ بەلآم چاودێری تەندروستی بەدەست دێت بە گرنگی دانی لەڕیگەی دابین کردنی خزمەتگوزاری ڕێگریکردن و چارەسەرکردنی گشت جۆرەکانی نەخۆشی کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوون دایە لەگەڵ زیادبوونی دانیشتوان و چالاکیەکانیان .

5 – پەرەپێدانی کۆمەلآیەتی بەردەوام بەگشت ئەو دەرکەوتانەی باس کرا ناتوانرێت پێش بکەوێت ئەگەرپێتوو بە ئاسانی نەگەن بە سەنتەرکان , لەهەموو بارێکدا ناتوناریت بلآوبوونەوە و دابەش بوونی جۆرەکانی خزمەتگوزاری بۆ گشت کەسێك ببردرێت بەڵکو پێش کەشیان دەرکێت لەڕێگەی سەنتەرکانەوە کەوا دانیشتوان بتوانن بگەن پێی لەڕێگەی سیستەمەکانی گواستنەوە , بۆیە بەم شێوەیە سیستەمی گواستنەوە دەبەسترێتەوە بە هەر شوێنێکی خزمەتگوزاری جۆراو جۆر کە لە کۆتایدا پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی ئاماڿکراو دەنوێنێت .

## - بازرگانی نێو دەوڵەتی: International Trade

## - پێناسەی بازرگانی و پێشکەوتنی

چالاکی مرۆیی ئابوری کۆنە هەڵدەستێت بە گۆڕینەوە و گواستنەوەی کاڵاو شت و مەکەکان بە جۆرەی سەرچاوە سروشتیە جیاجیاکانی یاخود کشتوکاڵی یا پیشەسازی لە سەرچاوەکەیەوە کە دابین کراوە لێی وە فراوان بووە و دەگوێزرێتەوە بۆ شوێنەکانی بەکاربردنی واتە لەو شوێنەی داواکاری لەسەر هەیە , لەڕووی مێژوویەوە بازرگانی پشت دەبەستێت بە گواستنەوە بەگشت سستەمەکانی هەرەلە بەکارهێنانی ماسولکەی مرۆڤ بۆ گواستنەوە تاوەکو گواستنەوەی بە فرۆکەکان , بە بێ بوونی گواستنەوە بازرگانی نابێت و ناکرێت .

ئەگەر بازرگانی وەك چالاکیەکی مرۆیی بێت لەڕوانگەی ئابوری ناسانەوە ئەوا لەلایەن جوگرافیناسانەوە گرنگییەکەی بریتی دەبێت لە : کاریگەری دیاردە سروشتی و مرۆییەکان لە هەڵسان و پێشکەوتنی ئاستی بازرگانی هەر هەرێمێکی جوگرافی , ئەویش دوو جۆرە بازرگانی یەکەم ناوخۆیی /خۆجێی لەناو هەموو دەولەتان هەیە , جۆری دووەم بازرگانی جیهانی یا نێو دەوڵەتی .

ماوەی 3 هەزار ساڵە چالاکی باررگانی دەستی پێکردووە لەنێوان وولاتان لە سەدەی کۆن و ناوەڕاست و نوێیەکاندا , واتە لە زەمەنی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری و بابلی و مسری ویونانی و سینیەکانەوە , لەبەناوبانگترینیان ئەوەی لەرێگەی ( حەریری ووشکایی/ئاوی ) ئەنجام دراوە کەوا درێژب بوە لەنێوان سین و ناوەراستی ئاسیا و ئەنادۆڵ و زەریای هیندی و دەریایی ناوەڕاست .

وەلە سەدەکانی ناوەڕاست بازرگانی عەرەبە موسڵمانەکان لەکاتی دەوڵەتی عەباسیەکان لەنێوان دوورگەی عەرەبی و دەوڵەتانی شام و ڕۆم و فارس و هیندو سین بووە .

**پێناسەی بازرگانی ناوەخۆیی :** ئەو بازرگانیەیە لەرێگەیەوە ئاڵوگوری کاڵا و شتومەك و خزمەتگوزاری لەنێوان تاکەکانی هەمان دەوڵەت و لەرێگەی سیستەمەکانی گواستنەوەی وولاتەکە ئەنجام دەدرێت.

**پێناسەی بازرگانی نێو دەوڵەتی :** جووڵەی گۆڕینەوە و گواستنەوەی کاڵاو شتو مەکەکانە لەگشت جۆرە جیاجیاکانی سەرچاوە سروشتیەکان و کەرستەی خاو و ێیشەسازی و کشتوکاڵکردن لەو دەوڵەتەی هەیەتی و دابینی دەکات بۆ ئەو دەوڵەتانەی داوکارایان لەسەر هەیە بەمەبەستی بەکاربردینان ,کەوا پشت بە سیستەمەکانی گواستنەوەی ئاوی و ووشکای و ئاسنمانی دەبەستێت .

بازرگانی نێو دەوڵەتی پێشکەوتنی گەورەی بەخۆیەوە بینی لەگشت سەدە جیاوازەکاندا , کەوا ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی بەسترا بۆ ڕێکخستنی بازرگانی جیهانی و ڕێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی ( WHO ) لەساڵی 1995 دامەزرا , وە مەڵبەند وبۆرسە تایبەت بە بارزگانی جیهانی کرایەوە بەمەبەستی دیاری کردنی نرخی جیهانی بۆ شگشت شتو مەك و کاڵاکان , وە نرخی دراوی جیهانی دانرا , وە بازرکانی نێودەوڵەتی لەدوای فراوان کردن و پێشکەوتنی تەکنەلۆچیا بۆ ئەنجامدانی گواستنەوەی پێشکەوتوو و کەشتی و بەندەرە گەورەکان .

## - قۆناغەکانی پەیوەندی جیهانی و گواستنەوە :

بەدرێژایی مێژوو پێشکەوتنی مرۆڤ پشتی بەستوە بە گەرانی بەردوام بۆ پێشکەوتنی پەیوەندیەکان ( Counectivity ) لەنێوان نشینگە مرۆییەکان لەڕووی کۆمەلایەتی و ئابوریەوە کە چالاکی بازرگانیش لەخۆ دەگرێت , قۆناغەکانی پەیوەندی جیهانی بە شەش قۆناغ تێپەڕ بووە ئەوانیش :

**یەکەم /** قۆناغی پشت بەستن بە قافلەکانی گواستنەوە.

**دووەم/** قۆناغی پشت بەستن بەبەکارهێنانی (هێزی هەڵمی ئاو کەوا لەئەنجامی سوتانی خەڵوزی بەردی بەرهەم دەهات ) ئەمەش بەکاردەهات بۆ هێزی جووڵەی بزوێنەراکانی شەمەندەفەر و باخیرە و کەشتی و بەلەمەکان .

**سێیەم/** قۆناغی پشت بەستن بە بزوێنەرکانی کە لەناوەوە دەسوتان وپشتیان بە مشتقات (گیراوەکانی)نەوت دەبەستن بۆ جووڵانی وەسیلەکانی گواستنەوە جۆراوجۆرەکان بەتایبەتی ئۆتۆمبێل کەوا ئەویش پێویستی بە تۆری ڕێگاوبانی قیرتاوکراو هەیە.

**چوارەم /** قۆناغی ئاسمانی زەوی.

**پێنجەم/** قۆناغی پشت بەستن بە پەیوەندیە لاسلکیەکان و سیستەمی پەیوەندیکردنی گەردوونی گشتگیر لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە ئەویش پشتی بە ووزەی کارەبا و گواستنەوەس ئاسمانی بە فرۆکەکان دەبەست .

**شەشەم/** قۆناغی تێکەڵ بوونی فراوان و تەواوکاری ئێستا بۆ پەیوەندیەکان و تۆرەکانی پەیوەندی گەردوونی و تۆرەکانی گواستنەوەی زەوی (ئاوی و وشکایی و ئاسمانی )جیاوازەکان .

## - ئەو فاکتەرە جوگرافیانەی کاریگەریان هەیە لەسەر ئەنجام دانی بازرگانی نێو دەوڵەتی :

### یەکەم/ فاکتەرە سروشتیەکان :Natural factors

1 – جیاوازی دەرامەتی کشتوکاڵی و ئاژەڵی لە دەوڵەتانی جیهان بەگوێرەی جیاوازی ڕەگەزە سروشتیەکان وەکو ئاو و خاك و ئاوهەوا و ڕووی زەوی ,ئاوهەوا ڕۆڵێکی دیاری هەیە لەسەر دیاردەی دابەش بوونی شوێنی ئەو دەرامەتانە ,چونکە هەر ڕووەکێك یا ئاژەڵێك پێویستی بە برێکی دیارکراو لە پلەی گەرمی و ڕووناکی وشی و با هەیە,ئەم ڕەگەزانەش لە دەوڵەتێك بۆ ئەوی تر دەگۆڕێت و جیاوازە بەگوێرەی شوێنی جوگرافیەکەی ٬بۆیە بەرهەمی بەرووبومە کشتوکاڵیەکان لەگەڵ شێوازی ئاوهەوای ناوچەکە دەگۆڕێت .

2 – جیاوازی دەرامەتی کانزاکان وو دابینکردنی ئەو زیادانەی وەك (نیکل و مس و زێر ) وە جیاوازی دەرامەتی ووزەکان (نەوت و گاز و خەڵوز) ئەم دەرامەتانە بەشێوەیەکی نایەکسان لەسەر ڕووی زەوی دابەش بوونە لەڕووی جۆر و بڕ و کواڵێتیەوە کەوا کاریگەرە بە پێکهاتەی جیۆلۆجی بەردەکان .

3 – جیاوازی ڕووبەری دەوڵەتان کە دەبێتە هۆیەك بۆ جۆراوجۆری دەرامەتەکانی لە کانزا و خاك وجیاوازی هەرێمەکانی ئاوهەوا و وە جیاوازی شوێنی (موقعی ) ,ئەمانەش دەبنە مایەی جۆراوجۆری بەرووبومی کشتوکاڵی .

## دووەم /فاکتەرە مرۆییەکان: Human factors

1 – جیاوازی ژمارەی دانیشتوان و دابەش بووینان, وە ڕێژەی ئەو تەمەنانەی توانای کارکردنیان هەیە وە زانینی ئاستی کارامەییان ، وە پێوانەکردنی قەبارەی بازرگانی بە ژمارەی دانیشتوان دەکرێت, هەرچەند ژمارەی دانیشتوان زۆربێت ئەوا قەبارەی بەکاربردنی کەمتر دەبێت و هاوردەکردنی زیادەی بەرهەمەکانیان لەبازارەکانی جیهان زیاتر دەبێت , بەلام هەندێك کار هەیەوە کو کشتوکاڵکرن پێویستی بەدەستی کاری زۆر هەیە وەکو (لۆکە و کەکاو مەتات) بۆیە لە ناوچەکانی (میسروهیندوغانا) پیشی کشتوکاڵ زۆرە وە سروشتێکی گونجاویشی هەیە و چری دانیشتوانی زۆرە بەڵام کرێی کارکردن کەمە .

2 – جیاوازی ئاستی داهاتی دانیشتوان لەنێوان دەوڵەتەکان ، کاریگەری هەیە لەسەر بازرگانی نێودەوڵەتی بەستراوەتەوە بەداهاتی تلاك و هێزی کرینیان, هەرچەند داهاتی تاك بەرز بێت ئەوا توانای کرینی زیارتی دەبێت و قەبارەی بازار فراوانتر دەبێت بەپێچەوانەوەش ڕاستە , دەوڵەتە سەرمایەدارەکان هاوردەی لە (66%) لە کۆی هاتتوی جیهان دەکەن بەلاَم دەوالەتانی تازە پێگەیشتولە (24% ) هاوردە دەکەن .

3 – ئاستی پێشکەوتنی وەسیلەکانی گواستنەوە بەگشت جۆرەکانیەوە .لە گرنگترینیان سەرپەرشتی کردنی دەریاکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی لەسەر هێلی دەریایی بازرگانی جیهانین و ئەمەش دەبتە مایەی ئاسانی هەناردەکردن و هاوردەکردن .وەکو بەریتانیا ویابان .

4 – ئاستی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و شارستانی , دابینکردنی زیادەی بەرهەمە پیشەسازیەکان بەشێوەیەك دەوڵەتە پێشکەوتووەکان پێش دەوڵەتە دواکەوتوەکان کەوتون بە جیاوازیەکی زۆر لەڕووی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە ئەم جیاوازیەش بۆتە هۆی کارکردنی بازرگانی جیهانی , وەبەهۆی بوونی زانستی زۆر و سەرمایەی زۆر لەم وولآتانە وایکردووە دوای داهێنان و توێژینەوە و پێشکەوتنی وەسیلەکانی بەرهەیەم هێنان بێت .

## - پێکهاتەکانی بازرگانی نێو دەوڵەتی :International Trade elements

1 – بەرهەمە خۆراکیەکانی سروشتی وەکو خوێ , کشتوکاڵی وەکو دانەوێلە بە گشت جۆرەکانیەوە وە پیشەسازی وەکو قووتوکراوەکان .ئەم خۆراکی ناوەخۆیانە لە بازرگانی و جۆەرکانی دروست دەبێت وەکو گۆشت و دانەوێلە و زەیەت و خواردنەوەکان ,هەریەکەیان نرخی دیاریی کرداوی خۆی هەیە کەوا کاریگەری لەسەر هاوردەکردن و هەناردەکرن دەبێت بەگوێرەی هەرزانی و گرانی بەرهەمەکان .

2 – کالآی پیشەسازیە جۆراوجۆرەکان وەکو کەرستەی بیناسازیەکان , وەسیلەکانی گواستنەوە وەکو ئۆتۆمبێلەکان وە جلوبەرگ و ئەلکترۆنیەکان و ئامێرە کارەبایەکان و دروستکردنی بەرهەمە کیمیایەکان و ئامێرەکان .,ئەمانەش بەهۆی زۆری نرخی تێچوون و پێویستی ئامێری پێشکەوتوو وایکردووە لەدەوڵەتە دواکەتوەکان دروستکردنیان کەمتر بێت یاود هەرنەبێت بەبەرراود بە دەوڵەتە پێشکەوتوەکان.

3 – ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ و پیشسازی , وە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری وەکو ئامێرەکان و جیهازەکان .

4 – کەرستە سەرەتایەکان وەکو نەوت و گازی سروشتی و ووزەی کارەبا ) وە کەرستەی سەرتای /کانزای وەکو ئاسن و مس و ئەلەمنیوم و فۆسفات و کبریت ,بازرگانی کردنی کەرستە کانزایەکان لە (7.4%) لەکۆی نرخی هەناردەکردنی جیهانی داگیر دەکات .

## -هەرێمەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی و کێشەکانی :International Trade territores

### - هەرێمە گەورەکانی بازرگانی نێو دەوڵەتی :

بازرگانی نێودەوڵەتی لەچەندین هەرێمی گەورە پێك هاتووە بۆ گۆڕینەوەی بازرگانی نێودەوڵەتیەکان وە بە چڕی جووڵەی کەشتیە گەورەکان جیا دەکرێتەوە بۆ گواستنەوەی چەندین ملیۆن تەن ساڵانە لەگشت جۆرەکانی پێکهاتەی بازرگانی نێودەوڵەتیەکان , وە گەورەترین ئەو هەرێمە بازرگانیە نێو دەوڵەتیانەش ئەمانەن :

1-هەرێمی درێژبووەوەی (لەڕێگەی زەریایی هێمن ) لەنێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا وەکو سین و یابان وە دەوڵەتانی هەردوو ئەمریکای باکور و باشور . شتومەکی ناوەخۆی بازرگانی ئەمریکای باکور وەکو مەوادی کشتوکاڵی و کانزایی و پیشەسازی وەکو ئۆتۆمبێل و فرۆکەو بەرهەمە کیمیایەکان و دانەوێلە و دار و نیکل و خەڵوزو نەوتی خاو گازی سروشتی ,بە گەورەترین ووڵاتان دادەنرێن لەبواری هالوردەکردن و هەناردەکردنی جیهانیدا . بەلاّم ئەمریکای باشور لەرووی کالاّی ناوەخۆی بازرگانی لە گۆشت و سوف و پیست لە ئەرجەنتین وە شیر و کاکاو لەبەرزایل وە مس و سۆدیۆم لەشیلی وە زێرو زیو نەوت لە مەکسیك و فەنزویلا .

2-هەرێمی درێژبووەوەی (لەڕێگەی زەریایی هیندی و کەناڵی سوێس و دەریایی ناوەڕاست ) لەنێوان دەوڵەتانی ڕۆژهەلاّت و باشوری ئاسیا و دەوڵەتانی ئەوروپا .لە کالاّی پیشەسازی (ئۆتۆمێل و کەشتی و ئامێری کارەبای و بەرهەمە کیمیایەکان ) و نەوت و گاز وکانزا و سوف و لۆکە و خەڵوزی بەردی و دار ) .

3-هەرێمی درێژبووەی (لەڕێگەی زەریایی ئەتلەسی ) لەنێوان دەوڵەتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا و دەوڵەتانی ئەمەریکای باکور وە ئەمەش گەورەترین ئاستی ئابوری بەرزە لەجیهاندا.وە ناوچەکانی ئەوروپا شوێنێکی گرنگیان هەیە لەبازرگانی لە جیهاندا لە (38.9%) هەناردە دەکات لەکۆی نرخی هەناردەی جیهانی وە لە (40% )هاوردە دەکات لە کۆی نرخی هاوردەی جیهانی لەگرنگترین ئەو کەرستانەیش وەکو نەوتی خاو و گازی سروشتی و دار و لۆکە و سوف و دانەوێلە و ئامێر و جیهازی کشتوکاڵی .

## - دیارترین کێشەکانی بازرگانی نێو دەوڵەتی : problems International Trade

أ- نەبوونی ئەنجامدانی بازرگانی دوقۆڵی . زۆربەی ووڵاتانی تازە پێگەیشتو بەدەستیەوە دەناڵێنن بەهۆی نەبوونی توانیان لە هاوسەنگیکردنی ئەنجامدان و وەیستی ئەنجامدانیان لەگەڵ هەناردەکردنی کالاّ و شتومەکەکانیان ,ئەمەش پێویستی بە هەوڵی گەورە هەیە لەلایەن ئەم دەوڵەتانەوە بۆ چاکردنی ئابوریەکە کەلەئەنجامدا دەبێتە هاوسەنگی بازرگانی دەرەکی لەم ووڵاتانەدا .وە بوونی کێشەی قەرزی ووڵاتان گەورەترین کێشە و ڕێگرە لەبەردەم بازرگانی ووڵاتانی قەرزدار چونکە بەهۆیەوە ولاّتە سەرمایەدارەکان قەرز لەشێوەی وەبەرهێنان و یارمەتی دان پێشکەشیان دەکات ئەمەش بەمەبەستی جێبەجێ کردنی پلانی پەرەپێدان و پرۆژە کشتوکاڵی و پیشەسازیەکان لە و لاتانە و کۆنترۆڵ کردنیان

ب – پشت بەستن بە چەندین دەوڵەت بۆ هەناردەکردنی یەك مادە وەکو هەناردەکگردنی نەوتی خاو بەرامبەر بە هاوردەکردنی هەموو شتێك ,بەمەش ئەو دەوڵەتانە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی نرخی کاڵاکان بەتایبەتی دەوڵەتە دوواکەوتووەکان بەمەش پەرپێدان و گەشەی ئاوبری و کۆمەڵایەتی درەنگ دەخات یاخود هەر نایهێیڵێت .

ج – دوواکەوتوی درەچەی هاوردەکردن و هەناردەکرن و وەسیلەیکانی گواستنەوە کەوا دەکات نرخی دەرامەتە هاوردەکان بەرز ببێتەوە وە ڕێگر لەبەردەم هەناردەکردن و زۆری تێچوو زیاددەکات .

**چارەسەرکردنی کێشەکانی بازرگانی نێو دەوڵەتی لە دەوڵەتە دوواکەوتووەکان :**

ا- فراوانکردنی بناغەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و پێشکەوتني کەرتی سامانی ئاژەل لەم ولاتانەی کە هەیە ,بۆ دابینکردنی پێداویستی ناوەخۆیی وە زیادکردنی هەناردەکرنی ئەوجۆە بەرهەمەی کە دەتوانێت پێشبڕکێی لەسەر بکات وە دوورکەوتنەوە لەپێشبڕکێی نێوان دەوڵەتانی دواکەتوو .

ب- پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵی لەگەڵ فۆکەس خستنە سەر ئەو پیشەسازیانەی توانای دابینکردن و گەشەی ناوەخۆییان هەیە، وە پێشکەوتني کەرتی گواستنەوە وپەیوەندیەکان بەشێوەیەك بگوجێت لەگەڵ داواکاریەکانی پەرپێدانی ئابوری ئەو ناوچانە .

## ئاڕاستە نوێیەکانی بازرگانی جیهانی :

## بازرگانی نێودەوڵەتی نوێ و پرۆسەکانی گواستنەوە :

## تایبەتمەندی بازرگانی نێودەوڵەتی: Characteristcs of International Trade

1 – چالاکی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی بەمەبەستی بازارکردن و هەناردەکردن ، وە هاوردەکردنی مدخلاتی ناوەخۆ و دەرەکی تەواوکەری ئابوری هەردەوڵەتێك لەهەرکەرتێکی کشتوکاڵی و ڕاو و پیشەسازی و کانزایی و گۆڕاوو خزمەتگوزاری تر بێت .

2 – بازرگانی نێو دەوڵەتی کەوتۆتە ژێر چەندین فاکتەری جوگرافی ئابوری بەهۆی جیاوازی ئاستی پێشکەوتن و گەشەی ئابروی نێوان وولاتان کەوا ئەمەش بەدواداچوونی پێشکەوتني پێداویستی دانیشتوان و پێشکەوتني بەرهەمی ئابوری دێنێت.فاکتەری جوگرافیش جیاوازن وەکو بەرزونزمی و خاك و پێکهاتەی بەردی و اوهەوا.

## -پرۆسەی گواستنەوە و چالاکی بازرگانی نێو دەوڵەتی :

چەقی ئابوری لە هەرهەرێمێك دەربارەی چالاکی کشتوکاڵی و پیشەسازی (کانزایی و گۆڕاو) یا خزمەتگەوزاریە , وە ئەمانەش بەبێ بوونی چالاکی بازرگانی بۆ بازارکردن و هەناردەکردنی بەربووم و بەرهەمەکان و دڵنیایی کردن و هاوردەکردنی بەرهەمە جۆراوجۆرەکان یا ئەو شت و مەکەکانی بەمەبستی بەکاربردنی ڕاستەوخۆ بەکاردێت ناکرێت .

1 – گواستنەوە بە وەسیلە جۆراوجۆرەکان – هەر لەوکاتەی مرۆڤ داهێنانی وەسیلەی گواستنەوەی ئاوی ووشکایی دروست کردووە لەسەر رووی زەوی پێش 5 هەزار ساڵ بوە -کەوا ئەمانەش شتانێکی زۆر گرنگیان پێشکەش بەمرۆڤەکان کرت وەکو کورت کردنەوەی ماوەکان و کەمکردنەوەی کاتەکان .

مرۆڤ کاتێك دەستی بە جووڵەکرد بۆ ناوچەو هەرێمەکانی دەوروبەری لەرێگەی ووشگای وئاوی وەکو دەریاو زەریا و ڕووبارەکانەوە ئەمەش بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی بنەماکانی ژیانی خۆی بوو لە خۆراك و کانزا و پیشەسازیەکا لەرێگەی چالاکی بازرگانیەوە ,ئەمەش بەرە بەرە پێشکەوتني بەخۆیەوە بیني بۆۆوە هۆی ڕوودانی بازرگانی نێودەوڵەتی نوێ گەورەکانی ئێستامان لە ڕیگەی کیشوەرکان بەوەسیلە جۆراوجۆرەکانی گواستنەوە .

2 – بازرگانی چالاکیەکی ئابوریە لەگەڵ مرۆڤ بووە هەرەلە سەرتاوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی پێداویستی خۆراکی دواتر زیادکردنی بەربوومە کشتوکاڵیەکان ,ئینجا دەرهێنانی کانزاکان لەناو ناخی زەوی و بازرگانی کردن پێیانەوە , دواتر کاری پێشکەوتني دروستکردنی پیشەی دەست و پیشسازی بەرهەمەی دروستکراو وە ئێستاش کالآی ئەلکترۆنی , بازرگانیش ئاشکرایە بەدرێژی مێژوو پشتی بە گواستنەوە بەستوە واتە بی گواستنەوە بازرگانی بوونی نابێت .

3 – بازرگانی وەك باسمان کرد پشت دەبەستێت بە چالاکی گواستنەوە جۆراوجۆرەکان بەگشت وەسیلە جیگر ەکان وەکو ڕێگاوبانەکان ووەسیلە جووڵاوەکان وەکو ئۆتۆمبێل کەوا بە بنەڕەتی سەرەکی بازرگانی کردن دادەنرێت لەگەڵ ڕەچاوکردنی پێشکەوتني گەورەی تەکنەلۆژیا لەگشت ئەوانەی بەکانزا دەکرێن یا دروست دەکرێن یاخود بەرهەم دێن لەرێگەی کشتوکاڵکردنەوە ,یا دابەش بوونی گشت پرۆسەکانی دابەشبوونی ڕاستەخۆ و ناراستەوخۆ بەتاك و بە کۆمەڵ لەخۆ دەگرێت . دواتر گواستنەوە بەبازرکردن و کۆکردنەوە و ئامادەکردن بۆ گشت ئەم کالآیانە ئەنجام دەردرێت ئینجا بەتاك یا کۆمەڵ لەبازارەکان دابەشدەکرێن و دەفرۆشرێن .

4 – شێوازی ڕکابەری و پێشبڕکێی نوێ بازرگانیەکان بریتیە لە وەسیلەی گواستنەوە ئەویش ُبە پشت بەستن بە وەسیلەی خێرا و وکەمترین بڕی تێچوو وە بە فاکتەری تەکنەلۆژیا دەبەسترێتەوە لەگەڵ

ئاستی ئابوری و گەشەی هەر دەوڵەتێك یاخود كۆمەڵگەیەك . ئەو دەوڵەتانەی ناتوانن بەندەر دروست بكەن بۆ ئەوا ئەو دەوڵەتانە لە بەندەرە تەقلیدیەكان دەمێنیتەوەوە بۆ پرۆسەكانی پێشبڕكێ لەنیوان كەشتی حاویە گەورەكان و كەشتی گواستنەوەی شتومەكە تقلیدیەكان ناشێن .

5 – شوێني جوگرافی رۆلێكی گەورەی هەیە لەسەر پێشكەوتني بازرگانی نێودەوڵەتی وەكو وولاتی عێراق هەرەلەكۆنەوە گرنگیەكی زۆری هەبووە لە پرۆسەكانی گواستنەوەی بازرگانی بەڵام دواتر ئەو گرنگیە كەمی كرد ولاواز بوو پاش كردنەوەی كەناڵی سوێس ساڵی 1869 .

وە ئەو دەوڵەتانەی شوێنیان بەگوێرەی دەریا و زەریاكانە گرنگیان زۆرە لەرووی پێشكەوتني بازرگانی نێو دەوڵەتی ,لەكاتێك هێلی دەریاوانی و بازرگانی نێو دەوڵەتی پێدا دەڕوات وەكو دووړگەی بەریتانیا گرنگیەكەی زیاتر بوو دوای دروستكردنی تۆنێلی دەریای مانش بۆ واستنەوەی ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر بەرەو ئەوروپا لەژێر ئاوی دەریاوە.

6 – پرۆسەی پێشبڕكێ بەستراوەتەوە بە خێرایی و كەمی تێچوو بەستراوەتەوە وە ئاراستەی جیهانی نویٰ بەبەرو تەوابوون لەنیوان سیستەمی گواستنەوە خۆیەتی جا چ بۆ شتومەك یان مرۆڤەكان بێت بەشێوازی گواستنەوەی ئاوی و ئاسمانی و ووشكایی . لەگەڵ ئەوەی پرۆسەی پێشبركێ كردنی نیوان وەسیلەكانی گواستنەوە دەگەرێتەوە بۆ سوودی ئەو وەسیلەیە بەراورد بە وەسیلەكەی تری گواستنەوە لرووی خێرایی و كەمی خەرجی گواستنەو و تیوون وە كەمی كرێیەكەی . بەجۆرێك پرۆسەی پێشبركی لەنیوان وەسیلەكانی گواستنەوە بابەرتێكی رێژەیی و گۆڕاوە بەگوێرەی پێشكەوتني تەكنەلۆژی بۆ وەسیلەی گواستنەوەی نویٰ وە ئاستی بەرهەم و بەكاربردنی جیهانی .

## گواستنەوەی بازرگانی جیهانی لەرێگەی حاویەكان :

حاویە بریتی یە لە هەڵگرێكی كانزایی لەشێوەی سندوق كەوا دەتوانرێت بەكاربهێنرێت بۆ گواستنەوە جۆراوجۆرەكان بەئاسانی و بەخێرایی وە كەمكردنەوەی لە دەست دان و تێك چوونی كاڵا گوێزراوەكان , هەروەها ئاسانی سوڕانەوە و گواستنەوەی حاویەكان لەنیوان وەسیلەكانی تری گواستنەوە وەكو كەشتی و شەمەندەفەر و شاحنەكان .

لەگەڵ ئەوەی بەكارهێنانی حاویەكان بۆ گواستنەوەی كاڵاكان كۆنە لەكاتی هێڵی ئاسنینەوە بوە وە لەدوای ساڵی 1950 ەوە بەكارهێنانی زیاتر بووە . سەدەی رابردوو دەستپێكێكی گەورەی بەخۆیەوە بینوە لە بكارهێنانی حاویەكان بۆ گواستنەوە و گرنگیەكی گەورەی هەیووە چونكە دەچێتە ناو سیستەمی گوتستنەوەی تەواوكاری و وورد لە نیوان گواستنەوەی حاویەكان بە رێگای قیرتاوكراو و هێڵی ئاسنین لەلایەكی تر , وە گواستنەوەی ئاویش لەلایەكی تر .

**مەرجەکانی بەکارهێنانی حاویەکان :**

**یەکەم /** گواستنەوەی بارزگانی نێوان دوو دەوڵەت یا زیاتر بەوە جیا دەکرێتەوە ئابوریەکی بەهێز و پێشکەوتیان هەە وەکو ولاّتانی ێین و یابان و ئەڵمانیا و ئەمریکا .

بوونی سیستەمی گواستنەوەی ناو میناکان بە تۆری ڕێگاوبانی قیرتاوکراوی خێرا و هێڵی ئاسنینی نویٚ بۆ خێرای گواستنەوەی حاویەکان بە تانك و بارهەڵگر و شەمەندەفەرەکان بەهەردوو ئاراستەی هەناردەکردن و هاوردەکردن.

**دووەم/** جۆراوجۆری حاویەکان بەگوێرەی ئاستی بەندەر جیهانیەکانە لە چۆنیەتی دیزاین کردنیان ، هەیانە دارخاوە وە هەیە کراوە ,سارد و دوور لەگەرمی و حاویەی شلەمەنیەکان , ئەمەش بۆ جۆراوجۆری دیزان و دروستکردنی حاویەکان دەگەڕێتەوە کەوا دەبتە مایەی جۆراوجۆری شت و مەکە گوازرەوەکان بەم حاویانە .

**سێیەم/** پێوەری حاویە جیهانیەکان لەنێوان (6م) و (12.5م) درێژی وپانیانە وەبەرزیان لە 2.5م زیاتر نابێت بۆ هەریەکێکیان.

**چوارەم /**گواستنەوە بە حاویەکان بەردەست دەبێت لەکاتی هەڵگرتن و پڕکدن و بەتاڵ کردنی حاویەکان هەروەها جیاوازی لە پرۆسەی هەڵگرتن و بەتاڵکردنی شتومەکە گوێزراوەکان زیاتر لە (هەزار تەنە لەیەك کاتژمێردا) بەراورد بە گواستنەوە بە کەشتیەکان.

**پێنجەم/** باری هەڵگرە گەورەکانی کەشتیوانی حاویەکان (7-18 هەزار حاویە) یە کەوا دەبتە ماەیە نزم بوونەوەی تێووی شحن و گواستنەوەی کالاّ جیاوازەکان لە جیهاندا بە ڕێژەی 12% لە نرخی کالاّی گوێزراوە بە کەشتیەکان ,ئەمەش دەبتە هۆی نزم بوونەوەی نرخی کلاّ و خێرای جووڵەی بازرگانی جیهانی

**شەشەم/** گواستنەوە بە حاویەکان بەستراوەتەوە بە توانا و تەکنەلۆژیای سەر میناکان واتە ئەو ئامێرانەی ووزەیان بەرزە بۆ سورانەوە و هەڵگرتنی حاویەکان بە گشت جۆرەکانیەوە .

**حەوتەم/** دەوڵەتە ئابوریە بەهێزەکان لەدوای پێشکەوتني بەندەری حاویەکان و تۆرەکانی گواستنەوەی ووشکای نزیك وە بەستراو بەو بەندەرانەوەن , وە گواستنەوەی شێوازی حاویەکان لەجیهاندا بۆتە شێوازەکی بەربلاّو و گرنگ , لەگرنگترین بەندەری حاویە جیهانیەکان بەندەری نکۆیا لە یابان وە بەندەری  سیاتل لە کەناری ئەمریکای ڕۆژئاوا وە ئەم بەندەرانە بەستراونەتەوە بەڕێگای قیرتاوکراو هێڵی ئاسنین لە کیشوەری ئەمریکا .

## - ئاسۆی بازرگانی نێو دەوڵەتی نوێ: International Trade prospects

## بازرگانی نێو دەوڵەتی نوێ و جیهانگیری: International Trade and globalization

ئاراستەی ئابوریەکان لە هەرێمەکاندا دەربارەی چالاکی کشتوکاڵی و پیشەسازی (کانزای و گۆڕاو) ئا خزمەتگوزرایە , ئەمەش بەبێ بوونی چالاکی بازرگانی بۆ بازراکردن و و هەناردەکردنی بەرهەمەکان و هاوردەکردنییان و دابین کردنی کاڵاکان بەمەبەستی بەکاربردنی ڕاستەوخۆ نابێت و ناکرێت , وە بازرگانی هەر لەکۆنەوە پشت بە چالاکی گواستنەوە بەگشت جۆرەکانی (جوڵاو وجێگر) دەبەستێت بەهەموو جۆرەکانی گواستنەوە .

بازرگانی نێودەوڵەتی نوێ پێشکەوتني گەورەی بەخۆیەوە بینی بۆ گواستنەوەی کاڵا و خزمەتگوزاریەکان بەگشت ڕەگەزە جیاوازەکانیەوە , بەجۆرێك ڕێکەوتني نێو دەوڵەتی بۆ ڕێکخستني بازرگانی بەستراو لەوانیش ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی ( WTO) ساڵی 1995 ,هەروەها مەڵبەند /برۆیە بۆ دیاریکردنی نرخی جیهانی بۆ زۆربەی کاڵا و شتومەکان وە بازرگانی نێودەوڵەتی کەوتە ژێر نرخی دراوە جیهانیەکان , وە پاڵنەری سەرەکی بازرگانی نێودەوڵەتی فراوان کردن و پێشکەوتني تەکنەلۆژیا بۆ وەسیلەکانی گواستنەوەی پێشکەوتوی وەکو کەشتی و بەندەر گەورەکان , وە بازرگانی نێودەوڵەتی کۆی گشتی هەناردە کردن و هاوردە کردن تەنها لەساڵی 2000 گەیشتە 6.5 تریلۆن دۆلار واتە 2 جار زیاتر بوو بەراورد بە ساڵی 1970 لەو دەوڵەتانەی پلەی یەکەمیان هەبوو لەو بازرگانیە هەریەك لە سین و ئەڵمانیا و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و یابان بوو .

## - ئاراستەی جووڵەی بازرگانی نێو دەوڵەتی نوێ :

جووڵەی بازرگانی نێو دەوڵەتی نوێ کۆنترۆلی هەندێك دەوڵەتانی جیهانی کرد بەتایبەتی دەوڵەتە ئەوروپیەکان , وە لەسەرتای سەدەی بیست و یەك دت گشت کار و چالاکیە زانستی و ئابوری و سەربازی و سیاسی سەردەکەوێت و پێش دەکەون لەسەر بنەمای جووڵەی بازرگانی نێودەوڵەتی , کەوا لەدەست کۆکەڵێك کۆمپانیا جۆراو جۆرەکانە ,وەك ئەوە وایە تەنها لەژێر دەستی یەك دەوڵەت دابێت ئەویش ئاماجی کۆنترۆڵ کردنی تەواوی بەسەر بازرگانی نێو دەوڵەتی هەناردە و هاوردە و گواستنەوە هەیە ,هەروەها دیارکردنی نرخی کاڵاکان کەوا پەیوەندی بە جوڵەی دراو و نرخی دراوەکان هەیە .

سیستەمی بازرگانی جیهانی ئێستا کۆمەڵێك کۆمپانیای گەورەی دەوڵەتە زلهێزەکان بەڕێوەی دەبەن ئەم دەوڵەتانەش هەولی کۆنترۆڵ کردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان و بازرە جۆراوجۆرەکان و دیاری کردنی نرخەکان دان , واتە سیستەمێك هەیە لەدوای ئاماجێك دایە بۆ پێکهێنانی سەروەت و سامانێکی زۆر بۆ

کۆمەڵە کۆمپانیایەك یاخود دەوڵەتێك لەسەر حسابی ملیۆنەها دانیشتوان و سەدان ووڵاتانی هەژار و دواکەوتوو , دەستپێکردنی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کۆمپانیانەی نرخی گشت بەرهەمە کشتوکاڵی و پیشەسازی و دەرامەتە سروشتیەکان دیار دەکرد بۆ هەر تاك یاخود ناوچەیەکی سەر رووی زەوی بەتایبەتی دوای پێش کەوتني تەکنەلۆژیا لەبواری گواستنەوە و گەیاندن ,بەم شێوەیە ئەم کۆمپانیایانە نرخی یەك کیلۆ لە خواردنەکان بۆ هەر تاکێك دیاری دەکەن لە گشت جیهاندا , واتە دانیشتوان هیچ هەڵبژاردەیەکی نیە یان دەبێت بیکرێت یا دەبێت بەرگری برسیەتی و زەرەرەکان بکات وە ئەم کۆمپانیانە بەردەوام نرخی کاڵاکان بەرز دەکەنەوە .

ئێمەی دانیشتوان نازانین ئەم سیستەمە بەرەو کوێ دەڕوات و دەگات , ئایا دەبێتە هۆی لەناوچوونی سامانەکان لەسەر ئاستی جیهانی بەهۆی ئەو بازرگانیە زۆرانەوە , هەروەها جیهان ڕووبەرووی کێشەیەکی نادیار دەبێتەوە کەوا بە زیادبوونی ژمارەی هەژارەکان و دەوڵەمەند بوونی ئەو کۆمپانیایانەی لەپشت ئەم کارەوە ئەمەش دەبتە هۆی زیادبوونی ڕوودانی جەنگی ئابوری لەسەر تەواوی سەرچاوە و جۆرەکانی دەرامەتەکان , لێرەدا دەتوانین بڵێین دانیشتوانی سەر زەوی دەگەڕێنەوە ئەو سەردەمانەی کەوا جووڵەی داگیرکاری هەبوو بە شێوازێکی جیا و نوێ .

## بازرگانی نەوت و گازی سروشتی Trade in oil and natural gas

## بازرگانی نێو دەوڵەتی نەوتی خاو :International oil Trade

## تایبەتمەندیەکانی نەوتی خاو :Crude oil properties

نەوتی خاو و گازی سروشتی یەکێکە لەرەگەزە گرنگ و سەرەکیەکانی سووتەمەنی ووزە وە گرنگترینیانە بۆ بازرگانی نێو دەوڵەتی بەگوێرەی زۆری داواکاری بەرز و بەردەوام لەسەر ئەم دوو ووزەیە : دوای دەرهێنانی نەوتی خاو وەکو ماددەیەکی سەرەتای ئینجا پرۆسەی بازارکردنی بۆ ئەنجام دەدرێت ئینجا دواتر بۆ پاڵاوتن دەبردرێت بە ناوچەکانی تری دوور لە شوێني دەرهێنانیان , لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگ هەیە لە پرۆسە و میکانزمی گواستنەوەی نەوتی خاو لەنیچوان سەنتەری بەرهەمهێنان و پیشەسازی بەکاربردنی وە چالاکی جووڵەی بازرگانی نێو دەوڵەتیدا , پرۆسەی بەکارهێنانی سەرتایەی بەمەبەستی پێداویستی ناوماڵ و بەکارهێنانیان لە پیشەسازیە گەوەرکانی وەکو کیمیایی و پترۆ کیمیایی .

بازرگانی و گواستنەوەی نەوتی خاو بەشدارە لە بەرەیوەبردن و چالاککدرنی جووڵەی بازرگانی جیهانی وە بەدەستهێنانی توانست و توانای پەرەپێدنی ئابوری پێشکەوتوو بۆ ئەو دەوڵەتەی بەرهەمی دەهێنێت وە پەرپێدانی پەیکەری بەرهەمهێنانیش .

پترۆل بەزێری ڕەش یاخود بەنەوتی خاو دەناسرێت وە لە ئەنجامی پاشماوەی زیندەوەران لە قوولای زەریاکان و کەڵەکەبونیان و ماوەتەوە لەژێر قور وبەرد و لمدا لە قولاەیکی زۆری ژێرر زەوی . دواتر قۆناغی دروست بوونی بەردی نیشتەنی لە ئەنجامی پاڵەپەستۆیەکی زۆر و گەرمی تیشکی ڕۆژ و کەش و هەوا دەگۆڕێت بۆ مادەی قیری لینج ، ڕەنگی ڕەشە بەرەو سەوزە و بۆنێکی تایبەتی هەیە . تێکەڵی هایدرۆکاربۆنی مادەی سەرەکی نەوتە و شلەیەکی چەورە پترۆل نزیکی 8000 ساڵە بەکاردێت پێش چەندین چاڵ لە بیناکردن و چارەسەر کردنی پزیشکی بەکارهاتووە لەلایەن میسرییەکان دواتر امریکی ڕەسەنەکان وێنیەکان بۆ گەرم کردنەوە و انارە وچێشتلێنان وە ئەوروپیەکان بۆ دروست کردنی مەرهەمی چارەسەرکردنی پشت بەکاریان هێناوە . بەڵام پیشەسازی نەوتی نوێ لە سەدەی نۆزدەهەم لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی پێکردووە .

## پێشکەوتني بازرگانی نەوتی خاو :

نەوت و گیراوەکانی بەستراوەتەوە بە گواستنەوە بەسێ ئاڕاستەدا ئەوانیش :یەکەم / بریتیە لە بەکاربردنی ووزەی وەسیلەکانی گواستنەوە جۆراوجۆرەکان هەمان ووزەی دروستکراویان لەکاتی سووتانی نەوتدا , دووەم/ بریتیە لە نەوت و گیراوەکانی کەوا دابین کراوە بەشێوەیەکی نا پێشبینی کراوی مەوادە ئاسان بەکارهاتووەکان وە کەم تێچووەکان بۆ شۆستەی ڕێگا قیرتاوکراوەکان ئەویش مادەی قیر, بەڵام ئاڕاستەی سێیەم بریتیە لە پرۆسەی گواستنەوەی نەوتی خاو گیراوەکانی لەڕێگەی وەسیلە جۆاروجۆرەکانی گواستنەوە .

چووڵەی بازرگانی نەوتی خاو بۆ گواستنەوەی نەوت پێشکەوتني گەورەی بەخۆیەوە بینوە بەهۆی تایبەتمەندیەکانی نەوتی خاو بەهۆی توانای گواستنەوەی ئاسان بەهۆی بۆڕیەکانەوە وەلەڕێگەی بارهەڵگرەکانی کەشتی دەریایی و تانکەکانی شەمەندەفەر وە ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر و تانکەرەکان , بەتایبەتی دوای ئاسن بوونی گواستنەوە نوێکان کە بەستراوەتەوە بە پێشکەوتني تەکنەلۆژیایی گەورەوە ئەوەی لە گۆڕەپانی گواستنەوە لەڕووی جۆر و بڕەوە ڕوودەدات .

بازرگانی نێودەوڵەتی نەوتی خاو ستراتیژیەت و ئابوری زیاد کردووە بۆ ئەوەی سوودە جۆراو جۆرەکانی و بەکارهێنانی نێان ناوچەکانی بەرهەمهینان و بەکاربردن لە جیهاندا , وە بازرگانی نێودەوڵەتی نەوتی خاو کەوتۆتە ژێجر ڕکابەرایەتی و پێشبرکێ نوێی بەپشت بەستن بە وەسیلە خێراکان و تێچووی کەم , وە دەبەسترێتەوە بە تەکنەلۆژیا و بە ئاستی ئابوری و گەشەی وولاتان وە بەگوێرەی ئاستی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی جیهانی بۆ نەوتی خاو .

## هەرێمە جوگرافیەکانی جیهانی بۆ بازرگانی نەوتی خاو :

بەکارهێنانی گواستنەوەی نەوتی خاو بەبۆریەکان یەکەم جار لە ویلایەتی یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بنسلڤانیا ساڵی 1865 زاینی دەستی پێکردووە , بەڵام لە سەدەی بیستەهەم بەشێویەکی گەورە بەربڵاو بووەوە بۆ بەکارهێنانی ئەم وەسیلەیە , وە بوە هۆی فراوان بوونی هەناردەکردنی نەوتی لە نێو کیشوەرکان وەکو بۆریەکانی هەناردەی نەوت لە عێراق و دەوڵەتی کەنداوی عەرەبی وە ئەو دەوڵەتانەی بەدرێژای دەریایی ناوەڕاست و دەریایی کاریبی دەریایی قەزوین درێژبوونەتەوە .

ئاڕاستەکانی جیهانی نوێی گواستنەوەی نەوتی خاو و گیراوەکانی بە بۆریەکان بەرەو ڕێکەوتنی ئابوری دەچێت وە دیاری کردنی گومرگی ڕۆیشتنی بەنێو دەوڵەتە جیاجیاکاندا وە زیاتر دروستکردنی ئەو بۆڕیانە بۆ قەرەبوونەوە کردنەوەی دەوڵەتانی هەناردەکردنی نەوت لە بوونی کێشەی تەسکی بەرەی دەریایی وەکو دەوڵەتی عێراق یاخود نەبوونی هیچ درێژبوونەوەیەکی دەریایی نیە یاخود بەرەی دەریایی گونجاو نیە بۆ گواستنەوەی دەریایی بەهۆی بەستنی دەریاکان وەکو باکوری ڕووسیا.

## گواستنەوە بە بۆڕیەکان :

ئەم جۆرە گواستنەوانە بەیەکێك لە وەسیلەکانی گواستنەوەی جێگر دادەنرێت و کە تایبەتە بە گواستنەوەی نەوت لە پشتێنەیەکی فراوان جیهانی , لەم بۆڕیانەش :

1- هێڵی گوواستنەوەی نەوتی نێوان عێراق و سوریا و تورکیا .

2 - هێڵی گوواستنەوەی نەوتی نێوان سیبیریا و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا .

3 - هێڵی گوواستنەوەی نەوتی نێوان عئالاسکا بەرەو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا .

4 - هێڵی گوواستنەوەی نەوتی نێوان ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای سعودیە

5- هێڵی گوواستنەوەی نەوتی نێوان ئازربایـنجان وتورکیا لەبورای جێ بەجێ کردن دایە .

6- هێڵی گوواستنەوەی نەوتی نێوان ئێران و پاکستان .

## بازرگانی نێودەوڵەتی گازی سروشتی: International Trade for natural gas

گازی سروشتی بە یەکێك لە ستومەنیە گرنگەکانی سەردەم دادەنرێت وەباشترین سەرچاوەکانی وزەیە ,هەروەها بە جێگرەوەی سەرچاوەکانی ووزەی نەوت و خەلوز دادەنرێت چونکە لەکاتی سووتانی ڕێژەیەکی زۆری گەرمی دەردەکات هەروەها سەرچاوەیەکە ڕێژەی پیس بوونی کەمترە لە سەرچاوەکانی تر

بەجۆرێك ڕێژەی دەردانی گازی $CO_2$ی کەمترە بەبەراورد بەنەوت بەڕێژەی 29% وە بەڕێژەی 44% کەمتر لە خەڵوز ، ئەمانەش بوونەتە هۆکارێك بۆ بەرزبوونەوەی داواکاری زیاترو بەکارهێنانی زیاتری ئەم سەرچاوەیە لەم کۆتاییانەدا.هەرچەندە گواستنەوەی گازی سروشتی تێچوویەکی زۆری پێویستە چونکە گازی سروشتی لەشێوەی شلە یاخود مادەی ڕەق نیە وەکو نەوت وخەڵوز بەڵکو بەشێوەی گاز لە ناخی زەویدا هەیە وە پیویستی بە بۆری دەبێت راستەوخۆ کەلەسەرچاوەکەوە بۆ شوێني بەکاربردنی بگوازرێتەوە .

گازی سروشتی سوتەمەنیەکی دەرهێنراوە وەکو خەڵوزی بەردی و نەوتی خاو وەدەردەهێنریت لە عەمبارەکانی زەوی بەتەنها یاخود لەگەڵ نەوتی خاو لەکێڵگەی نەوتیەکاندا , وەبەشداره لە پیسبوونی ژینگەیی هەروەها گواستنەوەی ئاسانە بە بۆریەکان یاخود بە تانکەکان , وەیەکەم پرۆسەی بەکراهێنانی گاز وەکو سوتەمەنی ساڵی 1945 لە USA دواتر بەکارهێنانی زیاتر بوو وەکو سەرچاوەیەکی ووزە بۆ بەکارهێنانی ناوماڵ و دروستکردنی کارەبا و ئتۆمبێل وەکو سووتەمەنی بەکارهات لەساڵی 1996.

گازی شل چەند تایبەتمەندیەکی گرنگی هەیە ئەوانیش :

1 – پێویستە یەکەی دامەزراندنی (کارگەکان) شلکردنەوەی گاز لەناوچەی بەرهەمێنانی گاز بن .

2 – دروستکردنی کەشتی گازی (تانکی دەریایی ) بەمەبەستی گواستنەوەی .

3 – دروستکردنی یەکەی کارگەکان لە بەندەرکان بۆ گۆڕینی گازی شلی جارێکی تر بۆ گاز .

## پێشکەوتني بازرگانی نێو دەوڵەتی گازی سروشتی :

1 – بازرگانی گاز لە پشتێنەیەکی دیاریکراو دەستی پێ کرد لەنێوان دەوڵەتانی هەناردەکردنی ڕاستەوخۆ لەرێگەی بۆریەکانەوە بە تێچویەکی ئابوری گونجاو.

2 – دوای ئەوەی یەکەکانی گازی شلەوەکراو دروست کرا لە جەزائیر بۆیەکەم جار ساڵی 1964 بوو , بازرگانی کردنی نێو دەوڵەتی دەستی پێ کرد بەجۆرێك جەزائیر بەبڕی یەك ملیارو نیو مەتر سێجا بۆ بەریتانیا و فەرنسا هەناردەکرد.

3- دوای پێشکەوتني پیشەسازی کەشتی گازی بەهۆی تانکی دەرایی تایبەت بە گواستنەوەی گازی شل لە سەدەی حەوتەم بۆ سەدەی بیستەهەم , جووڵەی بازرگانی نێودەوڵەتی گاز زیادی کرد لەنێوان

ئالاسکا و ئەمریکای باکور و یابان ساڵی 1969 وە لیبیا و ئیسپانیاو ئتاڵیا ساڵی 1971 وە ئەندەلوسیا و یابان 1977 وە ئەبو زەبی و یابان 1977 .

4 – بازرگانی نێو دەولەتی گازی شل گەشەی کرد دوای کەم بوونی تێووی گواستنەوەی لەڕێگەی تانکی دەریایەوە بۆ ماوەیەکی زۆر بە درێژی 2900کم ساڵی 1977 لەنێوان جزائیر و بەریتانیا و فەرەنسا وەلەهەمان ساڵ لەنێوان ئەبو زەبی و یابان بۆماوەی 12000کم دواتر دووریەکە زیاتر کرا بۆ ماوەی 24000کم لەنێوان ئوسترالیا و ئیسپانیا بوو .

## هەرێمە جوگرافیەکانی جیهانی بۆ بازرگانی گازی سروشتی :

1 – ناوچەی ئاسیا دەگرێتەوە (یابان و کۆریای باشور و تایوان ) بەڕێژەی لە (78%) قەبارەی هاوردەکردنی بازرگانی نێو دەوڵەتی گازی شل لەجیهان دەگرێتەوە.

2 – ناوچەی ئەوروپا دەگرێتەوە (ئیسپانیا و فرنساو بلجیکا و ئەڵمانیا و نەمسا و تورکیا ) وە بەڕێژەی لە (20%) قەبارەی هاوردەکردنی بازرگانی نێودەوڵەتی گازی سروشتی داگیردەکەن .

3- بەڕێژەی لە (90% ) قەبارەی هاوردەکردنی بازرگانی جیهانی گاز دەگرێتەوە هەرەیك لە دەوڵەتانی ( رووسیا و کەنەدا و هۆڵەندا و نەرویج و جەزائیر و ئەندەلوسیا و مالیزیا) دەگرێتەوە

## وەسیلەکانی گواستنەوەی گازی سروشتی :

ا – هێڵی گازی سروشتی نیوان سیبیریا لە ڕووسیا و دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ئەوروپا .

ب – هێڵی گازی سروشتی(نورستریم) لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتانی ئەوروپا بە ووزەی (55 ملیار متر چوارگۆشە ساڵانە )

ج – هێڵی گازی سروشتی نابوکۆ لە نێوان ناوەڕاستی کیشوەری ئاسیا و ناوەڕاستی دەوڵەتانی ئەوروپا کەوا لە ترکمانستان و ئازربیجان دەردەچێت  دواتر بە هویەکانی تورکیا و بولگاریاو هنگاریا و نەمسا دەڕوات . لەبواری دروستکردن دایە

د – هێڵی گازی سروشتی  لە نێوان ڕووسیا و دەوڵەتانی ئەوروپا( سیلی باشور لەڕێگەی دەریایی ڕەش)

هـ- هێڵی گازی سروشتی لە نێوان ڕووسیا و  سین و هیند . لەبواری دروستکردن دایە.